# کوردی نەتەوەیی

# و

# نەتەوەی کوردستان

نووسینی : شێرکۆ هەژار

٢٠١٣

# ناوەرۆك

بەشی یەکەم : نەتەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا

١- بۆچی نەتەوەم ؟ چونکە نەتەوەم! .................................... ٧-١١

٢- بۆ نەمانی سنووری سیاسیی نەتەوە : سنووری سیاسیی نەتەوە پێویستە ١٢-١٥

بەشی دووەم : سەدەی بیستەمی کورد

٣- سەدەی بیستەمی کورد : سەرەتایەك .................................... ١٩-٢٤

٤- رەنگدانەوەی لافاوی بزووتنەوەی کۆمونیستیی سەر بە سۆڤیەت
لەناو چینی ناوەندی کورددا .................................... ٢٥-٢٩

٥- رەوشتێکی چینی ناوەندی کوردی کە خۆی دەکتێبی" الاکراد والعرب"دا
دیتەوە .................................... ٣٠-٣٤

٦- مەسیحای عەشیرەت و تەریقەت بۆ چینی ناوەندی دێتەوە .............. ٣٥-٣٩

٧- کورد بە چ حاڵێك دەگاتە کۆتایی سەدەی بیستەم .................................... ٤٠-٤٢

بەشی سێیەم : سەدەی بیستویەکەمی کورد

٨- سەرەتای هەڵوەشانی نەتەوەی کورد .................................... ٤٥-٥١

٩- کوردی نەتەوەیی .................................... ٥٢-٥٤

١٠- رێکخراوی کوردی نەتەوەیی .................................... ٥٥-٥٨

پەراوێز .................................... ٦١-٧٨

## لەجیاتی پێڕستی منی ئەم باسە

دوای تایپکردنی ئەم باسەم، کەوتمە سەر ڕێکخستنی " پێڕستی ناو"ی . بەڵام دوای بیست لاپەڕەیەکی، دیتم ئەوە لێرەدا بەزەحمەت هیچ کەڵکێکی هەبێت . بۆ زۆرترینی وشەکانی، مەگەر هەر بنووسم" هەمووکتێبەکە سەیر بکە "، چونکە بەدەگمەن لاپەڕەیەك هەیە "کورد ، فارس، بۆرژوا ، مارکس ... ئیدی" تێدا نەیەتەوە . لەبەرئەوە دوولاپەڕەی دوایی، کە بۆ" پێڕستی نـاو"م دانابوون، هەر وا سپی دەهێڵمەوە . تا ئـەگەر لەکاتی خوێندنەوەیدا قـەڵەمێکت بەدەسـتەوە بێت و بتەوێت، بتوانیت بۆخۆت پێڕسـتی وشـە و باسی جێمـەبەستی خـۆتیان تێدا بنووسیت .

شێرکۆ

بەشی یەکەم

# نەتەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا

# ١- بۆچی نەتەوەم ؟ چونکە نەتەوەم!

دەهەزار ساڵێك پێش ئێستا ، مەڵبەندێك بە شکڵی مانگێکی یەك-شەوەی گەورە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیسان گەرم بۆوە . دوا بەستەڵەکی- تائێستای- تەواوی زەوی، دوای سەدوەدەهەزار ساڵ، لەوێوە سەرەتای کۆتایی دەست- پێکرد(کە ئێستا هەر بەستەڵەکی دوو قوتبەکەی لێ ماوەتەوە) . مانگی یەك شەوەی بەپیت بووژایەوە، کشتوکاڵ وماڵیکردنی حەیوان هەنگاوی گرنگیان نا و، یەکەم شارانی تێدا دامەزران و، یەکەم دەوڵەت .

دیارە گیاندارانی کە بەکۆمەڵ دەژین پێویستیان بە نەزمێك هەیە کە پێوەندییان هەڵبسووڕێنێت . ئێمە ئەوەندەی دەربارەی نەزمیکۆمەلایەتیی ئەو ملیۆن ساڵەی- بێ لەم دە هەزار ساڵەی دوایی-ی تەمەنی ژیانی مرۆڤی دەزانین، دەکرێت بڵێین سیفرە . تەنانەت زۆر لەم دەهەزارساڵەش نازانین . بۆبەدبەختی،لافاوێکی رووباری فورات بەر لە نیزیکەی پێنجهەزار ساڵێك(١)، زۆر شوێنەواریگرنگی پێنج هەزارساڵی بەرلەخۆی سڕیونەوە و، یەکەم شاری دوای ئەولافاوە لە مەڵبەندی دوو رووباری پووڕانوون ( فورات) و ئیدیگلات (دیجلە)، زانایان دەڵێن دەبێت شاری "کیش" بووبێت (دەوروبەری حیللەی ئێستای عیراق) .

کیش بە حوکمی ئەوە کە شارێك بووە، واتا خەڵکێکی بەنیسبەت زۆر تێدا پێکەوە ژیاون، پێویستی بە نەزمێك، بە رژیمێکی ئیدارەی وەهاهەبووە، کە ئێستا ئێمە ئیتر پێدەڵێین رژیمی سیاسیی حوکم، دەوڵەت .

زۆر" دەوڵەتی شار" ی تریش هەر لە سنووری ئەو مەڵبەندی مانگی یەكشەوە بەپیتەدا دروست بوون . لەو یەکەم " شار- دەوڵەت" انەدا، ئەوکەسانەی گوێیان لێدەگیرا، دەبوو " وەحی"ی وەلامدانەوەی زۆر پرسیاری ئاڵۆزیان فریابکەوێت . سا ئەوەی بەبیریاندا هاتووە، چ خۆیان بە وەحییەکیغەیبییان دانابن و، چ بۆ بەرژەوەندێك رازاند- بێتیاننەوە و بە خەڵکی تری کەمتر زیرەکیان فرۆشتبن، ئەوا نەتیجەکە هەرئەوەبووە کە یەکەم دەوڵەتانی دروست- بوون دەوڵەتانی ئاینی بوون و، یەکەم تەفسیری ژیان و گەردوون لای مرۆڤ خەیاڵی ئەفسانەیی بوون .

زاوزێکردن وگەورەبوونی بنەماڵە و عەشیرەت و قەومو قیلە و، جیاوازیی نەژادو زمان و ئاین و جۆرەها بەرژەوەند و پێداویستی ژیان، وەحشیگەریی مرۆڤیان بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز هەڵخستووەتەوە(کە ئەو خۆی زۆرتری هەر لە یەك رووی دەنۆڕێت و بەوە ناوی دەنێت شارستانێتییکەونارا ،تمدن باستان ... ئیدی) . مەڵبەندی مانگی یەك- شەوە کەهیچ، ئیتر مانگی چاردەش چیتر بەشی حاوانەوەی ئەو هەمووە خەڵکەی نەدەکرد ،لەکاتێکدا کە مەڵبەندە- کانی تری جیهانیش تا دەهات ئاوو هەوایان پتر بۆ شارستانیەت دەگونجا . جۆرەها کۆچ و شەڕو هەرای ژیانی سەرەتایی قەومانی ئەو مەڵبەندە لەو سەردەمەدا، بناغەی گۆڕانی زۆرگرنگی چەندهەزار ساڵی مرۆڤی دوای

خۆیان دارشت ( کۆچی فینیقیەکان،عیبرانیەکان،هیندۆ- ئەوروپاییەکان،... ئیدی)، کە هێندێك ئیتر سەقامگیر بوون و، هێندێکیش هێشتا هەر کێشەو هەرای سەرەتایی ئەوسایان بۆ چارەسەر نـەکراون و، لە دەرەوەی جەغزی مێژووی ژیاریی هاودەمی خۆیان دەژین .

تـەوراتی عیبرانیەکان، هـەرچەندە پتر لە هەزارساڵ بەر لە زاین دەستی پێکردووە، بـەڵام تۆمارکردنی تەواوی و رێکخستنی،لە یەکەم سەدەی پێش زاین و یەکەم سەدەی دوای ئەوەدا روویداوە . لەوێدا، مرۆڤ، بەگوێرەی جیا- وازیی نەژادو زمان،کراونە سێ بەش و، ئەوە بە شێوەی ئەفسانەیی ئاینەکان دراوەتە پاڵ سێ کوڕی نووح : سـام ( زۆرترنەژادی نیمچەدورگەیعارەب) و حام ( زۆرتر پێستڕەش) و یافث (هێندۆ-ئەوروپایی)،کە دە زاراوەسازیی نوێی زانایانی ئەوروپادا کەڵکیان لێوەرگیرا و، ئێستاش زاراوەی نەژادی سامی و زمانە سامیەکان زۆر بەکار- دێن . دەستەیەکی تری سامیەکان، ئاینی ئیسلامیان هێنا و، دابەشکردنی مرۆڤیان - بە قسە - بەگوێرەی ئاین بە چەند ئوممەت دابەشکرد، کە بەکردار تـەنانەت پرۆژەی خودی ئوممەتی ئیسلامیش دە یەك کیانی سیاسیدا سەری نـەگرت و، هەرعارەبی خاوەنی خودی پەیامەکەش نەبوونە یەك و، فەرهەنگیشیان - بـەڵام بە زاراوەسازیی تر- لە جەوهەردا شتێکی ئەوتۆی لێ نـەگۆڕا .

کەواتە مرۆڤ، پێنج هەزارساڵی رابردووش، وەکو یەك ملیۆن کەم پێنج هەزارساڵی پێش ئەوە، نـەیتوانی نـەزمی پێکەوەژیانی لەسەر زەوی، دوور لە دڕندەیی و چەوسانەوە رێك بخات .

جۆرەها دەوڵەت ( ئەمارەت، پادشایی، ئیمپراتۆری ... ئیدی) دروست کردن،کە سەرتاسەر،کەم تا زۆر بەندەگەری بوون . مرۆڤ نـەیتوانی رێگای ئازادی و بەختیاریی خۆی دابین بکات . بەڵام دیسان، بە ئەو خەیاڵەی کە مرۆڤ لە حەیوانی تر جیادەکاتەوە(٢) کەسانێکیشی هەبوون و هـەن کە بیریان بۆ لە قۆناغی ژیانی خۆیان پتر دەڕوات، بیر لەم کارەساتەی مرۆڤ دەکەنەوە و دەیانەوێت چەوسانەوەی نـەتەوایەتی و چینـایەتی و هەر تـاکێك ( لە ئاستی خێزان، کەسوکار... ئیدی) دا نـەمێنێت و، بگاتە نەزمێك ئازادی بۆ دابین بکات و، بەوە بەختیاری لە جیهانی بێ هیچ جۆرە چەوسانەوەیەك و، سەرکەوتن لە تەبیعەتدا وەدەست بهێنێت .

ئەوە کە قەومێك،کۆمەڵە مرۆڤێکی هاوزمان و هاومەڵبەندی ژیان لە یەك شاردا جێیان نەبێتەوە( یا بەهەر هۆیەك بێت، قەڵەمڕەوییان بەرینتر بکەنەوە) و، ژیانیان لە چەندین شارو دێهاتی سەر بەوانەدا بە نـەزمێك هەڵبسووڕێنن، قۆناغی دووەمی لەبەرچاوی پەرەسەندنی ئاسایی دەوڵەتی قەومی یەك شارە .

سومەریەکان و قەومە سامیەکان، بەهۆی جیاوازیی قەومی(نەژادو زمان و زێد) دەوڵەتانی جیاوازیان پێکهێناون و - بەهۆی وەحشیگەریی مرۆڤ - نەیانتوانیوە جگە لە رێگای شەڕو هەرا، بە هیچ شێوەیەکی تر لەگەڵ یەکتر بدوێن. هەمان قەوم بوون بە چەند قەوم و، جوغرافیا شێوازی جیاوازی هەمان زمانی پەرەپێداون و بوونە زمانی سەربەخۆی هەمان خێزان و ....، قەوم هاتوون و ئیدی تواونەوەو، خودایان و ئاینان هاتوون و ئیدی نەماون و... هێشتا ئێمە لەیەکەم پلەکانی مێژووی مرۆڤداین ( یەکەم ملیۆن ساڵی)، نازانین چەند قەومی تر نامێنن و چەندی تر دروست دەبن و، چەند ئاین و خودا وەکو هەمیشەی رابردوو دێن و دەچن. ئەوانەی ئەمڕۆ پێ لە سەر ئەبەدیەتی سنووری دەوڵەتیان دادەگرن، حەقەن بیریان زۆر سادەو کاڵ و کرچە. بە تایبەتی نموونەی ئیمپراتۆریی فارسەکان (بە ناوی ئێران)، هەر لە کاڵ و ماڵ دەرچووە، جگە لە" شێوانێکی عەقڵیی سەخت" رەنگە وەسفێکی تری پڕ بە باڵایان بۆ وە دەست نەیەت، وادیارە بەهۆی کۆنییەوە خەرەفاون و فلتە- فلتی پیریی تەرکی دنیای فانییانە. ئەگەر وەکو نەتەوەی ئەمریکای ئێستا لاو بوونایە ( کە لە سەدەی هەژدەوە نەتەوەیە) و عەقڵیان باش کاری بکردایە، رەنگە وا شێت نەبوونایە.

یەکەم قەومی سامی کە هاتنە سەر وڵاتی سومەر و یەکەم شاریان تێدا دامەزراند ( شاری ئاگادا، ئیتر لەوەوە بە " ئەکەدی" ناوبران) بە یەکپارچەیی نەمان، بوون بە دوو بەش، بەشێکیان لە باشوور" بابل" پایتەختیان بوو و بەشەکەی تر لە باکووری ئەوانەوە " ئاشوور"یان دامەزراند و، بەو جیابوونەوەیە ئیتر دوو شێوازی زمانیشیان پەرەپێداو لەدواییدا بوون بە دوو قەومی تەواو جیاواز. ئێستا شتێك بەناوی" قەومی بابلی" نیە، ئاشووری بە شێوەی زۆر لەوسا جیاواز هەن و بە زمانی ئارامی(قەومێکیتری کۆنی سامی، نەك زمانیکۆنی ئاشوور) دەدوێن (و دەنووسن). بە هەمان شێوە، زۆر نەتەوەی بەهەمان نەژادو زمانو یەك مێژووی کۆنەوە ئێستا بەشێوەی چەندین نەتەوەی جیاواز دەژین، هەر بەنموونە: دەوڵەتە سپانیایی زمانەکانی ئەمریکای باشوور.

کۆمەڵە مرۆڤێك کە خۆیان پێ لەهەمان یەك کۆمەڵگایە و دۆخی تەبیعیی ژیانیان لە زێدیاندا وێکڕا دە یەك هەمان دەوڵەتی هەر خۆیاندا دەوێت و دەکرێت، ئەوانە نەتەوەن.

ئەوانە لە چەندە نەژادو چەندە زمان و چەندە مێژووی رابردوو و چەندە شتی تری وەکو یەك یا جیاواز پێکدێن یا نایەن مەسەلەیەك نیە. مەسەلە ئەوەیە کە ئەوانە وێکڕا هەمان ئەو هەستەیان هەبێت کە یەك کۆمەڵگان و هەمان ئەو یەك ویستەیان هەبێت کە پێکەوە ژیانیان دە یەك دەوڵەتدا هەڵبسووڕێنن و،ئەوە( ئەگەر رێگایان لێنەگیرێت)

لەتوانادا بێت . دەنا هەر قالبێکی تری بەسەریاندا سەپێندرابێت وبەڵگەیەکی تریان بۆ داتاشرابێت، ئەوا دەبێتە درێژەپێدانی بەندەگەریی وەحشیگەریی رابردووی مێژوو و،کارەساتی بۆ هەموو لایەك تێدا دەبێت و هیچی تر .

ئەو هەستەی نەتەوەبوون نە هەر وا لە ئاسمانەوە باریوە، نە هیچ " بۆچی؟ "یەك هەڵدەگرێت، نە پێویستی بە هیچ باسێك هەیە . ئەوە حوکمێکی تەبیعەتە، مرۆڤ لەسەر زەوی وا پەرەدەستێنێت، من وا هەستدەکەم،کۆمەڵگایەکەم دەمەوێت وەهابژیم، کەواتە وام . من ( بە هەست و ویست و توانای ماددی ) نەتەوەیەکم، کەواتە نەتەوەیەکم . یەك خاك و یەك زمان و یەك مێژوو و نازانمچی، ئەوانە بۆ تەفسیری دواییەن، نە مەرج و نە هیچ، بۆ دوایی کە مرۆڤ حەزبکات بزانێت چۆن وا شکاوەتەوە کە ئەوانە بوونە یەك نەتەوەی سەربەخۆ . بەڵێ، دەکرێت هەر ئەو مەرجانە بوونە هۆی ئەو نەتەوەبوونەو دەشکرێت بە هیچ جۆرێك وا نەبووبێت . بەنموونە ئوردونی و فەلەستینی، بە بێ هیچ - هیچ جیاوازییەك (لە هیچ کام لەو- بەناو- مەرجانەدا) دەیانەوێت دوو دەوڵەتی جیاواز بن . بۆچی ؟ چونکە فەلە- ستینی وەهایان دەوێت و تەواو . بەڵێ دەکرێت کەسێك حەزبکات بزانێت چۆن بوو وا شکایەوە کە فەلەستینی ویستیان دەوڵەتی لەوەی ئوردونیان جیاواز هەبێت، بەڵام هیچ لە واقیعی مەسەلەکە ناگۆڕێت . ئەوەش کە بەشێك لە هیندییەکان لە سەدەی بیستەمدا ، بۆ" ژیانی ئیسلامی"، لە نەتەوەکەیان جیابوونەوەو نەتەوەیەکی نوێیان دروستکرد ، وا ئێستا مسوڵمانی بورماش دەیانەوێت وەکو ئەوان بکەن، دەکرێت دوای ئەو دووانەش رووبداتەوە و دەکرێت لە هیچ کوێی تر ئیتر روونەداتەوە ... ئیدی بەو جۆرە . هەر نەتەوەیە، نەتەوەبوونەکەی ( هەست و ویست و توانای ماددیی دەوڵەتی خۆی) بە جۆرێك بۆ شکاوەتەوە کە مەرج نیە تێدا وەك هیچ نەتەوەیەکی تر بێت .

نووسەرێك لە باسی هەویەتی نەتەوەبوونی ئەمریکاییاندا دەڵێت : " پێوەندیی هاونەتەوەیی دوو ئەمریکایی بریتیە لەوە کە هەرتك دەزانن یەك دۆلار دەکاتە سەد سەنت!"، کە ئەو قسەیە هەرچەندە زۆر رەمزییە، بەڵام دیسا هەر جیاوازیی سەرەکیی جەوهەری دوو نەتەوەی پاکستان و وڵاتە یەکگرتووەکانیئەمریکا پیشان دەدات . بەهەمان شێوە دەشکرا بڵێت پێوەندیی هاونەتەوەیی دوو" ئەماراتی" ( لە یەکێتیی حەوت ئەمارەت) بریتیە لەوە کە هەرتك دەزانن شەشگالۆنی ئەمریکایی نەوت دەکاتە پێنج گالۆنی ئینگلیس! نەك هاوقەومی و هاوزمانی و هاوسێیی ( هەمان هۆی کە رێگای نەدا قەتەرو بەحرێنیش پێشنیاری چوونە ئەو ئەماراتە قەبووڵ بکەن) .

دیسا بەنموونە، هۆڵەندا ،کە مەلیکەکەی (هەم باوکی ئەڵمان بوو و هەم مێردی) بەرەسمی پێیدەگوترێت" مەلیکەی هۆڵەندا ، شازادەی فان ئۆرانیە - ناساو". ئەو ناوەی لە باوەگەورەی ئەڵمانی ( ناساو ، ماڵە نەجیبزادەیەکی ئەڵمان لە ئەڵمانیا) و " ئۆرانژ" ( ناوی گوندێکی فەرەنسا کە کەسێکی ئەو ماڵە ( ڤیلم )، سەدەی شازدە بە پێشنیاری

پادشای سپانیا ، بەمووچە وەریگرتووە)، لە پەرەسەندنی نەتەوایەتیدا ڕێبازێکی هەبووە، هەم لەوەی ئەڵمانیاو هەم لەوەی فەرەنسا جیاواز بووە . وڵاتێکی وەکو" قەتەر"، دەکرێت ڕێبازی پەرەسەندنی ،چ بەتەنیاو چ بە توانەوەی لە چەند شێخنشینییەکدا، بەشێوەیەك بێت بەتەواوی لەوەی پەرەسەندنی‌نەتەوایەتیی- بڵێین-" تونس" جیاواز بێت .
ئەوەش کە عارەب بەهەموویان کیانێکی یەك نەتەوە پێك بهێنن، ڕەنگە لە ئارەزووی دەستەیەکی کەمی خەڵکی عارەبزمان پتر نەبێت( ئارەزووی یەکێتیی‌یۆنان پتر لە دووهەزارساڵ لای نیسبەتێکی زۆرپتری یۆنانیەکان هەبوو تا ساڵی ١٨٢٩- بەشی زۆری - پێکهات)، لەکاتێکدا کە یەکێتیی- دیسان- ئوممەتی ئیسلام(ی سوننی) لە یەك دەوڵەتدا ئێستا لەناو عارەبدا لایەنگرانی زۆر پتری لەوەی لایەنگرانی یەك ئوممەتی عارەب لە یەك دەوڵەتدا هەیە، چونکە ئیمپراتۆریی فارسەکان ( ئێران ) مەزهەبێکی ( شیعە) لە هەمان ئاینی بەئەسڵ عارەب، زۆر بە چالاکی بۆ ڕەقابەتی دەوری چەند نەتەوەی عارەب زمان بەکاردەهێنێت . ئەوەیە حوتیە عارەبەکانی یەمەن و زۆربەی عارەبە شیعەکانی لوبنان خەون بە یەك نەتەوەیی لەگەڵ ئێرانی ئیسلامیدا دەبینن، نەك " أُمةٌ عربيةً واحده ".
لە وەحشیگەرییەکانی پێشتریشدا ئەو بەکارهێنانانەی مەزهەبانی جیاوازی ئاین و، خودایان و پێغەمبەران و... ی جیاواز هەر هەبوون، کە وا ئێستا لە ژیانی ڕۆژانەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەندە دەوردەبینێت . بەڵام ئەوە ئێستا بەهۆی دۆلاری نەوت و سەنعەت و ئیستیخباراتی دنیای ئابووریی یەکەم و دووەم سەری تریشی لێ ڕواون، وەك ئەوەی بڵێیت چەند پرۆژە لە ئارادان :" نەتەوەیەکی عارەبی سوننیی بەنەوت" و" نەتەوەیەکی عارەبی سوننیی بێ نەوت" و" نەتەوەیەکی فارسی شیعەی بەنەوت " و" نەتەوەیەکی تورکی‌عوسمانیی نوێ" چمکی کەوا- یان بەدەمەوە گرتووەو بەرەو لوتکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - بە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - ڕادەکەن ( بۆ جیاکردنەوەیان لە ئیسرائیل،کە بە ڕژیمی سیاسیی زۆرترهەر دوورگەیەکی فەرهەنگیی ڕۆژئاوایە و، لەدەرەوەی جەغزی فەرهەنگیی دەوروبەرییەتی) . بەڵام دیارە ئەوەی ئێستا لەبەرچاوە، دەکرێت سەدەیەکی تر، یا تەنانەت زووتریش، بەتەواوی جیاواز بێت .

خەونی مرۆڤ لە هیچ سنوورێکدا ناوەستێت و، هەر رووی لە نەهێشتنی سنوورانە، بەڵام ئەوەش بە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکان دەستپێدەکات، تاکو دوای ئەوە بە رێگای یەکێتی و نەمانی سنووران و لە هەرە دواییدا بە نەمانی دەوڵەتانیش بگات. بازدان بە سەر مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی نەتەوەکان بە هەر بەڵگەیەك بێت، شێواندنی پرۆسەی رۆیشتنی مرۆڤە بەرەو نەمانی سنوورە نەتەوایەتیەکان. سەرکەوتنی پەیژە دەبێت پلە بە پلە بێت، فڕین و بازدان کاری باڵندەو هێندێك حەیوانە،نەك پەرەسەندنی قەومەکانیمرۆڤ. تۆوی میوەی دارێك، بە چەندین قۆناغ دەڕوات تا میوە بەرهەم دەهێنێت. تۆ ناتوانیت بە تۆوی سێوێك خستنە زەوییەوە، سێو بەرهەم بهێنیت. مرۆڤ کە لەدایك دەبێت ناتوانێت دەست بەجێ ببێت بە باوك یا دایك، خۆ دەبێت ساوایی بەسەربەرێت، منداڵی و مێردمنداڵی و بە چەند قۆناغدا بڕوات تا بوونی بە باوك یا دایك لە توانادا دەبێت. دەبێت قۆناغ بە قۆناغی پرۆسەیەك بە تەواوی تەواوبکەیت تا بەوە دەگەیت و، ئەگەر هەر کام لەو قۆناغانە بە باشی بە ئەنجام نەگەیەنیت ئەوا تەواوی ژیانەکە، چ ژیانی مرۆڤ و چ دارودرەخت و چ هەرچی بێت، دەشێوێت و هیچی لێ دەست ناکەوێت.

شەڕو پێکدادانی وەحشیگەریی مرۆڤ، جۆرەها ئیمپراتۆریی پێکهێناوە، کە چەندین قەوم بە هێزی شمشیرو یا - هێندێك جار- ئاین وێڕا، کراونە ژێردەستەی کەسێك یا دەستەیەکی قەومێکی تر. ئێستا شوێنەواری ئەو وەحشیگەرییەی ئیمپراتۆری لەوەدا دەبینین کە پێیدەگوترێت "ئێران": نەتەوەی "فارس" تێدا بە ناوی "ئێران" چەندین نەتەوەو نیشتمانی داگیرکردوون و، بە بەڵگەی" مافی وەحشیگەری"ی چەندین سەدەی مرۆڤی پێشتر، چ وەحشیگەریی رژێمی پادشایانی خۆی و چ وەحشیگەریی رژێمی پادشایانی رابردووی ئەو نەتەوەو نیشتمانانە، ئامادەنیە لە سەدەی بیستویەکەمدا کەمترین پلەی ئازادیی ئەو نەتەوەو نیشتمانانەی ژێردەستی قەبووڵ بکات. بەڵام، هەر وەك ئیمپراتۆرییەکانی پێش ئەوەی فارس نەمان، ئیمپراتۆریی فارسیش حەقەن هەڵدەوەشێت. هەر بۆ نەمانی سنوور لەنێوان کوردو فارس و عارەب و تورك و قەومەکانی تری رۆژهەڵاتیناوەڕاستدا، پێویستە سەرەتا هەموو سەربەخۆ بن و، ئەو قۆناغە بە گەیشتنیتەواوی بگەیەنن، تاکو بکەونە سەر باسی جەغزی بەرینتری ئۆرگانیزەی مرۆڤایەتی و، بەرەو ئەوە بڕۆن کە هیچ سنوورو پەساپۆرت و لەمپەرێك نەك هەر لە نێوان خۆیاندا، بگرە لەسەر سەرتاسەری ئەستێرەی زەوی نەمێنێت.

گوتمان فەلەستینیی کە لە هەموو روویەکەوە لەگەڵ خەڵکی ئوردوندا یەکن، تەنانەت لە رووی جوگرافیاشەوە

ڕەنگە نیوەی قەومی ئوردون (هەر لە شاژنەوە تا گەدای سەر ڕێگا) لەو شوێنانەوە هاتبن کە بەر پرۆژەی دەوڵەتی فەلەستین دەکەون، لەجیاتی بوونە بەشێك لە ئوردون، دەیانەوێت دەوڵەتێکی تایبەتیخۆیان لە شریتێکی باریکی نێوان ئوردون و ئیسرائیلدا دابمەزرێنن. ناسیۆنالیستی عارەب کە یەکێتی هەموو دنیای عارەب بە ئامانجی پیرۆزی خۆیان دادەنێن، پشتگیری لەو جوداخوازییەی سەربەخۆیی فەلەستین دەکەن و، پێیان ناڵێن بەشێك بن لە دەوڵەتی ئوردونی عارەب، بۆچی ؟ چۆن دوو دروشمی پشتگیریکردن لە" یەکێتی کیانی سیاسیی عارەب" و لە " جوداخوازیی کیانی سیاسیی عارەب " دەگونجێن ؟ کە ئەو پرسیارە لە ناسیۆنالیستانی عارەب دەکەیت، دەڵێن دوای سەربەخۆیی فەلەستین و پەرەسەندنێکی مێژوویی، ئەوجا پرۆژەی یەکێتی ئەو فەلەستینە لەگەڵ ئوردون و دەوڵەتانی تری عارەبدا دەبێتە قسەیەکی واقیعی و مەنتیقی، نەك پێش ئەوە (٣) .

ئەوە کە بۆچی مێژووی فەلەستینیەکان وا شکاوەتەوە کە ئەو هەست و ویستەیان هەیە، ئەوە وەڵامەکەی هەرچی بێت یا نەبێت،لە مەسەلە ناگۆڕێت و ،عارەب- بەتایبەتی ناسیۆنالیستە"وحدە"خوازەکانیان- ئەوپەڕی پشتگیریی لێ دەکەن . منیش بەهەمان مەنتیق، بەڵام لە دنیایەکی زۆر بەرینتردا ، لە ئاستی یەکێتی مرۆڤایەتی دەدوێم، دەڵێم دەمەوێت سنووری نێوان کوردستان و وڵاتانی عارەب و فارس و تورك و چینی و موغۆلی و هۆڵەندی و نەرویجی و... هەمووی نەمێنێت، مەگەر هەموومان مرۆڤی سەر هەمان زەوی نین ؟ بەڵێ، دە با بۆ خاتری ئەوە لە پێشدا هەموومان سەربەخۆ بین، تا دوای ئەوە پەرەسەندنی مێژووییمان بەرەو ئەو مرۆڤایەتییە بێ سنوورە هەنگاو بنێت .

" باکونین" (١٨١٤-١٨٧٦) ی رووس، ئانارشیستی بەناوبانگ، کە دژی دوو شت بوو :" ئاین و دەوڵەت"، بۆ خەباتی لەپێناوی نەهێشتنی دەوڵەتدا ، دەیگوت دەبێت ئیمپراتۆرییەکان هەڵوەشێن و نەتەوەکان دەوڵەتی سەربە-خۆی خۆیان پێکبهێنن . دەیگوت : " نەتەوایەتی، وەکو تاك، حەقیقەتێکی ژیانە، نەك بیروباوەڕ". ئەوەبوو لە هەر شوێنێك نەتەوەیەك بیویستایە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی پێکبهێنێت، باکونین پشتیدەگرت و، دواجار ویستی بچێتە پۆڵەندا بۆ بەشداری لە شۆڕشی سەربەخۆیی ئەوێدا ، بەڵام بۆی پێکنەهات، دەیویست لەگەڵ گاریبالدی ( ١٨٠٧-١٨٨٢) ی ئیتاليا بەرەی خەبات بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکانی ئیمپراتۆریەکان ( لەوانە : عوسمانی) پێك-بهێنن ... ئیدی . کەواتە، بە هەموو پێوانەیەك، بە مەنتیقی ئانارشیستانیش، وجودیەکانیش ( ئێکزیستانزیا-لیستان) وهەرچی مەنتیقی زانستیی دنیا هەیە، سەربەخۆییکورد دە دەوڵەتی نەتەوایەتییخۆیدا یەکەم هەنگاوی بەشداریی کوردە دە ژیانی مرۆڤایەتیدا و، هەر شتێکی لەوە کەمتر بریتیە لە بەندەگەری و درێژەپێدانی وەحشیـ-

ـگەریی ئیمپراتۆریی کۆن و هیچی تر .

من کە دەڵێم" کوردی نەتەوەییم"، ئا بە ئەو مەنتیق و مەبەستەی دەڵێم، چونکە رقم لە سنووری نێوان نەتەوەکانی مرۆڤەو دەمەوێت نەمێنن و ، بۆ ئەوە ،دەمەوێت نەتەوەکەی منیش بێتە سەر رێگای پرۆسەی پەرەسەندنی بەرەو ئەوە، کە بە " دەوڵەتی نەتەوایەتی" دەست پێ‌دەکات . ئەینا ئاخر چۆن" نێونەتەوایەتی" بە بێ بوونی نەتەوەکان دەبێت ؟ مەگەر نابێت لەپێشدا " نـەتەوە" کان هەبن تا ئەوجا " نێو"یش هەبێت ؟ منێکی نەتەوەیی کـوردو باکونینێکی ئانارشیستی رووس و سارترێکی وجوودیی فەرەنسا ، هەموومان لەوەدا وەکو یەك، هەمان یەك ئامانجی دووری مـرۆڤایەتیمان لەبەرچاوە . ( " مارکسیزم"یش لە رووی پرەنسیپەوە دەیەوێت، بە رێگایەکی خۆیدا ، لەدواییدا بە هەمان مەبەست بگات (٤)) .

ئەسڵەن، ئەخلاقێك، بیروباوەڕێك، فەلسەفەیەك،هیچ شتێکی جێی قەبوولی ئەم سەردەمە لەدنیادا نیە کە پاکانە بۆ دژایەتیی ئازادی و سەربەخۆیی تاك و نەتەوەکان بکات و ، نکوڵی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی تاك و نەتەوەکان بکات .

من خۆم بە شەخسی، کەسانێکی هۆڵەندیی بۆ یـەکێتیی ئەوروپا زۆر بە تەعەسسوب دەناسم، لە شـەڕی دووەمی جیهانیدا ، بۆ وەدەرخستنی ئـەڵمانی بێگانە لە نیشـتمانیـان، چەکیـان هـەڵگرتووەو بوونەتە پارتیزان و ، ئێستا بە ئەوپەڕی گەرمی لەسەر یەکێتی ئەوروپا دەکەنەوەو داوای نەمانی هەر جۆرە سنوورێك لەنێوان هۆڵەنداو ئەڵمانیادا دەکەن . هیتلەر دوو قەومی هـاوسـێی کردنە دوژمنی یەکتر و ، دوای دیسان سـەربەخۆیی هۆڵەندا و هەڵبژاردنی ئازادانەی هەر دوو قەوم، تەبیعی کە هەر دوولا بەرژەوەندیان لە یەکێتیدا دەبیننەوە . یەکێتی هەمیشە بەکەڵکە و پێویستە .

ئەگەر فارس و عارەب و تورك و قەومەکانی تری رۆژهەڵاتی‌ناوەڕاست بیانەوێت هیچ سنوورێکی سیاسی لەنێوان ئێمەو ئەواندا نەبێت، دەبێت پشتگیری لە سەربەخۆییمان بکەن، کە نەیکەن کەلەبەری سنووری نێوانمان بەرینترو بەرینتر دەکەنەوە و ، لەجیاتی رێگای پەرەسەندن بۆ یـەکێتی، هەر بە رێگای دوژمنایەتیی خوێنینماندا دەبەن و ، ناچارمان دەکەن هەموومان ببین بە پێشمەرگە بۆ وەدەرنانیان و سروودی " لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان" ی پێشمەرگایەتیمان لێ ببیسن :

چەندی سەرکەش هەوڵی داوە کورد نەهێڵێ
خـاکی کـوردستان بە بۆمبا و چەك بکێڵێ

هەڵدێراون لەم کێوانە، بوونەتە پەندی زەمانە

ئەم وڵاتە گۆڕستانی دوژمنانە

ئـەگەر ، لەجیاتی ئەوە، یارمەتیی سەربەخۆییمان بدەن، تەبیعی ئەوسا بە نەتەوەیەکی دۆستیان دادەنێین .

هەڵبژاردنەکە بەدەست ئەوانە، ئایا دەیانەوێت هەڵیاندێرین لەمکێوانەو بیانکەینە پەندی زەمانە یا بە نەتەوەیەکی دۆستیان دابنێین و، دوای سـەربەخۆییمان - ئەڵمانیا و هۆڵەندا ئاسایی - لەگەڵیان دابنیشین بیر لە بەشداریی جۆرەها پرۆژەی هاوکاری و یەکێتی و نەهێشتنی سنووران بکەینەوە .

بەشی دووەم

# سەدەی بیستەمی کورد

لە کاتێکدا کە ئیمپراتۆرانی ئەوروپا، تا پێش چەند سەدەیەکی کەم، توانیان بە رادەیەکی زۆر پێش بە دەنگی نەتەوەیی قەومەکانی ئەوروپا بگرن و، تەنانەت بەوەیان گەیاند کە تەعریفی نەتەوە لای گەلانیان بهێننە سەرئەوە کە بریتیە لە تابیعانی ئیمپراتۆرێك یا پادشایەك، رۆژهەلاتی ناوەراست جیاواز بوو . هەستێکی جیاوازی و حەساسیەت و تەنانەت شەرو دوژمنایەتیی قەومییش لە رۆژهەلاتی ناوەراست دەگەرێتەوە پتر لە هەزار ساڵ. ئەو جنێوانەی کە فیردەوسی بە عارەبی داون (١٠١٠)، هەر نموونەیەکە لە کێشەیەکی کە پێش ئەو هەبووەو و دوای ئەویش و تا رۆژی ئەمرۆش درێژەی هەیە . دیباچەی مەم و زینی خانی (١٦٩٤) بۆ ئەوە نموونەیەکی روونتریشە، کە زۆر لە بیری نەتەوایەتیی سەدەی بیستەم نیزیك دەبێتەوە . هەرچەندە ئەو هەستە لەناو تورکداهەرە کز بووە و، نەتەوایەتیی تورك سەرەتای سەدەی بیستەم و بە تایبەتی بەهۆی شەری جیهانیی یەکەم و نەتیجەکانییەوە هەر کەوتبووە بەرپرسیاری مان و نەمانەوە، بەلام لە سەرەتای سالانی بیستی سەدەی بیستەمەوە کیانێکی نەژاد- پەرستی سەیری زۆر خوێناوی و درندەی لێ پەیدابوو(١٩٢٣) و، توانی نیزیکەی نەوەدساڵ بە چەکمەی عەسکەر درێژەی هەبێت، تا ئێستا وا رزین و ریسوابوونی خەریکە سەر لە ئاسۆ دەردەهێنێت( کیانێکی ئاوا نامەنتیقی و سەیروسەمەرەی عەسکەر، لە کیانی سۆڤیەت پتر تەمەن بکات، هەرچەندە ئەوانە دوو دۆخی زۆر جیاوازن بەلام هەر شتێکە زۆر سەرنج رادەکێشت) .

لە سەدەی نۆزدەوە، هەست و حەساسیەتی لەمێژینە لەلایەك و، سەرنجدانی بیری" دەوڵەتی نەتەوە"ی نوێی ئەورو- پاییان و،بەتایبەتی دوای لێکهەڵوەشانی دوو ئیمپراتۆریی ئوتریش - مەجارستان و عوسمانیی سەدەی بیست لە لایەکی ترەوە، گورو تینێکیان بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی رۆژهەلاتی ناوەراست ( و ئەوروپای رۆژهەلات و زۆر بەشی تری جیهان) دا . رزگاربوون لە ژێردەستەیی کیانی تر و پێکهێنانی کیانی نەتەوەی سەربەخۆ، لە دوو سەدەیەکی رابردوودا،- بلێین- لە نێوان سەربەخۆیی یۆنان (١٨٢٩) تا بە کۆماری باشووری سوودان دەگات (٢٠١١)، پتر لە سەدو پەنجا دەوڵەتی بەرهەم بوو . لەوبەیندا، تەنیا ئیمپراتۆریی فارسەکان ( بەناوی دەوڵەتی ئێران) زۆر سەیر لە هەڵوەشان خەلەست و، ئەو پەلەی عارە تا نووسینی ئا ئەم دێرانەش هەر ماوەتەوە . ئەوە بە رادەی یەکەم کارەساتی بێهۆشیی نەتەوە ژێردەستەکانی دەنوێنێت، کە نەیانتوانی تەنانەت لە هەلی هیچ کام لە دوو شەری جیهانیی سەدەی بیستەمیشدا لە بەندەگەریی ئەو ئیمپراتۆرییە سەربەخۆ بن .

کوردیش، لە سەدەی نۆزدەوە، بۆ شکاندنی بەندی کۆیلەیی ئیمپراتۆرییان و سەربەخۆیی نەتەوایەتیی راپەڕی، کە بزووتنەوەی بە رابەریی شێخی نەهری (١٨٨٠) لەو رووەوە هەرە لەبەرچاوە. سەدەی بیستەمیش، چەندین هەوڵی پێکهێنانی دەوڵەتی کورد هەبوون، کە دوامینیان راپەڕینی ئارارات (١٩٢٩-١٩٣١) ی خۆیبوون ( دامەزران ١٩٢٧) وکۆماری کوردستانی مهاباد(١٩٤٦)ی ژێکاف (دامەزران ١٩٤٢ ؟) بوون. رێکخراوی نەتەوەیی‌کورد دوای ئەو دووانە ( خۆیبوون و ژێکاف) ئیتر سەری هەڵنەدا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەژنۆی شکا، کورد ورەی بەردا، بانگی سەربەخۆیی لە ئیستیعماری لا بوو بە " بڤە " و نەیوێرا بەلایدا بچێت. (٥)

ئەو کارەساتە، کە سەدەی بیستی لە دەست کورد دا، دوو ناونیشانی هەبوو :

- رەنگدانەوەی لافاوی بزووتنەوەی کۆمونیستیی سەر بە سۆڤیەت لەناو چینی ناوەندی کورددا .
- رەوشتێکی چینی ناوەندی کوردی کە خۆی دە کتێبی" الاکراد و العرب "ی ئیبراهیم ئەحمددا دیتەوە .

بۆ روونکردنەوەی ئەو قسەیەم، رەنگە وا باش بێت هێندێك لە جەرگەی باس دەرچم و سەرنج بۆ شتێك دەربارەی نەتەوایەتی رابکێشم، تا ئاسۆی باسەکەم لە موحیتی تەواوی خۆیدا باشتر بێتە بەرچاو، ئەوجا لە دوو فەسڵی داهاتوودا مەبەستم لەو دوو نوختەیە روون بکەمەوە :

ئەم تەعریفەی " نەتەوە"ی کە ئێمە بەکاری دەهێنین و " ئوممەت" ی کە عارەب دەیڵێن و، ناسیۆن یا نێیشن و فۆلك ... ئیدی ئەوروپایی، هەم پاشاگەردانییەکی زمانەوانی وهەم دۆگمایەکی سەیریان پێوە دیارە، وەکو گلۆڵە- یەکی ئاڵۆزیان لێ‌هاتووە، سەر لێ دەرکردنیان زۆر هاسان نیە .

خەتای یەکەمی ئەو ئاڵۆزییەش دەگەڕێتەوە نەگەیشتنی چینی ناوەندی لە رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستدا، کە هێشتا مەیدانی وەحشیگەرییەکانی پێش چەند هەزار ساڵە . رۆشنبیری و دیدی چینێکی ناوەندی کە پشت لەو وەحشیـ- ـگەرییانە بکات و،"عەقلانیەت Rationalism "ی کە رۆژئاوا لەم چەند سەدەی دواییەدا بەخۆیەوە دیت،هێشتا تێدا سەری هەڵنەداوەو، هێشتاهەر دیلی دنیای غەیبیات و وەهمە . هەروەك چۆن مرۆڤی رۆژهەڵاتی‌ناوەڕاست، ژیانی رۆژانەی پڕ لە سەنعەتی رۆژئاوایە( لە رادیۆ و تەلیفۆن و گسکی‌کارەباییەوە بگرە تا ئۆتومبیل و جلوبەرگ و ... نیزیکەی هەموو شت)، قالبەکانی زاراوەسازیی شی‌کردنەوەی کۆمەڵایەتی و ژیانی خۆیشی زۆرتر هەر لە ئەوروپاوە هاوردە کردووەو بە تەرزی بیرکردنەوەی وەهم و غەیبیاتی خۆی وردیان دەکاتەوە . توانای خەللاقیەتی

زاراوەسازیی خۆی نیە و، تەرجومەیەکی زۆر هەڵەی ئەسڵێك دەکات کە نـازانێت یانی چی . کارەسات ئا لێرەوە دەستپێ‌دەکات کە لەکاتێکدا ئامێرە مادديیەکان لە ژیانیدا زۆر چاك کاردەکەن، زاراوەسازییەکان بەو شێوەیەی ئەو دە مێشکی خۆیدا تەرجومەیان دەکات ڕێی لێ هەڵدەکەن و ئەوەندەی تر بە ناخی زەویدا دەبەن .

هەربەفوونە، زاراوەی " پرۆلیتاریا" و " بۆرژوا"ی کە خوێندەواری تووتیی ڕۆژهـەلاّتی ناوەڕاست، بە لاف لێدانی کۆمونیستی،ئەوەندەیان بەکاردەهێنێت، بەهیچ - هیچ جۆرێك فریان بەسەر سنفبەندیی چین و توێژەکانی نەتەوەی کوردەوە نیە . کورد نە پرۆلیتاریای ( بەو مانایەی مارکسیستی ) هەیە و، نە چینی ناوەندی کورد بۆرژوایە .

پرۆلیتار بە مانا سیاسیە ئـەسـڵەکەی سـنفبەندیی کۆمار- و دوای گرتنی قرطاجە - ئیمپراتۆریی ڕۆما، چینێکی هەژارو نـەداری دەگرتەوە کە هیچ باجێکی پێ نـەدەدرا و لە هەموو بارێکدا تەنیا یـەك تاقە کورسیی هەیئەتێکی پەرلەمانی بەردەکەوت(٦)، بـەڵام ئەوە ئیتر لە کتێبی ئـایینیی مارکسـدا شتی تری لێ دروستکراوە کە دەکرێت کۆمونیستێـک- ی غەیرە هۆڵەندی - بە کرێکارانی هۆڵەندای ڕەوا ببینێت ( چینی‌کرێکاری دەوڵەتێکی سەنعەتیی سەرمایەداری،کە هێزی بازووی بە سەرمایەدارانی خاوەنی‌هۆی بەرهەمهێنان دەفرۆشێت)،لەکاتێکدا کەکرێکاری هۆڵەندا خۆی بە هیچ جۆرێك ئـەو وشـەیە بۆخۆی قەبووڵ نـاکـات و بە قسەیەکی هیچوپووچی دەزانێت ( ئـەو لە میکانیزمێکی ئابووریدا دەژیت کە دەکرێت ئەو خۆی - بەبێ هیچ شۆڕشێك - ببێت بە خاوەنی چەندین کارگە و، خـاوەنی کارگەکەشی سـەرمایەکەی لەدەست بدات و ببێت بە کرێکار، یا تـەنانەت ببێتە بێکارێکی کە بچێت لە ئیدارەی سۆشیاڵی بێکاری پارەیەکی کەم بۆ بژیوی وەدەست بهێنێت، وەك کە من خۆم لە هۆڵەندا حاڵەتی وەها ئاگادارم . باسی ئەوهەژارانەش ناکەین کە لە دنیای سەرمایەداریدا لەپڕێکدا دەبن بە ملیاردێر، وەك ئەو خانمەی من دوێنێ لە تەلەڤزیۆنی‌هۆڵەندی دیتم، پێش چەند ساڵێك مانگانەی‌کاری لە یەك هەزار یورۆ کەمتر بووە،کەچی ئێستا بووە بە خاوەنی پێنج ملیار یورۆ و، تەنیا ٣٣٤ کەسی هۆڵەندی هەن کە لەو دەوڵەمەندترن ؛ کە ئەوە دەرگای باسێکی تر دەکاتەوە، بەڵام کە ئەوسا بەوخانمە مانگانەکەمەت بگوتایە تۆ پرۆلیتاریت و دەبێت شۆڕش بکەیت تا سەرمایەداری داتنەدۆشێت، ئەو - زۆر لەجێی خۆیدا - لێت تێ‌نەدەگەیشت و ڕێگای دانەدۆشرانی بە شێوەیەکی تر دەدیت) . پرۆلیتاریاو شۆڕشی، زاراوەی مووزەخانەی ئایینیی‌مارکسیزمە، کرێکاری سـەدەی بیست و بیستویەکی هۆڵەندی تلپاتی تـەڕیشی لێ تێ‌نـاگات (٧) . مارکس ئەو زاراوەیەی بۆ ژیانی ئەوسـا( ناوەندی سەدەی نۆزدە)ی کرێکارانی دنیای سەرمایەداری پسەندکردووە، ئـەگەر ئێستا بوایە - حـەقەن، لەسەداسەد - پێدا دەهاتەوە، بـەڵام ئیتر تابیعانی ئـاین نـاتوانن بە کتێبی خوداو حەدیسـی پێغەمبەرانیاندا بێنەوە، دەبێتە کفرو گوناهـ . ئەوەی بە

ئایەت لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا بە بۆنەیەك هەبووە، ئێستاش و تا ئیسلام لە دنیا ماوە هەر وەکو خۆی دەمێنێت، حەدیسی سەحیحی " مسلم" و" البخاری"یش هەروەتر . مارکس خۆی زانای ئابووری بووە، بەلام خەیالە زانستییەکەی لە دوای مردنی خۆی بووە بە ئاین .

بە هەمان شێوە، عارەب وادەبێت بە چینی ناوەندییان دەڵێن " البرجوازیە"، کە قسەیەکی ئەوپەڕی بێ مانایە و کۆپیکردنەوەی پەرەسەندنی نەتەوایەتیی ئەوروپایە، زۆرتر هەر لە کاهینانی کلیسای مارکسیزمەوە کەوتووەتە رۆژهەلاتیناوەڕاستەوە . چینی ناوەندی لە عیراق( بەعسی، حیزبە شیعەکان ...ئیدی) رووی دەسەلاتی عەشیرەت و کاهینانن و فریان بەسەر ئەو بۆرژوایەوە نیە کە لە ئەوروپا دەسەلاتی لە نەجیبزادان و کاهینانیکلیسا سەندووە و ماوەیەك کرێکارانی بۆ بەرژەوەندی خۆی دادۆشیون(٨) . ئەسلەن، مانای وشەی" بۆرژوا، البرجوازیە" لای چینی ناوەندیی رۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆر لە وەی" تەیری عەنقا" تەماویترو نادیارترە . کاربەدەستانی بەعسیی سووریا و عیراق، وەکو کاربەدەستانی سۆڤیەت،هەر مەیلێکی ئازادیی دەربڕینی بیروڕای مرۆڤیان بە نەخۆشیی" بۆرژوا" ناوبردووە و، لای هەزاران خوێندەواری زانکۆییش بۆیان چووەتە سەر .

مارکس، وێڕای هەموو خەیالی سەیرو میسالیی سەدەی نۆزدەی، پرۆفیسۆری ئابووری بوو، ئەگەر بهاتایەتە " شیلاناوێ " و" تەرەغە" و،کۆمونیستی حیزبی دیموکرات پێیانبگوتایە ئەوەتا هێمن- هەژار لە ژێکافدا بوون، ناسیۆنالیستن و -کەواتە- بۆرژوان، مارکس بۆخۆی یەکجار زۆر پێدەکەنی . خۆ ئەگەر دەروێشەکانی تەریقەتی شێخی سەنوسیی لیبیایان پیشان بدایە و، پێیان بگوتایە ئەمانەش بۆرژوای دامەزرێنەری کۆلەکەکانی دەولەتی نەتەوەیی لیبیان!، ئەوا مارکس لەوانەبووپێکەنینەکەی لەبیربچوایەتەوە و سەرو یەك شەقیشی تێهەلبدانایە .

نازانم ئەگەر ئیسلامیەکانیش لە ئەدەبیاتیاندا بکەونە سەر سنفبەندیی کۆمەلگا تا بزانن ئایا" المؤلفةُ قلوبهم" و " الـ " نازانم چی و چیی عارەبیی قورئان لە کۆمەلگای کورددا یا لە هۆلەندا و دانیمارك و کوێ و کوێی تر کێن، هەرچەندە لام وایە ئیسلامیەکان قەت لە خۆکەرکردندا وەکو مارکسیستەکان شوولی لێ هەلناکێشن و، بۆ دیتنی واقیعی موحیتی خۆیان زۆر لە کۆمونیستان بەجورئەتترو زیتترو چاوکراوەترن .

جارێك مامۆستایەکی خوێندنی سەرەتایی لە ئەمریکا، بە مندالەکانی خوێندنی دەلێت شتێك لە سەر مالێکی هەژار بنووسن . کیژۆلەیەکی مالە دەولەمەندێك دەنووسێت : مالێك هەبوون، زۆر هەژار بوون . خانووەکەیان زۆر

کۆن بوو . خانووی بۆ پشووی هاوینیشیان هەر زۆرکۆن بوو . خزمەتکارەکانیان زۆر هەژار بوون . چێشتلێنەرە-کانیان هەژار بوون . سەگەوانەکانیان هەژار بوون . مۆدیلی هەموو ئۆتۆمبیلەکانیان کۆن بوو . شۆفێرەکانیان هەژار بوون ... ئیدی دوورودرێژ لەوبابەتە . چونکە دنیای ئەو منداڵە ئەوەبوو ، ئەوەی بە بیردا نەدەهات کە خانوو و شۆفێر و سەگەوان و ... ئەو هەمووە شتانەی تری کە ئەو دە ژیانی خۆیاندا دەبینێت، دە قامووسی دنیای ماڵە هەژاردا نین .

بەهەمان شێوە، کە باسی " چینی ناوەندیی کورد " دەکرێت، جۆرەها رووی چینی ناوەندیی ئەورووپا و سەنعەتی ئینگلیس و بیری مارکس و چی و چی بە شێوەیەك ریز دەکرێن کە ئەسڵی مەبەستەکەی تێدا ون دەبێت . چونکە خوێندەوار " ئەوانە "ی لە زانکۆ خوێندوون، وەکو تووتی ( کە سیفەتێکی زۆر مەرکەزیی سایکۆلۆجیەتی مرۆڤە) دەیانڵێتەوە . ناتوانێت نەهێڵێت ئەو قالبە هاوردووانە پێش چاوی بگرن و، بە چاوی خۆی و عەقڵی خۆی دەورو-بەری خۆی شی بکاتەوە . بابایەکی ئاسایی توانای ئەو خەللاقیەتەی نیە .

ریزکردنی جۆرەها زانیاری دەربارەی تەواوی ماناکانی هەر وشەیەك دە هەر چوارکەناری دنیادا، بەڵێ شتێکی باشەو، دەبێت بیرمان پێ دەوڵەمەند ببێت، بەڵام نەك پێ وا پرژو بڵاو بێت کە ئیتر ژیانی رۆژانەی خۆمانی تێدا نەبینینەوە . ئەو کێشەیە لە پێناسەی زاراوەی " چەپ " و " راست "یش و زۆری تریشدا هەیە، کێشەیەکی دنیای زاراوەسازییە .

کورد ، خەڵکێکی هەن کە دەسەڵاتداری عەشیرەتن، هەن پێبەندیی یەکەمیان بە بنەماڵەکەیانە،هەن ئاغای خاوەن زەوی وزارن و رەعیەتیان هەن، هەن دەسەڵاتداری ئاینیین و ئەو دەسەڵاتەیان لا لە هەرشتێکی تر گرنگترە .

لەبەرامبەردا، ئەندامانی عەشیرەت هەن کە بە فەرهەنگی عەشیرەتی دەژین، هەن خزمەتکاریی بنەماڵەیەکیان لا گرنگە، هەن رەعیەتن و ئەوە بە شتێکی ئاسایی دەزانن، هەن هەرچی شێخ بفەرموێ لای ئەوان پیرۆزە و ناکرێت پێچەوانەی ئەوە برۆن .

لەنێوان ئەو دوو قوتبەدا، چینێکی ناوەندی هەیە : خەڵکێك کە فەرهەنگی عەشیرەت بە شتێکی دواکەتوو و تورەهات دەبینن، بیروڕایان لە ئاستی تەواوی کۆمەڵگاو قانوونەکانی مرۆڤایەتیدایە و زۆر لەسەرووی هەر شتێ-کی بنەماڵەکەیان و هەر بنەماڵەیەکە، نەزمی " ئاغایی- رەعیەتی " بە سووکایەتی کردن بە مرۆڤ دەبینن، پێبەندی هیچ شێخ و مێخێك نین و ،کۆمەڵگایەکی نەتەوایەتییان دەوێت،کە تاکەکانی تێدا بە قانوون - ی کە هەموو وێکڕا بۆ بەرپرسیاری و مافی یەکسان دایدەڕێژن - بژین . بەڵام ئەو چینە لە کۆمەڵگای کورددا ، وەکو ئەوەی لەچەندا-

نی تری رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هێشتا لە سەرەتای قۆناغێکدایە، ئەگەر ئەو" هست"ـەی، " رۆشنبیری"ی ویڕا نەبێت، دەکرێت زۆر بەهاسانی بکەوێتەوە تەڵەی هـەمان دۆخی عەشیرەتی و رەعیەتی و مریدی و ئیدیی،کە ئەو لای وابووە خۆیان لێ رزگاردەکات: "ئاغایی- رەعیەتی" بە زاراوەی ترو دە بەرگی تردا، یا بوونی بە بەشێك لە " عەشیرەتی نـوێ "ی" پێبەندی سـەرۆکی عەشیرەتی نـوێ " ( بە ناوی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و نازانمچی)، یا درێژەپێدانی دەسەڵاتی تەریقەت و عەشیرەت ( کـوردایەتی = پـارتی = ماڵی بـارزانی )، یا هەر درێـژەپێدانێکی فەرهەنگی کۆنی کە لای وابووە خۆی لێ رزگارکردووە، دە ماسکی نوێدا و بە زاراوەسازیی نوێ .

ئەوە کە چۆن وا دەشکێتەوە ئەو دەستەجاتە جیاوازە بەوجۆرە دەگوورێن، دەکرێت شیکردنەوەی زۆرهەڵبگرێت و، زۆر جێیخۆیەتی زۆری لەسەر بدوێین، بەڵام بەمەرجێك لە مەیدانەکەی دەرنەچین و، وەکو ئەو کیژۆڵەیە نەکەوینە باسی سەگەوانە هەژارەکان و شۆفێری هەژارو مۆدێلی کۆنی ئۆتومبیل و نازانمچی .

وشەی " بۆرژوا" ی خودی مارکس، ئێستا نـە فری بەسەر چینی ناوەندیی ئەوروپای رۆژئاشەوە هەیە و نـە مر! . بوونە " چینی نـاوەندی"، ئـەمڕۆ لە ئەوروپا، گرنگترین خەونی سۆسیالستانی ئەوروپایە . سۆسیالیستی ئەمڕۆی ئەوروپایی، دەیەوێت باج لە سەر خاوەنی داهاتی زۆر، بۆ پشتگیریی خاوەنی داهاتیکەم زیاد بکرێت . تاکو بە کـۆمەڵگایەکی چینی ناوەند دەگەن، تێدا جیاوازیی دەوڵەمەندو نادەوڵەمەند هەرەکەم بێت و، لەشوێنێکدا هەر لە سیفر نیزیك بێتەوە . زاراوەی " چینی ناوەندی"ی ئەمڕۆی ئەوروپا، ١٨٠ دەرەجە بۆ نەهێشتنی ئەو" بۆرژوا"یەیە ( لە ئاستی نەتەوایەتیی خۆیدا ) کە مەبەستی زاراوەکەی مارکـس بووە . بـەڵام ئیتر تۆ لەگەڵ ئـەفیوونی ئـایندا دەڵێیت چی ؟ زاراوەکانی ئـاین ( تەورات، قـورئان، حەدیسی سەحیح، مارکـس، هـەڤـاڵ سـتالین، پلیخانۆف ...) هەر بەهـەمان دەقی خۆیان دەمێنن . ئەوە تا ئەو رۆژەی کە تەئسیری ئەفیوونەکە ئەفیوونکێش بەردەدات و لە قۆناغی" کە پیربووم تێگـەیشتم دەستی گرتـم"دا - وەکو کەریمی حیسامی- دەکەوێتە شین و شەپۆڕی رابردووی ئەفیوونیی خۆی .

## ٤- ڕەنگدانەوەی لافاوی بزووتنەوەی کۆمونیستیی سەر بە سۆڤیەت لەناو چینی ناوەندی کورددا

کۆمونیستەکانمان،کە" چین"یان بە بناغە دادەنا، نەك" نەتەوە"،" نەتەوەیی" لای ئەوان " بۆرژوا"یەك بوو کە" پرۆلیتاریا"ی لە خەباتی ئەسڵی دووردەخستەوەو دەیکردە خزمەتکاری خۆی . وەڵامی ئەوە دەبوو بە هەموو پرۆلیتاریای چوارچێوەی دەوڵەت (یەك ئابووری) بدرێتەوە ( کوردو فارس و عارەب و...یی ئێران زەمین و عیراق-زەمین و ...ئیدی) .کورد، دەبوو هەر ئەوەندە ئۆقرەی بگرتایە تا دەوڵەتی" دیموکراسیی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا" لەو دەوڵەتانەدا- مەسیح یا مەهدی ئاسا- دەهات، ئەوسا ئیتر هەموو شت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چارەسەر دەبوو و مەسەلەیەکی نەتەوایەتی لە ئارادانەدەما . ئەوە کە دوو دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای چین و سۆڤیەت کێشەی زۆر گەورەیان لەسەر چەند کیلۆمیترێکی سنووری نێوانیان هەبوو، یا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای ڤێتنام " سنووری نەتەوایەتی"ی وڵاتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای کامبۆجیای پێشێل دەکردو وڵاتەکەی داگیردەکردو، پرۆلیتاریای کامبۆجی دەکەوتنە شەڕی رزگارییان لە داگیرکەرانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای ڤێتنامی، ئەوانە شتێك نەبوون گومان بخەنە ئەم باسەوە، چونکە برایانی پرۆلیتاریای فارس وعارەب و تورك جیاواز بوون، ئەوانە سنووریان لە نێوان دیکتاتۆرییەکانیان هەڵدەگرت و ئیتر ئێمەی کوردیش بە بێ پەساپۆرت لە تەوێڵەوە بە سەیران دەچووینە لەوێ . با ئێمەی کورد جارێ لە وڵاتی خۆمانەوە بە پەساپۆرتی دوو دەوڵەت ( کە هیچکام هی کورد نین) هاتوچۆی نێوان سلێمانی و بانە بکەین، یا لە تەوێڵەوە بپەڕینەوە ئەودیوی چیاکە بۆ لەوێ (" ئەگەر" دوو دەوڵەتی فارس و عارەب ڤیزا بە ئێمەی تەبەعەی خۆیان بدەن)، یا هاتوچۆی نێوان زاخۆ و شرناخ، یا زاخۆ و قامیشلی( بە پەسا-پۆرت و ڤیزای عیراق و تورکیا ،عیراق و سووریا) هەوڵبدەین، بەڵام نابێت سنوور لەنێوان بانەو قوم، یا سلێمانی و عیمارە، یا قامیشلی و شام، یا وان و ئەستەمبووڵدا هەبێت، چونکە بانەو قوم یا سلێمانی و عیمارە یا قامیشلی و شام یا وان و ئەستەمبووڵ سەر بە ئابووریی یەك دەوڵەتن، یەك ئابوورین و ئێمەش دەبێت ئەندامانی یەك حیزبی یەك پرۆلیتاریای یەك ئابووری ( یەك دەوڵەت) بین و پرۆلیتاریای هیچ کام لەو دەوڵەتانە دوولەت نەکەین . تەنانەت هەر یارمەتیەکی سەنعەتیی سۆڤیەت بۆ رژیمی تاران ( کارخانەی ئیسفەهان) و بەغدا( پیترۆ-کیمیاویی کوفە) و سووریا( چەکسازی و نەوت) ... ئیدی، ئەوپەڕی سوپاس بکەین، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی گەورەبوونی چینی پرۆلیتاریای هەموو ئابوورییەکە و ئەوە رۆژی سۆسیالیزم بۆ هەموومان نیزیك دەکاتەوە .

هەر ئەگەر ئەو کارخانە و شتانە لە رۆژئاوای سەرمایەداری بهاتنایە، ئەوسا دژیان دەبووین، چونکە ئەگەر لەوێوە

بهاتنایە دەبوونە هۆی دروست بوونی بۆرژوا نەك پرۆلیتار!.

بەڵام ئایا ئەو "چوونە حەمامە بۆ خۆ پاك کردنەوە لە چڵکی ناسیۆنالیزم" هیچ فڕی بەسەر تیۆریی مارکسیزم وکۆمونیزمەوە هەیە؟ وەڵام: نەخێر، ئەوە تەفسیری چینی ناوەندی قەومێکی نوستووە، وڕێنەی خەوێکی قورسییەتی کە بۆخۆشی نازانێت وڕێنەی چ هەتەران - پەتەرانێکیەتی. مەگەر لێنین و ستالین لە سۆڤیەت پازدە جمهوریەت و ئەو هەمووە ئۆتۆنۆمییانەیان لە سەر بناغەی نەتەوایەتی لە دەوڵەتی دیموکراسیی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای سۆڤیەتدا قەبووڵ نەکردووە؟ لێنین تەنانەت "ئۆتۆنۆمیی کوردستانی سوور"ی دانابوو (١٩٢٣، "لاچین" پایتەختی بوو)، تا ستالین دوایی کاتێك زۆر لەکوردەکانی سۆڤیەت تووڕە بوو و کەوتە لەناودانیان (١٩٢٩) کۆتایی پێهێنا. بۆچی حیزبی تودە (کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لقێکی بوو)، بە لاساکردنەوەی سۆڤیەت، "کۆماری کوردستانی سوور"ی دە پرۆگرامیدا نەبووەو نیە؟ خۆ بەندێك لە دەستووری ئەو پازدە جمهوریەتەی سۆڤیەتدا هەبوو کە دەیگوت" ئەم جمهوریەتە ئازادە هەرکاتێك بیەوێت بەتەواوی سەربەخۆ ببێت و لە یەکێتی سۆڤیەت دەرچێت"، هەر بەگوێرەی ئەو بەندەش بوو کە دوایی سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند(١٩٩١).

کۆمونیستانی ئەوجمهوریەتانە هەر لەسەرەتاوە (شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی سۆڤیەتەکان)، بە ئەو مەرجە وڵاتە-کانیان (قەڵەمڕەویی نەتەوایەتییان) بە بەشێك لە یەکێتی سۆڤیەت ویستووە( کە لە ١٩٢٢وەوە دەستیپێکرد)، کە بە بەندێك ئازادیی جیابوونەوە و سەربەخۆییانی تێدا دیاربکرایە و، ئەوە بووەتە بناغەیەکی دەستووری (قانوونی ئەساسی) یەکێتی سۆڤیەت.

ئایا حیزبی پرۆلیتاریای دەوڵەتی ئێران زەمینیش ئەو ماددەیەی بۆ داهاتووی ئێمە لە هاتنیمەهدیی سۆڤێتستا-ندا دیارکردووە؟ لە پرۆگرامیدا هەیە؟ حیزبیکۆمونیستیعیراق ساڵی ١٩٥٦(بە تەئسیری ڕابەرێکی کە کورد بوو - عە زیز شەریف) مافی دەوڵەتیکوردستانی یەکگرتوو و سەربەخۆی دیارکردووە، بەڵام لەوێدا( بەشێکی بۆ ڕازیکردنی عارەبەکانی حیزبەکەی و بەشێکیش بۆ نێوانی ئەوسای سۆڤیەت وعەبدونناسر) دەڵێت دەبێت کورد چاوەڕێ بکەن لەپێشدا یەکێتی هەمووعارەب پێکبێت، دوای ئەوە ئەوان دەتوانن ئەو مافەیان بەجێبهێنن، تودەی فارس ئەوەشیان پێ ڕەوا نەدیتووین و یەکێتیی ئەم دەوڵەتەی ئێرانزەمینی میراتی پادشاهانی جینایەتکاری ئیمپراتۆرییان بە شتێکی پیرۆز داناوە! کە دەبوو لە سەدەی بیستەم و دوای ئەوەش و تاسەر درێژەی هەبێت!.

ئەوە کە لێنین بە میراتگرتنی ئیمپراتۆریی ڕووسیای بۆخۆی قەبووڵ نەکردووەو، بە مەرجی مافی ئازادیی سەربەخۆیی ئەو وڵاتانە، دە چوارچێوەی جمهوریەتانی سۆڤیەتیدا پێوەندیی نێوان وڵاتیخۆی( کە ئەو ڕووس بوو)

و موستەعمەرەکانی ئیمپراتۆریی داڕشتووە، شتێك نیە کۆمونیستی فارس ( و تورك و عارەب و کوردی سەر بە کۆمونیستی ئەو قەومانە) کاریان پێدابێت .

هەموو ئیمپراتۆرییەکان هەڵوەشان، بەڵام ئیمپراتۆریی ئێران زەمین دەبێت قەڵەمڕەویی هەموو موستەعمەرەکانی بە هەمان شێوەی کوروشی گەورە تا ئەبەد بپارێزێت . حیزبی دیموکراتی - بەناو- کوردستانیش بەشێکی ئەم " یەکێتی"یە پیرۆزە بووەو هەیە . وەکومارکسیستەکانی تاجیکستان و کازاخستان و ئەو هەمووە ستانانەی تر، مەرجی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان دە چوارچێوەیەکی وەکو ئەوەی سۆڤیەتدا( کە سۆڤیەت خۆی لە مهابادو تەورێز قەبوولی کردبوو) لە پێوەندیی بە تودەدا نەبووەو نیە، هیچ، هەروەکوهەلومەرجی کوروشی گەورە بووەتە بەشێك لە وەحدەتی ( پرۆلیتاریای) ئێرانزەمین . حیزبی دیموکرات هەر بەشی ئەوەندە کۆمونیست بووە کە موستەعمەرەی کوردستان بۆ ئەولادی کۆمونیستیکوروشی گەورە بپارێزێت، کەمترین شەرمی لە لێنین و باری قانوونیی جمهوریەتەکانی سۆڤیەت نەکردووە. دیارە ئەگەر حیزبیدیموکراتی دکتۆر قاسملو ئەو بەندەی" جمهور-یەتی کوردستانی بە مافی جیابوونەوە لە سۆڤێتستانی ئێران" یش بە تودە قەبووڵ بکردایەو تودە بهاتایەتە سەر حوکم، دیساهەرکێشەی نەتەوایەتیی ئیمپراتۆریی کوروش چار نەدەکرا . لە باشترین حاڵەتدا وەکو یەکێتی سۆڤیەتی لێنینی لێدەهات، ئەویش حەفتاساڵێك مرۆڤی دەچەوساندەوە تا هەڵدەوەشا و جمهوریەتیکوردو نەتەوە-کانی تری ئیمپراتۆری ئازادو سەربەخۆ دەبوون، بەڵام دیارە هەر جیاوازییەکی زۆرگەورە دەبوو لەگەڵ ئێستادا(٩) .

من مرۆڤێکی ئاینی نیم و تووشی ئەفیونی ئاینی مارکسیزمیش نەبووم، بەڵام دەمەوێت لێرەدا بڵێم، ئەوەی چینی ناوەندی کورد بەناوی مارکسیزم کردوویە فڕی بەسەر مارکسیزمەوە نیە، حاشای مارکسیزم . خەوتوویی ئەو چینەی قەومی کورد ئەو تەفسیرە کۆیلەییەی فارسی خستووەتە حیزبی دیموکراتەوە، نەك فکری مارکسیزم ( کە من پێموایە خۆی لەخۆیدا ئاینێکی تورەهاتە) .

ناسیۆنالیزمی فارس، بەتەواوی، عەقڵی شێواوە. ئاسۆی مرۆڤایەتی و سنوورنەمانینێوان قەومەکانی سەر زەویی هیچ کە قەبووڵ نیە، وەهەی گەورەیی زەمینی قەڵەمڕەویی دەوڵەت و ژمارەی خەڵکی بە گرنگ دادەنێت، نەك ئینسانیەتی ئینسانی . یانی هەبوونی ئەو هەمووە بێکارانە، موعتادانە، سواڵکەرانەی ئەو هەمووە وێرانانانەی ئێرانێکی ئەوەندە دواکەوتوو و نەخۆش و نەزان و هەژارو نەدارو پەرپووتی پێ لە ژیانی ئینسانی لوکسومبورگ، لیختشتاین، سویسرا ،هۆڵەندا و دانیمارك گرنگترە، بۆچی ؟ چونکە ئێرانی فارس بە زەوی و ژمارەیخەڵك لەوانە گەورەترە! و کوروشی بوزورگیشیهەبووە کە ئەوانە نەیانبووە . ئەوە کە فارس وڵات و فەرهەنگی خۆی لا لەوەی

هـەموو دنیا خۆشەویستتر بێت، تەنانەت هەر تاکێکیش شارەکەی خۆی یا دێیەکەی یاتەنانەت گەڕەکەکەی خۆی بە هەموو دنیا نەگۆڕێتەوە، شتێکە کە من زۆر بە هاسانی تێیدەگەم، بەڵام کە تۆ گرنگیی نەتەوەی فارس لەوەدا ببینیت کە- لەسایەی داگیرکردنی وڵاتانی خەڵکیغەیرە فارس و بوونە ئیمپراتۆریی" ایران زەمین"- لەو وڵاتانەی ئەوروپا گەورەترە، نەك بە تەرزی ژیانی مرۆڤ تێدا؛ با بە ملیۆنان سواڵکەرو نـەخۆش و نـەخوێندەوار و پێخواس و جینایەتکارو چی و چیی هەبێت، بـەڵام چـونکە بە زەوی و ژمارەی گەورەیە و" کوروش بزرگ"یشی هـەبووە، ئەو لەوان گرنگترە . لێرەدایە کە من ئەوە بە دواکەوتوویی‌عەقڵیی دادەنێم و، دەڵێم بۆچی دەبێت حیزبێکی- بەناو- کـوردستانی، ببێتە کلکی وەحشیخانەیەکی وەها ؟

کـوردی کـۆمونیستی هەرێمی بـاکووری کوردستان، لەوانەی هەرێمی ڕۆژهەڵاتیشیان خـستتر کردبۆوە، زۆر بە شانازییەوە باسی ئەوەیان دەکرد کە " تـورکی خالیس" ئەوانن نەك برا تورکەکانی تری" تورکیا"( کە کوردستا- نیشی دەگرتەوە) .

کۆمونیستی سووریاش، ئەوەتا " خالید بەکداش"ی لە دایك و باوکی کورد، بەرژەوەندی پرۆلیتاریای دە ئەوەدا دەدیت کە دەیگوت و دەشینووسی : " ئێمە عـارەبین و خودا پێیگـوتووین کنتم خیر أمةٍ أُخرجت للناس! " .
خالید بەکداش تـەنانەت بـڵاوبوونەوەی بـڕیارەکانی کـۆنفرانسی حیزبی شیوعيعیراقی ١٩٥٦یشی لە سـووریا قەدەغەکرد، چونکە باسی یەکێتی و سەربەخۆییکوردستانی- دوای یەکێتیعارەب - تێدا باس کرابوو،" هەژاری موکریانی" لە" چێشتی مجێور"ەکەیدا باسی ئەوە دەکات،" زەبیحی"یش بە نووسینێکی بە زمانی عـارەبی ( رد علی الکوسموپولتیە)، بە بەڵگەی مارکسیستی، بێزاریی خۆی لەو کارەی بەکداش دەربڕی .
مارکس و لێنین چ لەوە بەرپرسیارن کە بە بەڵگەی قورئان قەومێك بکرێ بە" خیر أمةٍ " ؟ بەرپرسیاریی ئەوە دە ئەستۆی ئیسلامیشدا نیە، چونکە" خیر أمةٍ " (باشترین ئوممەتێك) لە قورئاندا مەبەست لە ئیسلامە نەك عارەب .
بەرپرسیاریی ئەوە دە ئەستۆی خـەودا بووە، قەومێك چینی ناوەندی دە خـەوێکی یـەکجار زۆر قورسـدا بووە و، بەدەم خەوەوە هەتەران - پەتەرانی قسەی بێسەروبەری بووە . کۆمونیستی هەرێمی باشوور ساڵانێك ناوی" کورد- ستان"یان قەبووڵ نەبوو، پێیاندەگوت" شیمالیعیراقی خۆشەویست" . تەنانەت کاتێك ئیبراهیمئەحمەدوهەڤاڵانی لە هەرێمی باشوور داوای ئیدارەیەکی" مەعارف" ( خوێندن)یان بە کـوردی بە ناوی " ئیدارەی مەعارفی کورد- ستان" لە حکومەتی قاسم کرد (١٩٥٩)، کۆمونیستی کورد( نەك عارەب) بەو" جیابوونەوە خوازی و لەتکردنی پرۆلیتاریای عیراقزەمین"ـە ئاگریان تێبەربوو وکەوتنە جنێودان و ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە سەر شەقامەکانی

کوردستان و هاوارکردنی" نامانەوێت مەعارفی قلیاسان"! . کۆمونیستی کورد لە هەڵەبجە بە شەق لە لاوی کورد- یان دەدا و دەیانگوت " ئا تێی هەڵدەن، ئەم حیزبابە کوردیچەو لاویچەو پارتیچە" ( کوردیشەو سەر بە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانیشەو پارتییشە) . ئەوە چ کاری بە لێنینێکە کە مەعاریفی خوێندنی کوردیی تەنانەت بۆ لاچینێك بە ناوی" کوردستان" ی سوور دروستدەکرد؟ من خۆم ماوەیەك چەند کتێبێکی خوێندنی کوردیی خوێندگەکانی سەردەمی ستالینم هەبوون .

کۆمونیستەکانی ئەلجەزایریش ئەو شەکرانەیان شکاندن، کە نابێت حیزبی تایبەتیی ئەلجەزایری خەباتی یەك پرۆلیتاریای هەموو نیشتمان ( هەموو فەرەنسا بە ئەلجەزایریشەوە) دوو لەت بکات و ، دەبێت هەموومان وێکڕا " فەرەنسایەکی کۆمونیست " پێکبهێنین . بەڵام ئەلجەزایری وەکو کورد نەخەوتبوون، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئەلجەزایر- جگە لە کۆمونیستەکانیان- بەشداری شۆڕشی سەربەخۆیی بوون و کۆمونیستی ئەلجەزایری سووك و ریسوا بوون و- هەژار گوتەنی - " وەکو بیسمیللا لە جندۆکان بکەیت" لەئارادا نەمان .

## ٥- ڕەوشتێکی چینی ناوەندی کوردی کە خۆی
## دە کتێبی" الاکراد و العرب "دا دیتەوە

کوردی کوردستانی عوسمانی لە ١٩٠٨ ـەوە، وەکو زۆر لە قەومەکانی تری ئەو ئیمپراتۆرییە، کەوتنە قۆناغێکی نوێی خەباتەوە : قۆناغی خەباتی ڕێکخراوانی سیاسیی ( یەکەم کۆمەڵەی کورد ) و، ١٩٢٠ بە سێ ماددەی پەیمانی سێڤر گەیشتن و، گیانێکی نەتەوەیی زۆر دە ناو هەموو چین و توێژەکانی کورددا لەبەرچاو بوو . ئەو هەستە دوای شکستی کارەساتاویی ڕاپەڕینی بە ڕابەریی شێخ سەعیدیش هەر ما و، تەنانەت لەبەرچاوتریش بوو، ڕاپەڕینی ئارارات ڕوویەکی نەتەوەیی لەوەی ڕاپەڕینانی پێشتری ئاشکراتری هەبوو .

کاتێك کێشەی چارەنووسی هەرێمی باشوور لە نێوان ئینگلیس و مستەفاکەمالدا ( بە ناوی مەسەلەی مووسڵ ) بەوە گەیشت کە " عوسبەی ئومەم" ( کۆمەڵی نەتەوەکان ) ١٩٢٤/٩/٣٠ بڕیاری دا کۆمیتەیەك بە سەرۆکایەتیی سەرەكوەزیرانی پێشتری هەنگاریا بچێتە هەرێمی باشوور تا بزانێت ئایا کورد چیی دەوێت، کۆمیتە چوو و هاتەوە و گوتی " کورد ئامادە نین ببن بە بەشێك لە تورکیا یان بەشێك لە دەوڵەتی عیراق، دەیانەوێت دەوڵەتێکی سەر- بەخۆیان هەبێت " . بیرکردنەوەی ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیس یەك نەبوو، کاپتن بێڵ ( مشاوری شێخ مەحموود ) پشتگیریی لە پادشایی شێخ مەحموود دەکردو، مێجەر سۆن دژی بوو و، لە لەندەن بەرژەوەندی نەوتیان لە بیری مێجەر سۆندا دیت و، ڕاسپاردەی کۆمیتەی نەتەوەکانیان خستە ژێر پێوە . هەرێمی باشوور کرا بە بەشێك لە دەوڵەتیعیراق (بڕیاری ١٩٢٥/١٢/١٦ی کۆمەڵی نەتەوەکان، بە هێندێك مەرجی وەك خوێندن و ئیدارەو داوەری بە زمانی کوردی ) .

پێش ئەو کۆمیتەیەو ئەو بڕیارەی کۆمەڵی نەتەوەکان و دوای ئەوەش، هاواری سەربەخۆیی کوردستان زۆر ڕوون بوو، شیعری ئەحمەد موختار بەگی جاف ( پێش ئەو بڕیارە) لەو ڕووەوە نموونەی هەستی زۆربەی جەماوەری کورد بوو :

(..)

ئەم قەراری عوسبە وا خەڵکی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ

هەر قسەی ڕووتەو قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە

(..)

ئیمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد

دێتەوە مەیدان بە عیلمو سەنعەت و عیرفانەوە

نەوجوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە

هەر لە کرماشان هەتا ورمێ و سنەو بۆکانەوە

رێکئەخەن وەزعیەتی وان و جزیرە، سەربەسەر

عەقرە و زاخۆ ئەبەستن رێك بە قەد بۆتانەوە

خانەقین و مەندەلی، خاکی لوڕستان یەك بە یەك

وەك وەسا ئەدروون بە باڵای مەنتقەی بابانەوە

(..)

پاش قڕانی موددەعی دەست پێئەکەن تەعمیری مڵك

رێگەی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە

(..)

زۆر راپۆرتی ئەوروپاییان لە ئەرشیفەکاندا لەوە دەدوێن ( دکتۆر وانلی بۆ دکتۆرنامەکەی کاری باشی لە سەر کردوون )، بەغوونە مەندووبی سامیی ئینگلیس کە ئەمیر فەیسەڵی حیجازی لە وەزیفەی پادشایی سووریا گواستەوە بەغداو کردی بە پادشای عیراق و، بە جۆرەها ئاهەنگ و هەراوهووریا( هەمەپرسیی ١٩٢١/٨/٢٣) ویستی جێگیری بکات، لە راپۆرتێکیدا( راپۆرت دەربارەی دامودەستگای عیراق لە ئۆکتۆبری ١٩٢٠ تا مارتی ١٩٢٢) بە روونی دەڵێت :

" ناوچەی سلێمانی بڕیاری دا لە هەڵبژاردنی پادشای عیراقدا بەشدار نەبێت، داوای حکومەتێکی لە نەژادی خۆیان کرد ....، سلێمانی، نیزیکەی هەمووی لە رەتکردنەوەی هەر شێوەیەکی کەوتنە بەر حکومەتی عیراقدا هاوبیر بوون" ( لە دکتۆرنامەکەی دکتۆر وانلیدا هەیە) (١٠) .

شێخ لەتیفی شێخ مەحموود چەندین نامەی کوردی موکریان و شوێنانی تری کوردستانی دە کتێبی بیرەوەرییەکا- نیدا باس کردوون، کە بۆ" عوسبەی ئومەم"یان نووسیون، تێدا داوادەکەن لە ژێر دەسەڵاتی بێگانە دەرچن و ببنە بەشێك لە دەوڵەتی کوردستانی بە پادشایی شێخ مەحموود ( یادداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید ، چاپی ١٩٩٥) .

حکومەتی عیراق، هەڵبژاردنی بۆ پەرلەمانی دەوڵەتی عیراق راگەیاندو، لە کوردستانیش پڕوپاگەندەیەکی زۆری

بۆ ئەوە کرد، کە گەلی کوردیش دەور دە حوکمی عیراقی پەرلەمانیدا ببینێت . رۆژی ١٩٣٠/٩/٦، سندووقی هەڵبژاردن لە سەرای حکومەت لە سلێمانی بۆ ئەوە دانرا . بەڵام چینی ناوەندی کورد لەجیاتی " قۆستنەوەی ئەو هەلەی بەشداری لە حوکمدا"، بە خۆپیشاندانێکی مێژوویی، کە یەکێك لە گەشترین لاپەڕەکانی نەتەوەی کوردە، بەگژ سەرادا چوون و هاواریان کرد: " هەڵیگرن، سندووقی پەرلەمانی عیراقتان ببەنە عیراق، ئێرە عیراق نیــە و قەتیش نـابێت بە عیراق".

ئەو خۆ پیشاندانەی" نـەتـەوەبوون" ی کە چینی ناوەندی کورد لە سلێمانی و شوێنانی تریش بەجێی هێنا، دەبوو درێژەی هەبوایە . دەبوو رێکخراوانی کورد بهاتنایەتە مەیدان و ئەو بزووتنەوە عەفەوییانەی جەماوەریان بقۆستا- یەتەوە، رابەرییان بکردایە و بەهێزیان بکردایە و، لەسەریان بینا بکردایە .

بـەڵام نـا، خوێندەوارانی شار شتی تریان پێ باشتر بوو : واز لەو " خـەون و خـەیاڵە شاعیرانەیە" بهێنن و کورد بە دروشمی" برایەتیی کوردو عارەب و کەمایەتیە نەتەوایەتیەکانی یەكعیراقی خۆشەویستی هەمووومان" پەروەردە بکەن . ئیبراهیم ئەحمەد ساڵی ١٩٣٧ کتێبێکی بە عارەبی بەناوی " الاکراد و العرب" بڵاوکردەوە، کە بـەوە ئیتر قەبووڵکردنی واقیعی نوێی تێدا راگەیاندو، فەسڵی" برایەتیی کوردوعارەبی عیراق" کرایەوە . دیارە کەسانێکی نەتەوەیی کوردی زۆر، زۆر بەوە تووڕەبوون و، هەروەك مامۆستایەکی ئەڵمان باسی کردووە، ئەو کارەی ئیبراهیم ئەحمەدو هەڤاڵانیان بە " خیانەت بە نەتەوەی کورد" دانا و ئیبراهیم ئەحمەدو هەڤاڵانیان ناو نان " برایانی عارەب - دوژمنانی کورد" (١١).

ئەوجا بەوە کە سێ ساڵ پێش ئەوە (١٩٣٤) حیزبی کۆمونیستی عیراق دروست ببوو و، بیروباوەڕی کۆمونیستان لە کوردستانیش بڵاودەبۆوە، کە تێدا کورد بە نەتەوە دانـەدەنـرا، چونکە یـەك ئابووریی نـەبوو، چونکە هـەڤاڵ ستالین لە لاپەڕەی ئەوەندەی فڵانەو فیسارە کتێبیدا فەرمووبووی کە " یەك ئابووری هەبوون" مەرجێکە بۆ ئەوە هەر قەومێك بە نەتەوە دابنرێت . ئاوا بە هـەموو لایەکی چینی نـاوەندی کـورد کـەوتنە خۆ، تاکو کورد لە لیستی نەتەوەکانی سەرزەوی بسڕنەوە . کورد تا ساڵی ١٩٦١یش داوای هیچ جۆرە ئـۆتۆنۆمیەکیشی لە دەوڵەتی عیراق نـەکـرد( ئەوەی کە لێنین ساڵی ١٩٢٣ دابووی بە لاچین )، مارکسیست و شتی وەکو ئیبراهیم ئەحمەد جـڵەوی کاروانی گەلیکوردیان بەدەستەوە بوو و هەر بیرێکی وەك نەتەوە بوون، داوای سەربەخۆیی، رەمزێکی وەکو ئاڵا- یەك ... هـەر شتێکی لەو بابەتە " خـەیاڵە شـاعیرییانە"، حـەرام کران .

حیزبی کۆمونیستیعیراق (الحزب الشیوعی العراقی) لوتفی ئەوەی پیشان دابوو کە گوتبووی" دەبێت کەمایەتیە

نەتەوایەتیەکانی عیراق مافیان بپارێزرێت " و " کوردەکـان و یـەزیدیەکـان" یشی بە دوو لەوانە تێدا ناوبردبوو ( نووسینێکی دامەزرێنەرو یەکەم سەرۆکی " الحزب الشیوعی العراقی" " فَهَد" (یوسف سلمان یوسف) ) .

بـەڵام، وەك لە فـسڵی پێش ئەمەدا باس‌کرا، رەفتاری کۆمونیستان، بەتـایبەتی کـۆمونیستی کـورد، لەگەڵ ئـەو " مافیان بپارێزرێت"ـەدا زۆر رێك نەدەهاتەوە .

چینی ناوەندی کوردی غەیرە کۆمونیست، قـەت ئامادە نـەبـوو، بە پێچـەوانەی رەوتی رووبار مەلە بکات . کە ئینگلیس کوردیان دەکردە بەشێك لە عیراق، ئەوان قەبووڵیاندەکردو، لەگەڵیدا دەڕۆیشتن، خۆیان بە ئاوی روو-باردا دەدا و لەگەڵیدا دەچوون تا بزانن لەوەدا دەیانتوانی چی وەدەست بهێنن ."هـەمیشە قەبووڵکردنی واقیع" و خۆ لەگەڵدا گونجاندن و هەوڵدانی وەدەستهێنانی شتێك، هەرچەندی کرا لەو واقیعە، ئەینا مەرگ و پڵیشانەوە و - عیبارەتی هەمیشەیان - " خنکان لە فرمێسك و خوێندا"ی لەدوو دەبێت .

من لە هـەوڵی لێکۆڵینەوەی دەوری چینی نـاوەندی نـەتەوەکاندا، بە سەر هیچ نموونەیەکی تری وەکـو ئـەو چینەی نـاوەندی ئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانیدا نـەکەوتووم، ئـەوەندە هـەمیشە ملـکەچ بوون بۆ هەر واقیعـێکی پـەست و، سـڕینەوەی بیری قەبووڵنـەکردنی واقیعی دوژمن و هەوڵی دروستکردنی واقیعـێکی خۆ . دە ئێستا کە شەپۆلی کۆمونیسـتان شەقامی دەگرتەوە، ئـەوانیـش دەبوو خۆ لەگەڵ ئەم واقیعەشـدا بگـونجێنن و لافی " مارکسیستی حەقیقی" بوونیش لێ بدەن، تا بتوانن لەگەڵ رەوتی ئاودا بڕۆن . بەڵام کۆمونیست زۆر چاك دەیانزانی کە برایم و جەلال تاڵەبانی هـەر ئـەوەندەی شای ئێران " مارکسیستی حەقیقی " بوون . ئەوانە قـەت هیچ شتێکی حەقیقی نـەبـوون، هـەمیشە بـازرگانی ناو بازاڕ بوون، بـەیانی لە خەو هەڵدەستان بزانن ئەو رۆژە چ قوماشـێك لە بـازاڕ دەکڕدرێت تا ئەوانیش ئەو کوتاڵە بفرۆشن . کۆمونیست - زۆر لەجێی خۆیدا - بە منافق و ساختەچییان دادەنان و ئەوەندەی تر جنێویان پێ‌دەدان .

ئەو حیزبەی برایم و جەلال، جگە لەوانی بێ رەنگ و بێ تام و بێ بۆن، کـۆمونیستی راسـتەقینەشـی تێدا بوون، کە هەبوونی هەر حیزبێکی" ناوچەیی" ( کوردو موردو نازانمچی)یان بە کاری بۆرژوای چەپەڵ دادەنا و، بەتایبەتی لێرەدا کە بـۆرژوای " کـوردی نـانـەتەوە" دەیویست بە دروشمی مارکسیستی- لێنینیستی، پرۆلیتاریای عیراقی نـەتـەوە وەکو ترۆزی دوولەت بکات . ئەو کۆمونیستە راسـتەقینانەی هاوحیزبی برایم و جەلال، دەبوو رێگا لەوە بگرن کە برایم و جەلال و هەڤاڵانێکیان هیچ سەربەخۆبوونێکی رەفتاریان لە الحزب الشیوعی العراقی هەبێت .

هەروەك کە حیزبی‌دیموکراتی‌کوردستانی ئێران لقێکی تودە بوو، دەبوو پارتی دیموکراتی کوردستانیش لقێکی

الحزب الشیوعی العراقی بوایە و نە پتر . باشترین گارانتی بۆ ئەوە کە ئەو بۆرژوای نانەتەوەیە نەتوانن حیزبی پرۆلیتاریای عیراقزەمین دوولەت بکەن، ئەوەبوو کە ئەندامێتییان وەکو سازی ناساز هەڵپەسێرن، تا لەکۆنگرەدا بە رەسمی دەریان دەکەن . بەوجۆرە " هەمزە عەبدوڵڵا" ی سەرۆکی حیزب و هەڤاڵانی تری مارکسیستی رابەریی حیزب، تاقە پارتیی چالاك مانەوە، کە فەرمانیان لە مەرکەز (الحزب الشیوعی العراقی) وەردەگرت و، " الحزب الشیوعی العراقی" یش - بە بڕیاری مۆسکۆ- فەرمانی لە سەفارەتخانەی بلغاریا( بولگارستان ) وەردەگرت و، یەکێتیی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای " کۆمێنتێرن" ( نێو- نەتەوایەتیی سێیەم بە یەکەم پیتەکانی بە رووسی ) وەکو سەعاتی سویسری کاری دەکردو، بە بۆرژوای نانەتەوەو ئەوشتانە نەدەشێوێندرا .

برایم و هەڤاڵانی، ئیتر حاڵیان باش نەبوو، لە هەموو دینان بوون، دروشمی رزگاریی نەتەوەیان لە ئیستیعماری عارەب لە سایکۆلۆجیەتی زۆربەی کورد سڕیبۆوەو دروشمی برایەتیی کوردوعارەبیان داهێنابوو و، وا نە ناسیۆنا- لیستی عارەب قەبوولی دەکردن و نە کۆمونیستی کوردو عارەب . کۆڵانەکە دەرنەدەچوو، گەڕانەوەش تازە نەدەکرا. لە کۆتایی کۆڵانی دەرنەچوودا، سەیری دیواریان دەکرد و دوعایان دەکرد کەسێك لەو سەربانەوە گوریسێکیان بۆ شۆڕبکاتەوە تا لەنێوقەدی خۆیانی ببەستن و هەڵیانکێشێت و دەرچن .

ئا، رێك لە ئەو هەلومەرجەدا، سەرلەبەیانیی ١٤/ ٧/١٩٥٨، دنیا گۆڕا و، بە زوویی کەسێك بەناوی" بارزانی" پەیدا بۆوە و گوریسێکی لە سەربانەوە بۆ شۆڕکرنەوە و، بە جنێوی روون و ئاشکراوە پێی‌گوتن " دەی، گوریسە- کەم بگرن با هەڵتانکێشم" .

ئیتر پارتی گەڕایەوە کۆشی سەرۆکی عەشیرەتی بارزان و نە چینی ناوەندی و نە ماوەندی و نە هیچ . لە ئەو ئیفلاسەی چینێکی ناوەندی سووك و چرووکی نەتەوەیەکی کاڵ وکرچی دەرەوەی جەغزی مێژوودا، تەریقەت و عەشیرەت بۆ فریاکەوتنی کورد هاتنەوە مەیدان و، دەرگای دیوەخانیان بۆ چینی ناوەندی کردەوە، کە بچنە دیوەخان و دەستو پای تەریقەت و عەشیرەت ماچ بکەن، تاکو شتێکیان - شەرەفخان گوتەنی- لە " ئەلتاف وە عینایات"ی خودانی بارزان پێ‌بگات .

پارتەکەمان یەك پارتییە و سەرۆکی کورد بارزانییە .

خەڵکی بارزان، سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، بە هێزی تەریقەت (ی نەقشبەندی)، لەژێر دەسەڵاتی ئاغاوەتی عەشیرەتی زێباری دەرچووبوون. ئیتربوونە عەشیرەتێکی سەربەخۆ، کە خۆی بە رژێمێکی نوێی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و تەنانەت ئاینیی، بە زنجیرەیەك قانوون، بەشێوەیەك رێكخستبوو، کە بەوە ئیتر- زۆر لەجێی خۆیدا- دەیتوانی بڵێت: عەشیرەتی ئێمە بە سەدعەشیرەتە و، ئەوەی لە ژیانی خۆی بێزار بووبێت با بێت خۆ لە قەرەی قەڵای بارزان بدات.

بارزان، مێژوویەکی گرنگی پڕ لە شانازیی لە سیاسەت و شەڕدا هەبوو و، کە وا لەم سەردەمی جێباسەدا، سەرۆك مستەفا بارزانیی ئەو عەشیرەتە ئیتر ببوو بە گرنگترین رابەرو رەمزی نەتەوایەتیی کورد.

سەرۆك بارزانی، لە کۆماری کوردستانی مهاباد، نێوانی لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتدا پەیداکردبوو و، دوای ئەوە کە" ژێکاف" لەسەر داوای جەعفەر باقرۆف ناوی خۆی کردبوو بە" حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"، سەرۆك بارزانی‌یش - لە رێگای هەمزە عەبدوڵڵای کۆمونیستەوە-" پارتی‌دیموکراتی‌کورد-عیراق" ێکی لەهەرێمی باشوور سازدابوو، بەڵام خۆی راستەوخۆ تێدا بەشدار نەببوو، چووبووە یەکێتی سۆڤیەت و دووربەدوور بە نامە کەمە پێوەندییەکی ناوبەناوەی لەگەڵدا دەبوو. وا ئێستا، بە هۆی گۆڕانی رژێمی عیراق، لە پادشایی سەر بە رۆژئاواوە بۆ کۆماریی دیکتاتۆرێکی باڵی چەپ (شیعەیەکی کە دەیانگوت نیوەکوردو نیوەعارەب بوو و، حەتمەن دژی ناسیۆنالیزمی عارەب بوو) دەگەڕایەوە و تەواوی گەلی عیراق و کوردستان یەکجار زۆر بەگەرمی خۆیان بۆ پێشوازی‌لێ‌کردنی ئامادەدەکرد.

ئەو هاتنەوەیەی بارزانی، بۆ ئیبراهیم ئەحمەدو هەڤاڵانی ( کە ئەندامێتییان لە پارتیدا هەڵپەسێردرابوو)،هاتنەوەی مەسیحا بوو، کە لە خۆشییان نەیاندەتوانی چاوەڕێ‌بکەن تا دەگاتەوە، ئیتر هەرکە بە بڕیاری هاتنەوەیان زانی، ( ئیبراهیم ئەحمەدو نووری ئەحمەد تاها و ...) دەستبەجێ بە فڕۆکە چوونە لای (کە ئەوسا بەسەفەر لە پراگ بوو) تا لەوێوە لەگەڵیدا بێنەوە و، لە رێگا بەدبەختیی خۆیانی بەدەست کۆمونیستانی حیزبەکەیانەوە بۆ باس‌بکەن و " یا مستەفا مەدەد"!.

بارزانی پێی‌گوتن بۆچی کۆنگرەیەك ناگرن و، تێدا هەر کەسە بیروڕای خۆی بڵێت و بە گوێرەی پێڕەوی ناوخۆ دەنگ بدرێت و، کێشەکە چارەسەر بکرێت " وەکو کە ئێمە لە بارزان هەرکێشەیەکمان هەبووبێت ئاوا چارەمان کردووەو، بڕیار بەگوێرەی قانوونمان هەرچی بووە، هەموومان قەبووڵمان‌کردووەو ئیتر تەواو، نە کێشەو نە هیچ ".

برایم و هەڤاڵانی بۆیان روون کردەوە کە ئەگەر وا بکەن، ئەوا لە سەداسەد دەیدۆڕێنن، زۆربەی هەرە زۆری حیزب لەگەڵ هەمزەدان و، "ئێمە بە لادەر لە مارکسیزم لینینیزم دادەنێن و، حیزب دەکەنە لقێکی حیزبی شیوعی عیراقی، هەر مەگەر تۆ خۆت سەرۆکایەتیمان بکەیت و لەوانەمان رزگاربکەیت" .

بارزانی تێگەیشت کە ئەوە نە حیزب بوو و نە هیچ، کەسانێك دەیانویست ئەو بکەن بە مقاشی دەستی خۆیان، دەستەیەکی لە رابەرایەتیی حیزب پێ لابدەن و، خۆیانی پێ بەسەردا بسەپێنن . بارزانی هەر لە ئا ئەو سەرەتایەوە ئیبراهیمئەحمەدی لەبەرچاوکەوت و ناسی چ جۆرەکەسێك بوو، کە بۆ گەیشتنە سەروو شەرمی لە هیچ فەزیحەتێك نەدەکرد . یەکەم وەڵامی بارزانی بەوهۆیەوە زۆر بەنێوبانگە، کە پێیگوتن " دەبم بە سەرۆکی قەحبان و نابم بە سەرۆکی ئێوە"! . بارزانی زۆری هەوڵ دا قەناعەت بە هەمزە بکات واز لەوە بهێنێت کە پارتی ببێتە لقێکی " الحزب الشیوعي العراقي" . دروشمی مارکسیزم لینینیزم و سەر بە سۆڤیەت بوون بەجێیخۆیان، بارزانی دژیان نەبوو و تەنانەت بەگاڵتەیەکی پێویستی سیاسەتی ئەو سەردەمەی دەزانی، بەڵام دەیویست پارتی حیزبێکی سەر- بەخۆ بێت و لقی هیچ حیزبێکی تر نەبێت . هەرچەندە بارزانی، بۆ دڵنیاکردنی سۆڤیەت، ئەندامێکی" کاگێبێ" (دەستگای جاسووسیی سۆڤیەت)ی هێنا بەغدا تا بیکات بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ( پۆلیت بیرۆ)ی پارتی ( دکتۆر موورادی رەزمئاوەر) و، توانی قەناعەت بە سۆڤیەت بکات کە سەرکردایەتیی پارتی بەهۆی ئەوە کە خۆی ( بارزانی) سەرۆکی دەبێت و لە ژێر چاودێریی دکتۆر مووراددا هەر دڵسۆزی خەتی مۆسکۆ دەمێنێتەوە، ئیبراهیم ئەحمەدو هەڤاڵانی لەو رووەوە ( کە بە دوژمنیکۆمونیزم و سەر بە ئینگلیس ناسرابوون ) هیچیان بۆ نەدەکرا، بەڵام هەمزە هەر ملی نەدا، پێیوابوو کورد مافی ئەوەی نەبوو حیزبی سەربەخۆی هەبێت، جا با سۆڤیەتیش ئەو مافەیان بدایەتە کورد، ئەو نەیدەدا، بەهیچ جۆرێك نەیدەویست پرۆلیتاریای کوردو عارەب دوولەت بکات .

ئیتر بارزانی، کە ئیتر پارتیی بە دارایيەکی خۆی دەزانی و، ئامادە نەبوو فەرمانی حیزبی لە کۆمونیستەکانی بەغدا (یا هەرکەسێکی تر لە دنیادا) وەربگرێت، خۆی ناچار دیت بە مەیلی برایم کۆتایی بە کێشەکە بهێنێت . بارزانی بە برایمی گوت بەیانی دەرکردنی هەمزەو هەڤاڵانی دەربکات و، ئیتر هەمزەو هەڤاڵانی نەیانوێرا بەلای بارەگای حیزبدا بچن و، بارزانی خۆی چووە ئەوێ ( ئاپارتمانێك لە شەقامی" المتنبي" لە بەغدا)، یەك-دوو کەسی لێبوون، کلیلی شوێنەکەی لێ سەندن و، هاتەوە و دایە دەست برایم و تەواو .

حیزب، کەواتە، کۆبوونەوەی دوو دەستەی چینی ناوەندی بوو، دەستەیەکی کە سیاسەتچی بوو و حیزبایەتی و

قانوون و نەزم و ئەو شتانەی مەبەست نـەبوو و، دەیویست سەرۆکی بارزان بەزۆر بیسەپێنێت و، دەستەیەکی تری کۆمونیست کە ئامادەنەبوو"عیراقیبوونیخۆی لەکەدار بکات"و پرۆلیتاریای یەك دەوڵەت وەکو ترۆزی دوولەت بکات .

سەرۆك بارزانییعەشیرەتی بارزانی تەریقەتی نەقشبەندی، بە داوای دەستەی یەکەم، بووە حاکمیموتڵەقی پارتی و، بەکەیفی خۆی دکتۆرموورادی کردە ئەندامی مەکتەبیسیاسی و ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێرو، دەستەی دووەمی ( کە قەبوولی نـەدەکرد کورد حیزبێکی سـەربەخۆی هەبێت ) لە حیزب راو نا .

پارتی دیموکراتی کوردستان، پێش هـاتنەوەی مەسـیحا ، چەند سـەد ئەندامێکی هەبوو ، لەوانە چەند دە دانەیەك لەگەڵ دەستەی برایم و جەلالدا بوون و ، ئەوی تر ، زۆربـە ، کۆمونیستی سـەر بە هەمزە بوون . ئێستا کە بـارزانی دەستەی هەمزەی لە حیزبەکە دەرکرد ،هەر چەند دە ئەندامێکی بۆ مانەوە . ئەو چەند ئەندامە کەوتنە پێهەڵگوتنی موعجیزەکانی بارزانی و ریسواکردنی کۆمونیستەکان " ی کە لە مارکسیزم لێنینیزمی راستەقینەیان لادابوو!" .
ئەو دەستەی چینی نـاوەندی بە سکرتێرایەتی برایم ئەحمەد ، بە هیچ جۆرێك هیچ کارێکی تری جگە لەو دووانەیان نـەدەکرد ( پێهەڵگوتنی بـارزانی و قسەگوتن بە کۆمونیستانی وێڵ ) . قـەت تاقە یەك کتێبی خزمەتی فەرهەنگ، قـامـووسێك، ئـەنسیکلۆپێدییەك، نـووسینەوەی مێـژوویەك، ئـەدەبیاتێك، مـوسیقاو هـونەرێك ... هیـچ، هـەر هیچ، تەنانەت تاقە یـەك کۆمیتە دە ئەو حیزبەدا بۆ هیچ کام لەو شتانە نەبوو .
زمان و نووسین و فەرهەنگی کورد ، نـەك هەر بەرەو پێشەوە نەچوو ، تەنانەت بەرەودواوەش دەچوو ( بەراوردێکی گۆڤاری" رۆژی نوێ"ی سەر بەپارتی بە" گەلاوێژ"ی خودی ئیبراهیمئەحمەدی تا دەساڵ پێشتر بەڵگەیەکی ئەوەیە).
ئەوەی کـۆمونیستەکان بۆ خزمەتی زمان و ئـەدەبی کـوردییان دەکرد ( حەمەی مەلا کەریم ... ئیدی) زۆر لەوەی پارتیەکان پتر بوو . خوێندنی کوردیی خوێندگەکانیش یەك بست لەوەی سەردەمی پادشایی پتر نەرۆیشت، چەند ساڵی سەرەتای خوێندنی سەرەتایی چەند شوێنێکی کەم، زۆرتر لە سلێمانی و، تەواو .
باسی سەربەخۆیی کوردستان حەرام بوو ، باسی ئاڵای کوردستان حەرام بوو ، خزمەتی زمان و کتێب و فەرهەنگی کورد نەبوو ، ئەی چینی ناوەندی پارتی چیی بۆ کورد دەکرد؟ دوو شت : باسی موعجیزەکانی بارزانی و چەپـەڵـ-ـکاریی کۆمونیستان و تەواو .

ژمارەی ئەندامانی پارتی، بەو سیاسەتەی، لە چەند دەیەکەوە بە هەزارانگەیشت، سەرۆك بارزانی ئەوسا لە بەغدا

هەردوو ژمارەکەی لای ڕۆژنامەنووسێکی لوبنانی باسکردو بڵاوبۆوە، بەداخەوە من دەستم بە ڕۆژنامە لوبنانیەکانی ئەو سەردەمە ناگات .

ئێستا پێشڕەوی کورد بارزانییە، سەرۆکمان بارزانییە .

رادیـۆی بەغدای کوردیی حکومەت، بەپێچەوانەی ڕۆژگاری درەخشـانی لەسەردەمی پادشاییدا (مەلا محەممەدی قزڵجی، ڕەفیق چالاك ...)، ئێستا یـەکجار زۆر ساردو بێ مستەوا و توڕەهات بوو( درابووە دەستی عەقید(سەرهەنگ) وەحید بامەڕنی، ئـەفسەرێکی هیچوپووچ و بێ شەخسیەتی کوردی دۆسـتی دیکتاتۆری بەغدا)، بـەڵام کاری وەهاشی دەکردن کە ئیتر بەهۆی تـەبیعەتی سـیاسییەوە، بە قازانجی کورد دەشـکانەوە . لەوانە : گـۆرانیی " بـەرزانی بـەرزانی"ی بڵاودەکردەوە، شیعری قـەدریجان بوو و شەماڵ سایب ( ئەندامی پارتی بوو) بە گۆرانی دەیگوت " کی ڤی ناڤێ وی ( یا ڤی ناڤی) نزانی ؟ بـەرزانی بـەرزانی " . ئـەوە لە هـەرێمەکانی تری کـوردستان دەبیسترا و، عاتیفەی کوردایەتیی کەسانێکی دەبزواند .

پارتیی هەرێمی ڕۆژئاوا، کە یەك یا دووساڵ بوو دامەزرابوون، ، زۆربەیان ئێستا سەرۆك بارزانییان بە سەرۆکی خۆیان دەزانی .

لە هەرێمی باکوور، کەسانێك هەبوون ( کـەمتر لە چینی نـاوەندی کە هەر تەنیا کۆمونیست بوو) دەهاتنە بەغداو پێوەندییان بە بارزانییەوە دەکرد .

حیزبی دیموکراتی‌کوردستانی ئێرانیش بوو بە دوو دەستە، دەستەیەکیان خۆی ڕاستەوخۆ بە بارزانییەوە بەستەوە و بوو بە سـەربازی ( عەبدوڵڵای ئیسحاقی، کە ئێستا ناوی خۆی کردبوو بە ئەحمەد تەوفیق) و، دەسـتەی کـۆمونیستە تەواوەکان کە دژی ناسیۆنالیزم مانەوەو هەر دڵسۆزی یەکێتیی پرۆلیتاریای خۆیان بوون .

بـارزانی زۆر دەیویست بە پشـتگیریی ڕژیمی بەغدا و بەتایبەتی سۆڤیەت، بزووتنەوەی کۆمونیستەکانی ئێرانزەمین بکاتە دۆستی خۆی، بۆ ئەوە" رادمنش"ی حیزبی تودەو دکتۆر قاسملو هاتنە بەغداو، باسی کارێك لە دژی ڕژیمی شای ئێران لە ئارادا بوو، کە هەر قسەیەك بوو و هیچی لێ دەرنـەچوو . بـەڵام بەنیسبەت کوردی هەرێمی ڕۆژهەڵات، بارزانی دەیویست کە حیزبی دیموکرات وەکو پارتی کوردایەتی بکات - وکەوابوو- تابیعی ئەو بێت .

بەوجۆرە خەتێکی ئەو حیزبە ( ئـەحمەد تەوفیق، سـولەیمانی معینی ...) لەلایەن بـارزانی و برایم ئەحمەدەوە لە دژی خەتەکەی تر (دکتۆر قاسملو،کەریمی حیسامی ...) پشتگیریی لێ دەکرا .

سەرۆك بارزانی، بە ڕێکوپێکی سەری لە سەرۆکی ڕژێمی بەغدا دەداو، واش دەبوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی کورد-
یێك سەری لە ئیدارەیەك دەدا و، شەوانە هەمیشە تا بەری بەیانی دیوەخانی گەرم بوو . چەند وەزیرێکی کوردیش
لە بەغدا هەبوون، وەکو وەزیرەکانی تر کاروباری ڕۆژانەی خۆیان دەکرد، کە بەهیچ جۆرێك هیچ کارێکیان بە
مەسەلەی کوردەوە نەبوو . هیچ کەسێکی کورد لە هیچ شوێنێك بە هیچ جۆرێك هیچ بەرنامەیەکی بۆ نەتەوەی کورد
نەبوو . ڕۆژ دەگەیەندرا شەو و شەو دەگەیەندرا ڕۆژ و، بە هەمان ڕۆتینی پووچ و بەتاڵ، درێژە بە ژیان دەدرا .

# ٧- کورد بە چ حاڵێك دەگاتە کۆتایی سەدەی بیست

کـورد ،لە هاوینی ١٩٥٨ـەوە تا کۆتایی بەهاری ١٩٦١ ، زۆر لەگەڵ رژێمی کۆماری عیراق رێك بوون و دۆستی زۆر دڵسۆزی بوون . کۆماری عیراق لە سەرەتاوە،لای خۆیەوە" کوردوعارەب لەم نیشتمانەدا هاوبەشن"ی کردبوو بە بەندی سێیەمی دەستووری؛ ئیدارەیەکی مەعارفی (خوێندنی) کوردی هەروا بەقسە، بێ کردار، دوایی دامەز- رابوو. ئیبراهیم‌ئەحمەد جارێك یا دووان بەگوتار نووسیبووی‌کە ماددەی‌دووەمی‌دەستوور(عیراق بەشێکە لە ئوممەتی عارەب) بکرێتە " بەشی عارەبی عیراق بەشێکە لە ئوممەتی‌عارەب"، بەڵام ئەوەش هەر لە سەرەتاکانەوە بوو و، نـە حکومەت سەری خۆی بە باس‌کردنیان ئێشاندبوو و، نـە کوردیـش هیچ نێوانێکی خۆی لەسەر هیچ شتێك لەگەڵ حکومەت تێكدابوو . تـەنیا ملهوڕیی دیکتاتۆری بەغدا بوو کە ئەو ئارامییەی شێواند . کورد ئەوەندە بەکەڵکی هاتبوون، تەنانەت دووجار بۆ پووچ‌کردنەوەی کۆدێتای زۆر خەتەری ناسیۆنالیستانی‌عارەب فریای کەوتبوون (لە مووسڵ و کەرکووکەوە) و، خودی سەرۆك بارزانی چووبووە شەڕی دژی لۆلان ( کە - دەیانگوت- بە هاندانی شای ئێران پەلاماری مەرکەزەکانی حکومەتیان دابوو ) و زۆری تر، کەچی قاسم لەگەڵ کوردیشیدا تێکدا . مەگەرهـەر ئەو مەرکەزو رێزەی کە بارزانی هەیبوو، چ لە دەستگاکانی راگەیاندنی جیهانداو، چ لای سەفارەتخانەی سۆڤیەت و دەوڵەتە کۆمونیستەکان، ئەو ئێرەیی پێ‌بردنەی ئەو دیکتاتۆرە شێتە روون بکاتەوەو هیچی تر .

دیکتاتۆر کەوتە تەشقەڵە، سەرۆك بارزانی چۆوە بـارزان و، لەپڕێکدا بارزانی بەبێ ئینزار بوردومان‌کران. ئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانی و زۆربەی سەرکردایەتیی پارتی لە بەغدا بوون، بێ ئاگا و بێ خەبەر . ئیبراهیم‌ئەحمەد لە چوونەوە ماڵدا، لە نیزیکی دەرگای ماڵەکەی، تووشی پـۆلیسان دەبێت کە پرسیاری ماڵی" ئیبراهیم ئەحمەد"ی لێ دەکەن!، ئیدی ئاوا دەزانێت کە دەیانەوێت بیگرن، چونکە قەت کەس چاوەڕوانیی ئەو حەملەیەی رژێمی نەدەکرد .

پارتی، زۆر هەوڵی دا وەزع ئارام بکاتەوە، بەڵام بێ فایدە بوو و کار لەکار ترازا . جەماوەر وررووژابوو و، بارزانی راپەڕیبوون . ئیتر برایم و جەلال و هەڤاڵانیان، یەکێك لە دوو رێگایان لەپێش بوو : یـان رەگەڵ جـەماوەر بکـەون، دەست لە کلکی رووداوان گیربکەن و هەوڵ بدەن دوایی بۆخۆیانی رام‌بکەن، یا هیچ نـەکەن و وەکو موو لە ماست لە شانۆی رووداوانی سیاسەت دەرکێشرێن و بە دەردی کۆمونیستان بچن . بەوە کە پارتی قـەت هیچ نـەخشەیەك و بەرنامەیەکی بۆ هیچ سیناریۆیەك نـەبوو، ئێستاش مەگەر هەر وەدووی رووداوان بکەوتایە . رەگـەڵ کـەوت . بـەڵام تاقمی برایم هەر لە یـەکەم سـاڵی ئەو رەگەڵ‌کەوتنەدا ، بە بـێ ئاگاداریی بارزانی، نێوانیان لەگەڵ ساواکی شای ئێراندا پەیدا کرد و، کەوتنە بەربەرەکانیی بارزانی (١٢). ئیبراهیم‌ئەحمەد چیتر بۆ قەڵاچۆکردنی‌کۆمونیستان

پێویستی بە بارزانی نەبوو، کۆمونیست فت ببوون و ئیتر هیچ هێزێکی ئەوتۆیان نەمابوو . ئێران لەسەر سنووری سلێمانی و لەوکاتەدا دژی بارزانی بوو، کەواتە برایم ئێستا وای پێ باش بوو بۆ لێدانی بارزانی پەنا بە ساواکی شا بەرێت .

لێرە، کۆدێتای شوومی ١٩٦٣ی ناسیۆنالیستانیعارەب بە پشتگیریی هەرتك : عەبدوننا‌سرو ئەمریکا رووی‌دا و جمهوریەتی دووەم پێك هات . کۆمونیستی وەکوهەمیشە گێژووێژی ئـەفیوونی ئاینی پـەرپووتیان، چەکیان بۆ لە سەرکـردنەوەی دیـکتاتۆر هـەڵگرت و بـەهانەیەکی باشیان دا بە رژیمی نوێ کە بکەوێتە قـەڵاچـۆکـردنیان .
هێندێکیان رایانکردو پەنایان بە بـارزانی برد، بـارزانی قەبوولّیکردن . تـاقمی برایم دیـارە بەو قـەڵاچۆکردنەی کۆمونیستان یـەکجـار زۆر شـاد بوون و، لەگەڵ ساواکدا کەوتنە پڕۆپاگەندە دژی "بارزانیی سوور"ی کە کۆمو-نیستانی داڵدە دەدا . ساواکی شای ئێران و تاقمی برایم و ئینگلیس و ئەمریکا، هـەموو دە هـاوکاریدا بوون بۆ نەهێشتنی بارزانی .
دوای ساڵێك، کۆدیتایەکی نوێ لە بەغدا رووی‌دا و، تاقمی برایم ( برایم، تاڵەبانی، دەبابە ، عەلی عەسکەری ...) پەرینەوە تاران (١٩٦٤) و، دوو ساڵ دوای ئەوە (١٩٦٦) هاتنەوە بەغدا و، بوون بە جاشی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی بەغدا و، هەزاران کوردیان بۆ ئیستیعماری عارەب گرت و کوشت .
ئەوە چینی ناوەندیکورد: کۆمونیستەکانی قـەبووڵ نـاکەن کورد رێکخراوی سـەربـەخۆی هەبێت، دەستەیەکی تری رەقیبیان لەدژی ئەوان پەنا بەعەشیرەت دەبەن و، دوای ئەوە دەبنە جاشیئیستیعماری فارس و ئەوجاعارەب .
رادەی هۆشی جەماوەر : نیسبەتی هەرە زۆری گەل ئەو تاقمەی برایم و تاڵەبانی بە "رۆشنبیر" و -پێمەکەنە- بە سۆسیالیستی مارکسیست لێنینیست دادەنا! .
بەم جۆرە، هەرێمی باشووری کوردستان خەباتی نەتەوەیی جارێ خستە لاوە و نیو سـەدە بە شەڕی نێوان بنەماڵەی بـارزانی ( کە کوردستـان ئیتر بە گوندێك لە گوندەکانی مڵـکی خۆیان دەزانن ) و، چینی نـاوەندیی مـەدرەسـەی جاشێتی بسەربرد .

کورد گەیشتە ١٩٩٠ و، وەکو ئێستا، تاقە یەك رێکخراوی نەبوو کە بەرنامەیەکینەتەوەیی هەبێت، پرۆگرامێکی بۆ وەدەستهێنانی مافی نـەتەوەبوون هەبێت، لە سەرووی سنوورەکانی دوژمنەوە یـەك هـەمان رێبازی لە پێناوی ئەوەدا هەبێت . بـەڵام جۆرەها رێکخراو و چەندین" تـاقە سەرۆك" ی هەبوون و هەن، کە هەموو، هەر هەموو، نە

فریان بەسەر بەرنامەی بوونە نەتەوەوە هەیەو نە مڕ! . هەرکامە لەوانە دەیەوێت بەهەر نرخێك بێت، بە هەر نەتیجە-یەکی لێی دەکەوێتەوە، بۆ دەسەڵاتی تـاقە رابەری خۆی، لەدژی تـاقە رابەرەکانی تر، هاوکاریی ئیستیخبارات و لەشکرەکانی ئیستیعماری عارەب و فارس و تورك ( و ئینگلیس و ئەمریکا و رووس و شیرکەتەکانی ئەمارات و نیویۆرك و هیندستان و ... تا چیای قاف) بکات . هـەرچەندە ١٩٩١، جەماوەری نەتەوەی کورد هـەموو هەرێمی بـاشووریان لە چنگی ئیستیعماری عارەب دەرهێنا و، دەوڵەتانی گـەورە ئـاسایشی بـەشێکی هەرێمیان بۆ کورد دابین کرد، بـەڵام ئەوانە بە هیچ جۆرێك شـەرم و حـەیای جاشەکان و بـارزانیەکانی خاوەن مووچەیکوردستانیان بەشی ئەوەندە نەبزواند، کە کورد بەکوشت نەدەن و، دوژمن ماچ نەکەن و، ئاوڕێك لە نەتەوەکەیان بدەنەوە . شـەڕی هـەمیشەیان لەگەڵ یەکترداو خـزمەتکردنی ئیسـتیعماری عارەب و فارس و تورك و ... تا چیای قافیان درێژە پێدا و، هەرچی جەماوەر وەدەستی هێنابوو ( رزگاریی کەرکووك یەکێك بوو لەوانە) هەموویان بە ئاودا دا .

دوو" تاقە رابەر"ی هەرێمی رۆژهەڵات یەکجار زۆر سووك و هاسان ملیان خستە بەر چەقۆی ئیستیعماری فارس و، " بـاکوور بـاشوور رۆهلات ئـاپۆ سەرۆکێ وەلات"یش عارەبەکان فرۆشتیان و کەوتە زیندانی ئیستیعماری تورك و، لە زیندانەوە هێرش دەکاتە سەر" دەوڵەتی نـەتەوەیی کوردستـان" و پرۆژەی خۆی بۆ" یـەکێتیی نەتەوەی دەوڵەتی تورکیا" هەیە .

تاقە رابەرەکانی هەرێمی رۆژئاوا یەکجار زۆرن و من ئەوپەڕەکەی دەرزەنێکیان لێبناسم کە بێزوو بە خوێنی یەکتر دەکەن .

کورد، کە هـەموو مەرجە بابەتییەکانی نەتەوەی هەیە، بەم جۆرە سەدە دەگـۆڕێت، کە لە رووی زاتییەوە تـاقە یـەك دانە رێکخراوی چوارنەفەرییشی بۆ چل ملیۆن مرۆڤی، بە بیری نەتەوەبوونی، لەسەر شانۆ نیە .

بەشی سێیەم

# سەدەی بیستویەکەمی کورد

# ٨- سەرەتای هەڵوەشانی نەتەوەی کورد

دیسان بە تەعریفی نەتەوەدا بێینەوە و ئەوجا سەیری شوێنی کوردی ئەمڕۆ لەوەدا بکەین :

نەتەوە بریتیە لە :

کۆمەڵە مرۆڤێك کە خۆیان پێ لەهەمان یەك کۆمەڵگایە و دۆخی تەبیعی ژیانیان لە زێدیاندا وێکڕا دە یەك هەمان دەوڵەتی هەر خۆیاندا دەوێت و دەکرێت .

ئـایا هەولێرو سـلێمانی دە ئەو تەعریفەدا دەگونجێن ؟ ئەوانە خۆیان پێ لە هەمان یەككۆمەڵگایە و دۆخی تەبیعی ژیانیان لە زێدیاندا وێکڕا دە یەك هەمان دەوڵەتی خۆیاندا دەوێت ؟

وەڵام : نا ، بە هیچ جۆرێك نا . دوژمنی یەکەمی هەولێر بریتیە لە سلێمانی و ، دوژمنی یەکەمی سلێمانی بریتیە لە هەولێر . ئیستیعماری عارەب و فارس و تورك، ئـەگـەر دوژمن بن، ئەوا دوژمنی سـانەویـ ( ریزی دووەم) ـن، نەك دوژمنی سەرەکی . دوژمنی سەرەکی هەریەك لەوانە بریتیە لەوەکەی تر . ئـامانجی ستراتیجیی هەرکام لەوانە بریتیە لە تەفروتووناکردنی ئەوی ترو ، بۆ ئەوەش پەیتا - پەیتا پێویستی بە ئیستیعماری عارەب و فارس و تورك هەبووە و هەیە و دەبێت .

تـەنانەت ئەوەی کە بە شـێوەیەك لە شێوەکان لە رابردوودا پێکەوە هەیانبووبێت، ئێستا کەوتوونەتە هـەڵکێشانی لە رەگوریشـەوەی ئـەوەش . یەك نموونەی بچووکی کە وێنەی " لە یـەك نەتەوەنـەبـوونی سـلێمانی و هـەولێر" زۆر بەگەورەیی پیشان دەدات، ئەمەیە :

سەعید قەزازێکی خەڵکی سلێمانی، کاربەدەستێکی سەردەمی پادشایی عیراق بوو ، گۆپاڵێکی دەستی ئینگلیسـ- ـەکان بوو ، - وەك ئەوسـا دەگوترا - دەیانناردە سەر ئەو کەسەی کە خۆی پێ گوندار بوایە، تا بۆیان بخەسێنێت!.

عەشیرەتە عارەبەکانی مەڵبەندی مووسـڵ، کە لە هـەزارسـاڵی رابردوودا بەدەگمەن منەتیان بە هیچ حکـومەتێك بووبێت، بەختی کـەچیان خستنییە بەردەمی ئەو مەتـرەقە . ئینگلیسەکان سەعید قەزازیان بەتایبەتی بۆ ملکەچ - کردنی ئەوعەشیرەتانە کرد بە " متصرّف " ( ئوستاندار ، والی، محافز)ی مووسڵ . سـەرەك عەشیرەتێکی گرنگی عارەبی مووسڵ نـەما کە سەعید قەزاز ملکەچی پۆلیسی نـەکات . جۆرەها ئەفسانە دەربارەی لەناوخەڵکدا بڵاو- ببۆوە، کە گـوایا یەك سەرەك عەشیرەتیعارەب نەمابوو کە سەعید قەزاز لەبەرچاوی خەڵك بەر شـەقی نـەدابێت، بە یەك ئۆتومبیل، خۆی و شۆفێرو یەك پۆلیس دەچووە سەر خێوەتی شـەممەران ( قەبیلەیەکی زۆر بەهێزو سامناك)

بێ هیچ لاموجوومێك لە پێشدا هێندێکی تێهەڵدەدان! ئەوجا قسەی لەگەڵدەکردن ...ئیدی لەوبابەتە.

کە ئینگلیس کردیان بە وەزیری ناوخۆ( کە فەرماندەی یەکەمی پۆلیسیش بوو)، بڕیاری دا کە مەرجێك لە مەرجەکانی پۆلیسبوون ئەوەبوو، بچووبایەتە هەر نوختەیەك لە مەملەکەتدا،بەتایبەتی دێهات و ناوعەشیرەتان، دەبوو خەڵك لە ترسانی بلەرزینایە، ئەگەر نەلەرزینایە مانای ئەوەبوو کە ئەو کەسە بە کەڵکی پۆلیسی نەدەهات. یەك نوختە لە مەملەکەتدا مابوو کە نەك هەر لە پۆلیس نەدەترسان، بگرە هەر ڕێگایان نەدەدا تاقە یەك پۆلیس پێ بخاتە مەڵبەندیانەوە، ئەویش بارزان بوو. سەعیدقەزاز بە هێزێکی گەورەی پۆلیس و پشتگیریی فەوجێکی سەربازی لەشکریشەوە، بڕیاری دا بارزان ملکەچ بکات، بەڵام زوو بۆی دەرکەوت کە نا، بارزان شتێکی‌تر بوو. شێخ ئەحمەدی بارزانی دەردێکی‌دانێ کە سەرما بەهەتیو با بە دەواری شڕی ناکات، سەرۆك مستەفا بارزانی خۆی لێرەدا دەورێکی زۆری هەبوو و زۆری لێ کوشتن. ئینگلیس، دوای ئەوە ویستیان، لە کۆیە، لە ماڵی کاکە زیاد ئاغا، لەگەڵ سەرۆك مستەفا بارزانیدا بدوێن و، سەعیدقەزازیان لەگەڵ خۆیان برد. کە بارزانی وەژوورکەوت و سەعیدقەزازی دیت، وەستا و داهاتەوە و کڵاشەکەی بە دەستەوەگرت و بەوکڵاشەی کەوتە لێدانی سەروگوێلاکی سەعیدقەزاز. تا لەدەستیان دەرهێنا، خوێن هەموو لەشی سەعیدقەزازی داپۆشی ..." هەی سەبابێ سەی، تۆ وادەزانی بارزانی شەممەری عارەبە و هاتووی بۆ ئینگلیس سووکایەتیی پێبکەی ؟ ". ئینگلیسەکان سەعید قەزازیان بۆ هەر مەبەستێك لەگەڵ خۆیان بردبێت، بارزانی بەوجۆرە لێیپووچ‌کردنەوە و، تەنانەت بە پێچەوانەوە، گوڵێکی بۆخۆی لێ کردن. ساڵی ١٩٥٨، کە مەملەکەت بوو بە جمهوریەت، سەعیدقەزاز گیرا و لە " دادگای گەل" ی سەرهەنگ " فاضل عباس المهداوي " ی کۆمونیست دادگاییکرا. دادگاییەکان پڕ بوون لە جنێو و سووکایەتی‌کردن بە زیندانییان، وادەبوو جەماوەری‌کۆمونیستی سەرسەری کە بۆ تماشاکردن هاتبوون پەتکیان رووەو زیندانی فڕێ دەدا کە دە ملی بکەن و رایبکێشن، فیتوویان بۆ لێدەدا و، ئیتر بەرەڵڵاییەك بوو ئەوسەری دیارنەبوو و، ئەوە هەمووی لە تەلەفزیۆن پیشان دەدرا. سەعیدقەزاز وەك هەمیشەی کەللە رەق، جارێکیش کەمترین شێوانی پێوە دیارنەبوو و، تەنانەت زۆر بە فیزەوە ئەو خۆی بەسەر ئەو سەرسەریخانەیەدا دەسەپاند، هەر جنێوێکی بە جنێوێکی زۆر بەهێزتر بە رژیمی نوێ دەدایەوە. جارێکیان گوتی " من پێم خۆشە دەچمە سەر سێدارە، چونکە ئەوسا بەرزدەبمەوە و، ئێوە کە شایانی ژیان نین لە ئاستی ژێر پێی خۆمدا دەبینم. من ئەگەر لەدادگادا دادگایی بکرامایە، نەك لەم بەرەڵڵاخانەیەدا، بۆ هەمووکەس روون دەبۆوە کە من چۆن سي ساڵی رەبەق خزمەتی دەوڵەتم کردووە، من بۆ ئەوە بە شانازییەوە دەمرم".

سەعیدقەزاز بە هەمان فیزو فرۆفیشاڵەوە چووە پای قەنارە و ئیعدام کرا . کورد هەبوون بۆی خەمبار بوون، هەشبوون دەیانگوت سەرۆك بارزانی بە حکومەتی گوتووە کە حەقەن دەبێت ئیعدامی بکەن . لە هەموو بارێکدا، ئامێرێکی دەوڵەتێکی ئیستیعماری کوردستان ( و ئیستیعماری ئەو ئیستیعمارەش! ) ویستوویە دەسەڵاتی پۆلیسی ئەو ئیستیعمارە بباتە مەڵبەندێکی کوردستانی لە ئیستیعمار ئاسێ و، کوردی ئەو مەڵبەندە رێگایان نەداوەو، سەربەخۆیی خۆیان بە هێزی تفەنگیان بەرگری لێ کردووە . لێرەدا قەومی کورد لە بەرامبەر خزمەتکارێکی دەسەڵاتی دەوڵەتێکی بێگانەی داگیرکەری دەکاردایە .

ئێستا دەڵێن لە سلێمانی،لەسایەی تاڵەبانی و داردەستەکەی(نەوشیروان)، پەیکەر بۆ سەعیدقەزاز دروستکراوە . بارزانی و خەڵکێك کە پەیکەر بۆ سەعیدقەزاز دروست بکەن، ناتوانن پێکەوە لە هەمان یەك نەتەوە بن . ئەوە هەڵوەشاندنەوەی رابردووشە، بەرەو ئەوە دەچێت کە پەیکەر بۆ هەر سەربازێکی عیراق دروست بکرێت ئەگەر زۆر بارزانیی کوشتبێ .

تاڵەبانی، سەردەمێك، بۆ دژایەتیی بارزانی، " کۆمەڵەی مارکسیست لێنینیست"ی بە نەوشیروانی داردەستی دروست کرد ، ئێستا بە هەمان داردەست تاقمە ئاینییەکان بەگژ حکومەتی بارزانیدا دەکات و ،تەنانەت داردەستە مارکسیست لێنینیستەکەی دەیەوێت بچێتە حەج! .

بارزانی و تاڵەبانی، کە هەریەکە مەڵبەندێکی کورد بە مووچە دەخۆن، چۆن یەك نەتەوە پێکدەهێنن ؟ پێکناهێنن . ئەوانە دۆخی تەبیعیی ژیانیان لە زێدیاندا وێکرا دە یەك هەمان دەوڵەتدا ناوێت و قەت ناکرێت . تاڵەبانی و نەوشیروان دەکرێت لەگەڵ خەڵکی سەحرای مەغریبدا دە یەك هەمان دەوڵەتدا بگونجێن، بەڵام دەگەڵ بارزانیدا ناگونجێن . بارزانیی سەرۆکی هەولێرو دهۆك، دەسەڵاتی لە دیاربەکر و قامیشلی رەنگە لەوەی لە سلێمانی پتر بێت . مەسەلەیەك لای بارزانی و تاڵەبانی نیە کە پێی بگوترێت مەسەلەی " نەتەوەی کورد "، - وەکو عارەبستانی سعوودی- " ناوی ماڵی من " هەیەو هیچی تر .

کێشەکە هەر لەنێوان چەند بارزانییەك و تاڵەبانییەکدا نیە، نیسبەتێکی گرنگی قەومەکەش ئیتر بەشێکە لە " عەشیرەت"ی پارتی و لە " عەشیرەت"ی یەکێتی ( و" گۆڕان"ی داردەستی) و، ئەو دووعەشیرەتە پەرەسەندنی پایەکانی میزاجی قەومەکە دادەڕێژن . زۆر لە حاڵەتی نەتەوایەتیی جیاوازی دنیا بەهۆی کێشەی میران و عەشیرە-تان و بنەماڵان شکاوەتەوە . ئێستا ٦ دەوڵەتی کە ٦ نەتەوە لە ١٩٣ نەتەوەکانی دەستگای نەتەوە یەکگرتووەکان پێکدەهێنن، بریتین لە شەش دەوڵەتی مەجلیسی خەلیجی عارەب . بە هیچ جۆرێك هیچ جیاوازییەکی قەومی

لەنێوان ئەواندا نیە، بەڵام بنەماڵەکانی حاکم وایان شکاندووەتەوە کە گەلەکانیشیان هەست بەجیاوازی بکەن و، خۆیان بە یەك هەمان شت دانەنێن : من بەحرێنی و تۆ کوێتی و فلان قەتەری و فیسار سعوودی و .. . بە هەمان شێوە، چەندین لە دەوڵەتانی ئەمریکای باشوور، بە هیچ جۆرێك، هیچ جیاوازییەکی قەومییان نیە، بەڵام - بەهۆی جیاواز- چەندین نەتەوەی زۆر جیاوازن: من ئەرجەنتینیم و تۆ چیلییت و فلان ئاکوادۆری و فیسار ڤێنزوێلی و.. .

سەدەی بیست، زەلامێك ( عبدالعزیز آل سعود )، بڕیاری دا نەتەوەیەك دروست بکات و، کردی و، بە ناوی خۆی ناو نا " نەتەوەی سعودی". ئەو نەتەوەیەی کە شمشیری ئەو زەلامە بە سەربڕینی یەکجار زۆر لە سەرۆکانی عارەبی نەجدو حیجاز پێکیهێنا، ئەگەر ئەو نەبوایە، دەکرا بەرەو بوونە چەند نەتەوە چووباو ئەو خۆی هەر " ریاض "ی بۆ بمایەتەوە (کە ١٩٠٢ گرتبوویەوە)، بەڵام شمشیری ئەو زەلامە (و بەکارهێنانی وەهابیەت... ) بەلای ئارەزووی ئەو زەلامەیاندا شکاندەوە (١٩٣٢ ، دۆزینەوەی نەوتیش دواتر ١٩٣٨ بەکەڵکی هات) .
خۆ ئەگەر کەسێکی وەکو ئەو، سەدەی شازدە لەو مەڵبەندە پەیدابووبا ، - بڵێین- بە ناوی دەرکردنی ئیستیعماری پۆرتوغالی لە تەنگەی هۆرموز و هەموو بەندەرەکانی خەلیج و دەریای سوور( شاری "جَدّە " ...ئیدی)، عارەبی هەموو خەلیجی بخستایەتە ژێر ئاڵای جیهادی شمشیرەکەیەوە و ئەو- لە جیاتی کەشتیەکانی ئینگلیسی هاوپەیمانی شاعەباس - ئیستیعماری پۆرتوغالیی وەدەربنایە، لەوانەبوو ئەم بنەماڵانەی کە ئێستا شەش نەتەوەیان لە خەلیج دروست کردوون، ئەوسا ببوانایە بە یەك نەتەوەو، ئەمڕۆ بەهەموویان یەك ئەندامی کۆمەڵی نەتەوە یەککرتووەکان بوونایە .
کوردی ئەمڕۆ، هێشتا لە پرۆسەی ساغبوونەوەدایە و، ئەو پرۆسەیە پتر لە یەك هەنگاوی بۆ دوا قۆناغی ماوە . لە رووی مەوزووعییەوە، هەولێرو سلێمانی، هەروەك چۆن زۆربەی سەدەی بیست - بەبێ ئەوە کە ویستبێتیان - لە چوارچێوەی یەك ئەندامی کۆمەڵی نەتەوە یەککرتووەکاندا بوون و، " دەوڵەتی عیراق" ئێستاش "یەك نەتەوە" لە ١٩٣ نەتەوەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەککرتووەکان پێکدەهێنێت و هەرتك هەولێرو سلێمانیی تێدایە؛ دەکرێت کەسێك بڵێت ئەوانە لەهەر دەوڵەتێکدا مەگەر هەر وێکڕا بن، بەڵام نا ، هیچ مەرج نیە وا بمێنێت . ئێستا کە ئێمە دەڵێین، سنوورو ئەندامێتیی " نەتەوە"کان دەبێت راستبکرێنەوە، هەروەك چۆن " یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستە سۆڤێتیەکان " یەك نەتەوە لە نەتەوەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەککرتووەکان بوو و، بە هەڵوەشانی سۆڤیەت، ئەو " یەك" ئەندامە بوو بە " پازدە" ئەندام لە ئەندامانی کۆمەڵی نەتەوە یەککرتووەکان، ئێمەی کوردیش دەڵێین

سنوورو ئەندامێتیی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی‌ناوەڕاستیش دەبێت راست بکرێنەوە، ئەوسا ئەگەر میزاجی هەولێرو سلێمانی لێك دوورکەوتبنەوە، چۆن دەکەونە یەك نەتەوەوە ؟ هەروەك ئوردون و فەلەستین، لە هەموو روویەکەوە لەسەداسەد وێکڕا یەك قەومن، نایانەوێت بکەونە یەك دەوڵەتەوە و، قەتەرو کوێتیش هەروەتر، بۆچی هەولێری " آل بارزان" و سلێمانیی " آل تاڵەبان و نەوشیروان " بیانەوێت بکەونە یەك دەوڵەتەوە ؟

ئایا ئاپۆی باکوورو بارزانیی باشوور دەتوانن یەك نەتەوە پێکبهێنن ؟ نا، بە هیچ جۆرێك نا، نەتەوەی چی و شتی چی؟! باسی یەك‌نەتەوەیی ئەو دووانە،لە هەر نوکتەیەکی قۆڕ بێ‌تامترە .ماڵی بارزانی، هەموو کوردوکوردستان بە ئەمانەتێکی مێژوویی دادەنێن کە خودا خستوویەتە ئەستۆی ئەوانەوە و دەبێت ئەو پەیامە پیرۆزە بگەیەنن .

کەواتە هەرکەسێك ملکەچی موتڵەقی ئەو بنەماڵەیە نەبێت، ئەوان بە دوژمنی دوو شتی دادەنێن : ١- خودا ٢- کوردو کوردستان و، ئەگەر بە دۆلار خۆیان پێ نەفرۆشێت، دەبێت بیپلیشێننەوە و، ئەگەر بۆئەوەش یارمەتی لە هاوسێیی عارەب و فارس و تورك وەرگرن، ئەوە بە شەرع جائیز دەبێن ، چونکە مەسەلەکە لە پێناوی هەم خودا و هەم کوردو کوردستاندایە و حەدیسی شەریفی زۆریشیان لا هەن کە ئەو هەڵوێستە رەوا دەبێن .

ئاپۆ، زەق - زەق، ئاشکرا- ئاشکرا، لە زیندانەوە تورك لە دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی باشوور دەترسێنێت و دەڵێت بەرم بدەن تاکو پێش بەو خەتەرە بگرم . زەق - زەق، ئاشکرا- ئاشکرا، دەڵێت " دەولەتی نەتەوەیی واتا فاشیزم" و کورد نابێت ببێت بە فاشیست،کەواتا قەت نابێت دەوڵەتی کوردستان هەبێت(١٣) . زەق - زەق، ئاشکرا- ئاشکرا، دەڵێت دەبێت یەك نەتەوە لە کوردو تورك لە ئاستی‌کۆماری‌تورکیا پێکبێت . ئێ" سەری رەش" و"قەڵاچوالان"ێك کە دەکەونە دەرەوەی سنووری کۆماری تورکیا چۆن دەکەونە ئەو نەتەوە نوێیەوە کە ئاپۆ دەیەوێت دروستی بکات ؟ تەبیعی ناکرێت . هەر ئێستا، پێ‌کاکا لە هەرێمی رۆژئاوا شەڕ بۆ ئیستیعماری عارەب لە دژی کوردی هەرێمی رۆژئاوا دەکات . کەواتە چۆن هەرێمی رۆژئاوا و دەولەتی نانەتەوەیی کۆماری تورکیای فەلسەفەی ئاپۆ یەکتر دەگرنەوە ؟ ناگرنەوە . دەکرێت کەسێك بپرسێت : پشتگیری کردنی ئاپۆ لە رژێمی ئەسەدی سووریا بە کوشتنی کورد ، چۆن لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەی کۆماری تورکیای ئاپۆدا ( جەوهەری بیری ئاتاتورك) یەك دەگرنەوە ؟ وەڵامەکەی بریتییە لە : تەبیعی یەك ناگرنەوە، هیچ دوو قسەی هیچ رابەرێکی‌کورد قەت یەکیان نەگرتووەتەوە، چونکە هەموو قسەکانیان ماسکن بۆ یەك شت : " منی خودا، دەمەوێت مێژووی درەخشانی میزاجی نێرگسیی شەخسی خۆم بە ئارەزوویەك بگەیەنم" و تەواو . کورد بۆ ئەوان ئامێرێکە، ولاخێکە سواری دەبن بۆ گەیشتنە شتێکی شەخسی و هیچی تر .

لەوانە هەموویان سەیرتر، رابەرەکانی هەرێمی رۆژهەڵاتن . دوو لەوانە قسەیەکی زۆر گشتیی ئاساییان بە قازانجی داهاتووی فارس گوت : " قەومەکانی ژێردەستتان بە شێوەیەکی فێدەراڵی حوکم بکەن نەك مەرکەزی، تا پشێوی نەکەوێتە ئیمپراتۆرییەکەی کوروشی بوزورگ". فارس، وەکو مار پێوەی دابن، شێت و هار بوون، " ئای- ئای کوردیش چاوی ئەوەی‌کراوەتەوە پێمان بڵێت چۆن حوکمیان بکەین یا نەکەین،تەنانەت باسی« قەومەکان»ی ئێران زەمین‌دەکەن، واتا نەك هەر وەکو ترۆزی دوولەتی بکەن، بگرە وەکو سەلاتە بیکەنە چەند پارچە" . دوو رابەرە کوردەکانمان بەوە تۆقین و، کەوتنە پاشەکشێ و عوزرو بەهانەهێنانەوە ... من لەمەیان ناگەم .

بەرژەوەندی بارزانی و تاڵەبانی (سەدان ملیۆن دۆلار) و ئاپۆ( قەززافیی فەیلەسووفی تورکیاو بەشەریەت و رەنگە لە داهاتووشدا پەرلەمان و وەزارەت) تێ‌دەگەم . بەڵام دوو رابەری وەها بێ دەسەڵات، بۆچی دەبێت - رووت پاڵەوانی خودا- نەوێرن داوای رزگاربوونی قەومەکەیان لە ئیستیعماری فارس بکەن ؟ مەگەر مەسەلەکە هەر قسەی رووت نیە ؟ مادام کە هەر قسەیە، بۆچی ناوێرن قسەی قسەئاسایی بەدڵی قەومەکەتان بکەن ؟

بارزانی و تاڵەبانی، لە هەمان قۆناغی سەدەکانی رابردووی کورددا، کە هێشتا چارەنووسی کورد بە لایەکدا نەشکاوەتەوە، هەرکامەیان دەیەوێت بناغەی شتێك بۆ ماڵەکەی دابرێژێت؛ وەك ئەوەی لە سەدەکانی رابردووی ئەوروپا رووی دا: ئەڵمانێك هۆڵەندای بۆ ماڵەکەی دابین‌کرد و، کەسێکی تر لیختشتاین و یەکی تر کان ( لە چوارچێوەی فەرەنسادا ) و یەکی تر لوکسومبورگ و، قەیسەری رووس توانی بە فرۆشتنی ئالاسکا بە ئەمریکا ژنێکی بەدڵی خۆی بهێنێت ( ئالاسکا هەر لە چل ساڵی تا پێش پێنج ساڵدا تەنیا لە نەوت ١١٣ ملیار دۆلاری بۆ نەتەوە ئەمریکاییەکەی دابین‌کردووە! ) و ... چەندو چەندی تر؛ بەڵام ئەی ئەو دوو رووتەی هەرێمی رۆژهەڵات چی ؟ مەگەر شتێکی تری جگە لە سایکۆلۆجیەتی بەندەیی هەیە ئەو پاشەکشێیەیان لەبەرامبەر فارسدا روون بکاتەوە ؟ نا، نیە .

تەورات،گرنگترین سەرچاوەی مێژووی ئەفسانەیی سامیەکان،کەس بە تەواوی نازانێت کەی دەستی پێ‌کردووە ( تاریخەکانی تێدا رەمزی ئەفسانەیی ئاینن)؛ بەڵام لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەربارەی رووداوێکی، بیری مێژوو- ناسان بەرەو ئەوە دەبەن کە شەرکەرانێکی تالانکەری عیبرانی رەنگە دەوری ساڵی ١٧٣٠ پ. ز. چووبنە ئەو وڵاتەی کە ئێستا پێی‌دەگوترێت" میسر"(١٤ ) و،کەوتبنە کەڵەگایی و داگیرکردنی باشترین پارچەزەوی و ئیدی، تا فیرعەونیەکان دیسان دەسەڵاتی خۆیان سەندووەتەوەو، ئەوعیبرانیانە ( کە ئیتر پێیان‌دەگوتن "هیکسۆس" واتا " بەهێزانی‌هەندەران")یان ملکەچ‌کردوون و ژیانیان وا لێ تاڵ‌کردوون،کە لەدواییدا، دوای دەوری سەدەو نیوێکی

مێژووی مانەوەیان لەوێ، بڕیاریان داوە بڕۆن .

تـەورات چوونی ئەو عیبرانیانەی بۆ میسر و دەرچوونیانی لێ - بە شێوەیەکی ڕەمزی ئەفسانەیی شاعیرانە - بە چیرۆکی چوونی یووسف و دەرچوونی مووسا ڕازاندووەتەوە . یـەکێك لە دەرسە یەکجار زۆرگـرنگەکانی تـەورات بۆ قەومی جوو، لێرەدا لە باسی سینادایە . عیبرانیەکان چل ساڵ لە سینا وێڵ بوون، بۆچی وێڵ بوون ؟ خۆ خودا- یەکی‌کە توانیبێتی ڕێگایەك بۆ پەڕینەوەیان لە ناوەندی ڕووباری نیل بۆ بکاتەوە،حەقەن دەبێت توانیبێتی ڕێگا- یەکیشیان لە سینا بۆ ئـەرزی میعاد لەو لەمدا بۆ بکاتەوە و، بە مووسـا بڵێت بێرەدا بڕۆن ،کەچی نـەیکردووە .

دەرسـەکە لەوەدا چیە ؟ ئەوەیە کە ئەو عیبرانیانە بەندەگەرییان دیتووە،کراونەتە بەندەی فیرعەونیەکان و، بەندە نـازانێت ئـازادی چیە . خودا بە ئەو خوداییەی خۆی، دیتوویە کە گیانی بـەندەیی مەگەر هەر بە مـەرگ کـۆتایی بێت، دەنا ئیدی ئەویش ( خوداش) هیچی لەگەڵدا بۆ نـاکرێت . چل ساڵ تەمەنی نسلێکە، با ئەو نسلە بەندەیە کۆتاییان بێت و، ئەو منداڵانەی لە ئـازادیی سەحرادا و دوور لە هـەر دەسـەڵاتێکی بێگانە گەورە بوون، با ئەوانە بچن بناغەی نـەتەوەیەکی ئـازاد دابنێن .

مرۆڤ، تا لە دەروونی خۆیدا ئازادە، لە هەزار کۆت وزنجیری بەندەییشدا بێت هەر ئازادە، بەڵام کە گیانی بەندە- یی گرت و قەناعەتی‌کرد کە ئەو لە خەڵکی ترکەمترە، خەڵکی تر ئازادن و ئەویش خودا وای بۆ بڕیوەتەوە کە لەوان کەمتر بێت، کەواتە دەبێت داوای کەمتر بکات، ئەوسا دەبێتە بەندەو، بەندەییەکەی مەگەرهەر بە کۆتایی ژیانی کۆتایی بێت .

## ٩- کوردی نەتەوەیی

کوردی نەتەوەیی، ئەو کوردەیە کە خۆی وێڕای هەمووکوردی تری جیهان بە یەك قەوم هەست پێدەکات و، دۆخی تـەبیعی ژیانی خۆی و قەومەکەی و هـەموو خـەڵکی کوردستان وێکڕا دە هـەمان یـەك دەوڵەتی تایبەتی خۆیاندا دەوێت و، دەبینێت کە هـەمووکوردستانەکەی دەکرێت بە شێوەی یـەك دەوڵەتی سـەربەخۆ باش لەسەر پێی خۆی بوەستێت و پێشبکەوێت و، ئەندامێکی بەڕێزی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت .

کوردی نەتەوەیی، دەبینێت کە قەومەکەی، لە کاروانی نەتەوەکان دواکەتووە، سەدەی بیستەمی یەکجار زۆر پڕ لە هەلی لەدەست خۆی داوەو، بە شێوەیەکی کارەساتاوی چووەتە سەدەی بیستویەکەمەوە . ئەوە هەستی دەیەشێنێت، شەرمی پێ دێت و، بە ئـەرکی سەرشانی خۆی دەبینێت کە کۆتایی بەوکارەسـاتەی بهێنێت و، بەشـداری خەباتی بەجێهێنانی مافە تەبیعییەکەی بێت کە دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتوو و سەربەخۆی کوردستانە، بۆ قەومەکەی و هـەموو قەومە هـاونەتەوەکانی نیشتمانی نـەتەوە نوێیەکەی و، دەورێکی چالاك دە چوارچێوەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ببینێت .

کوردی نەتەوەیی، کۆسپەکانی سەر ئەو ڕێگایە دەبینێت :

سنووری سیاسیی نەتەوەکانی هاوسێی کە وڵاتەکەیان لە نێوان خۆیاندا دابەش و داگیرکردووە و،کە ئەو سـنوورە سیاسیانە، بەتایبەتی لە سەدەی بیستـەمدا دەردی گەورەی سایکۆلۆجی، فکری و ڕێکخراوەییان بۆ ناوەتەوە .

کەواتە، کـوردی نـەتەوەیی کەسێکە کە ئەو سنوورە سیاسیانە بە تـەوهین بە نـامووسی تـەبیعی خۆی دەبینێت و بە هیچ جۆرێك هیچ شوێنێکیان دە سایکۆلۆجیەتیدا نیە . ئەو نیشتمانی خـۆی هەیە،کوردستانییە، عیراقی نیە، ئێرانی نیە، تورکیایی نیە، سووریایی نیە . کوردی نەتەوەیی خەڵکی هەرشوێنێك بێت، لەوێن و تەوێڵە، قامیشلی و زاخۆ و مهاباد، بایەزیدو وان وکرماشان و ... هەموو شارو دێهاتیکوردستان وەکویەك بە هی خۆی دەزانێت .

کوردی نەتەوەیی، دۆخی دەرەبەگیی ڕابەرانی قەومەکەی قەبووڵ نیە، دابەش کردنی نیشتمان بە دەرەبەگایەتی و خواردنی بە مووچە، کە ئێستا هەیە، قەبووڵ نیە . دەرەبەیی و دابەشکردنی نیشتمان بە مووچەخۆری، هەڵوەشا-ندنی نەتەوەیە .

کوردی نەتەوەیی بەرژەوەندی نەتەوەکەی لەبەرچاوە و، ئـەوە بە هی خۆی دەزانێت، دوژمنی چەوساندنەوەی چینا-یەتییە، دین و دەوڵەت لێك جیادەکاتەوە، زانست دەکاتە ڕێبەری خۆی .

کوردی نەتەوەیی، ڕێگانادات هیچ هەستێکیناوچەیی زیانی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەی هەبێت . هەرشێوازێکی

تری غەیری ئەوەی خۆی ببێتە ستانداردی رەسمیی زمانی نەتەوەی، ئەو بە هی خۆی دەزانێت، تەنانەت ئەگەر نەشیزانێت ئەوا فێری دەبێت. کوردی نەتەوەیی دەزانێت کە دەوڵەت - وێڕای رێزگرتنی هەموو شێواز و زمانانی تێدا- پێویستی بە زمانێکی ستانداردی پێوەندیی گشتیی هەمووان هەیە و، بە یەك ئەلف- بێی پێنووسینی ئەو زمانە.

کوردی نەتەوەیی، هەر ئەلف-بێ یەکی کە" کۆڕی زانیاری"ی نەتەوەکەی بڕیاری بدات، قەبووڵە، رێك وەکو شێوازە ستاندارده‌کە، کە بە ئەوپەڕی شانازییەوە لەکۆڕی زانیاریی خۆی وەردەگرێت، فێری دەبێت و بەکاری دەهێنێت(١٥).

کوردی نەتەوەیی، دەزانێت کە نەتەوەکەی لە دنیای کتێب وئەدەبیات و زانستدا زۆرهەژارە و دەبێت لەو رووەوە کاری زۆری بۆ بکرێت. کوردی نەتەوەیی، دەزانێت هەر ئەوەندە نەتەوەیەك دەوڵەتێکی هەبێت، کۆتایی دنیا نیە، بەڵام هەلومەرجی کوردو هاوسێکانی وەهایە کە دەبێت کورد لەپێشدا ئەو بنکەیەی نەتەوەی خۆی دابین بکات، تاکو بتوانیت پتر هەنگاو بنێت. نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستویەکەم گۆڕانی زۆری دە فکری مرۆڤدا دیت، کوردی نەتەوەیی دەیەوێت لەو قالبە تەحنیت بووەی سەدان ساڵ دەرچێت، لە ئەزموونی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی تر فێرببێت و خەللاقیەتی تایبەتی خۆی بۆ کۆمەڵگای خۆی هەبێت.

ئێمە کە لە مێژووی بزووتنەوە ئازادیخواز و سۆسیالیستەکانی جیهان دەنۆڕین، لە ئەوروپا، ئەمریکای باشوور، ئەفریقاو ئاسیا...، ئەوانە هەموو رووبارانێکی ئەزموونی مرۆڤن بەرەو دنیایەکی باشتر، بە بۆچوونی راست و بە هەڵەیان مرۆڤ لێیان فێردەبێت. بەڵام ئەوانە هەموو وڵاتیان هەبوون، دەوڵەتیان هەبوون، هەلومەرجی ژیانی کورد وەهایە، کە دەبێت لەپێشدا ئەو پارچە-پارچە بوونەی لەئارا هەڵبگیرێت و پایەکانی نەتەوەی تێدا دابمەزرێت، تاکو بتوانێت لەگەڵ گەلانی خاوەن وڵات درێژە بە خەباتی مرۆڤایەتی بەرەو پلەی پتر بنێت (١٦).

هەرکوردێك ئەو نەتەوەبوونەی بە یەکەم هەنگاو دابنێت و هەرچی بۆ کورد بەبیریدا دێت لەچوارچێوەی ئەوەدا ببینێت، نەتەوەییە، جا با کۆمونیستیش بێت!، کۆمونیستیش لە هەلومەرجی کورددا دەبێت پێداویستەکانی قۆناغی رزگاریی نەتەوایەتیی قەومەکەی بەجێبهێنێت، سا ئەو هەر ناوێکی لێ دەنێت کەیفی خۆیەتی، هەرکەسە دەکرێت دەربارەی پێنج هەزارساڵی رابردوو یا سەدهەزارملیۆن ساڵی داهاتوو! بەکەیفی خۆی بیربکاتەوە، بەڵام دەبێت ئێستا کێشەی تایبەتیی زێدەی ئەو بەهۆی " کوردبوونی"یەوە لەسەر هەڵبگیرێت، تا فریای شتی تر بکەوێت: منیش خۆم، وەك زۆر کەسی تر، جۆرەها بیری کۆمەڵایەتیم بۆ داهاتووی مرۆڤ هەیە و، بە ئەوپەڕی رەخنەوە لە فەرهەنگی سیاسیی مرۆڤ دەنۆڕم، دەمەوێت هیچ سنوورێکی نێوان هەر دوو شوێنێك و هەر دوو

قەومێك نەمێنێت، دەمەوێت مرۆڤ پێویستی بە چەك و لەشكرو پۆلیس و دەوڵەت و ئاڵاو هـەموو كارەساتەكانی تری ئەم پێنج هەزار ساڵەی دوایی فەرهەنگی نەمێنێت، بـەڵام چارم چیە، هەنگاوی یـەكەمی خەبات بۆ گۆڕینی مێژوو، دە ئازادی و سـەربەخۆیی قەومە نائازادو ناسەربەخۆكاندا دەبینم، كە منیش یەكێكم لەوانە و، هـەتا ئەوە بۆ قەومەكەم پێكنەیەت، قەومەكەم ناتوانێت هیچ هەنگاوێك لەو پەرەسەندنەی مرۆڤایەتیدا بەرەو پێشەوە بنێت و بەشی خۆی تێدا بەجێبهێنێت .

كوردی نەتەوەیی، رێز لە قەومەكانی تری كوردستان دەگرێت و بۆ هـەموو مافێكیان خـەبات دەكات، مافەكانی هەموو پێكهێنەرانی نەتەوە دە ئەستۆی هەمووانداپە . بەوە كە كورد نیسبەتی هەرە زۆری خەڵكی سەر ئەو خاكەیە كە بە ناوی ستانی ئەوە، بە حوكمی ئەوە دەوری سەرەكیی خەبات دەكەوێتە سەرشانی ئـەو، ئـەینا دیارە هـەموو قەومەكانی كوردستان وێكڕا یەك ئەندامی كۆمەڵی نەتەوە یەككرتووەكان بە ناوی " نـەتەوەی كوردستان" پێك-دەهێنن .كەواتە هەموو قەومەكانی تریكوردستان، وێڕای پاراستنی هەموو مافە قەومیە تایبەتیەكانیخۆیان(زمان و ئیدارەو ئەلف-بێ و ئاین و هەرشتێكی تری تایبەتیان)، هـاونەتەوەی كوردن . هەرئێستا ئەگەر من رێگایەكی تەئسیرم بەسەر خوێندنی هەرێمی باشووردا هەبوایە، ئەوپەڕی هەوڵم دەدا ئەلف- بێی( ئارامیی) ئاسووریەكان،لە-پاڵ ئەلف-بێی رەسمیی ئیدارەی هەرێمدا لە هەموو خوێندگەكانی هەرێم بە دەرس بگوترایە، ئەوانە هەموو سامانی نەتەوەو نیشتمانمانن و نابێت بهێڵین لەناوبچن .

كوردی نەتەوەیی، بە ئەوپەڕی واقیـعبینی نـەخشەی كـاری بۆ بەدیهێنانی خـەونـەكانی دادەنێت و، دژی وەهـم دەوەستێت . ژیان بەبێ پێوانە نـاكرێت و،هـەر شـتەو پێوانەی خۆی هەیە . هەروەك قورسایی بە گەز ناپێورێت و، درێژی بە گرام، پێوانەی هەر مرۆڤەش لە هەر مەیدانێكدا، دەبێت بە پێوانەی ئەو مەیدانە خۆی بێت، نـەك هیچ ئیعتیبارێكی تر . كوردی نەتەوەیی پێوانەی راسـتەقینەی بۆ هـەڵسەنگاندنیكـەسایەتییان و رووداوان هەیە و، هـەمیشـە حـەقیقـەت رێبەریەتی؛ جورئەتی دیتن و بیستن و گـوتنی حـەقیقەتی هەیە و، بە ئارامی، دڵی گـەرم و سەری سارد، خەبات بۆ نـەتەوەكەی دەكات و، هـەر ئـەوەی مەبەستە كە بـەرژەوەندی نـەتەوەكەی تێدا دەبینێت .

ئەگەر قەناعەتی بە كارەكەی كرد، ئیتر باكی بە خەڵك نیە، مەرجی ئەو لەنێوان خۆی و بەرژەوەندی نەتەوەكەیدایە نـەك هیچ شتێكی تر . دڵدار تا بۆی بكرێت دەبێت نێوانی خۆی و دڵبەری نهێنی بهێڵێتەوە . نەتیجەكان دەبێت دەركەون، نـەك پێوەندییەكە .

## ١٠- ڕێکخراوی کوردی نەتەوەیی

مرۆڤ،کە بیەوێت ڕێگای بۆ چوونە شوێنێك لەنەخشەیەکدا بنۆڕیت، دەبێت لەپێشدا شوێنی خۆی لەنەخشەکەدا ببینێت و، ئەو شوێنەی کە دەیەوێت بۆی بچێت و، ئەوجا ڕێگای نێوان ئەو دوو نوختەیە .

کوردی نەتەوەیی دەڕوانێتە ئەو شوێنەی نەخشەی کە نیشتمان و قەومەکەی تێدایە :

نیشتمانەکەی : بەشێکی کەمی دنیا هەر ناوەکەی ( کوردستان )ی - بە زاراوەی جوغرافیایی - هەر بۆ بەشێکی کەمی قەبوولە . بەشێکە لە قەڵەمڕەویی چوار ئەندامی کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان، چوار نەتەوەی شۆڤێنیست و نەژادپەرست و ئەوپەڕی دوژمنی مافی دیاریکردنیچارەنووسیخۆ؛ بە هێزی سەربازی، بە ئاگرو ئاسن و ئەوپەڕی دڕندەیی درێژە بە ئیستیعمارکردنی دەدەن .

قەومەکەی : زۆر دواکەوتوو، سەدەی بیستەم زۆر لەوە تەپۆتر بوو کە قەتاری ئەو سەدەیە جێی نەهێڵێت، دیکتاتۆریی یەك پرۆلیتاریای دەوڵەت و برایەتییکوردوعارەب و فارس و تورك، لە بیری سەربەخۆیی نەتەوەیان دوورخستەوە؛ ئەوجا بە فەرمانی رابەرە بازرگانەکانی، یەکتری کوشت و هەتك کردو و وێران کرد و، ئێستاش لەژێر فەرمانی ئەواندایە، کەی پێیبڵێن یەکتر بکوژن ئەوا دەیکوژن و، کەی پێیبڵێن یەکتر ماچ بکەن ئەوا ماچ - دەکەن و، کەیش پێی بڵێن هەر خێسە لەیەکتر بکەن ئەوا خێسە دەکەن ( لە کاتی نووسینی ئەم دێڕەدا، زۆرتری لە دۆخی خێسەدایە و کەمێکی لە ڕۆژئاوا لە دۆخی" یەکتر بکوژن"دایە) .

ئێستا (٢٠١٣) ، ٩٧ ساڵ دوای پەیمانی سایکس - پیکۆ و، ٩٥ ساڵ دوای کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەم و داڕشتنی نەخشەی نوێ، وا دیسان ڕۆژهەڵاتیناوەڕاست ژانیگرتووەو، دەکرێت شێوانی گەورەو زاینی نەخشەی نوێ دە ئاسۆدا بن . بازرگانیی رابەرانی کورد لەگەڵ عارەب و فارس و تورکدا، لە سیناریۆکانی دە ئاسۆدا، نازانین بە چی دەگات، دۆخی"یەکتر بکوژن" چەندەی کورد دەگرێتەوە و، بەرژەوەندی نەتەوەکانی تر چ بە سەر کوردو تەواوی مەڵبەندەکە دەهێنن .

تەبیعەت، قانوونی بۆ ژیانی مرۆڤ و حەیوان و شتی تریش هەیە . ڕەنگە کەمبوونی ئۆکسجین پێش ٦٥ ملیۆن ساڵ بووبێتە هۆی کۆتایی مێژووی ١٦٥ملیۆن ساڵی دیناسۆرو، لەوساوە جۆرەها حەیوان و ڕوەك بوون و هی دی نەماون . قەومەکانی مرۆڤیش لەم ملیۆن ساڵەیدا هەروەتر، بەڵام ئەوەی حوکمی ئەو مان و نەمانەی مرۆڤ دەدا،

ئیتر بریتیە لە فەرهەنگ، نەك هەلومەرجی وەکو ئەوەی حەیوانان و شتانی بێگیان. یەك نموونە لە زۆر نموونەی مێژوو، لە ئەمریکا دەبینین. ئەوروپاییانێك کە نیسبەتێکی گرنگیان جینایەتکارو دڵرەق و بێ ویژدان بوون، ئەمریکایان لە خەڵکی وڵاتەکە زەوت کرد، بە هەزاران قارەمانی خەڵکی وڵاتەکەیان لەناودا، بە هەزاران ژن و منداڵی بێگوناهیان تەفروتووناکردن. چونکە ئەزموونی مەیدانی بەربەرەکانی پیشانی دا کە فەرهەنگیان لەوەی خاوەنی وڵاتەکە کاراتر بوو، خاوەنی وڵات دەرۆستیان نەهات و، قانوونەکانی تەبیعەت نازانن بەزەیی یانی چی. مرۆڤ - بەهۆی دڕندەیی ئەم یەکەم ملیۆن ساڵەی - لە جەغزی بەربەرەکانیی یەکتر دەرنەچوون. لێرەدا ئەوەی فەرهەنگی کاراترە، دەیباتەوەو، ئەوی تر لەسەر ڕێی خۆی تووڕ دەداتە لاوە. ئەم فەرهەنگە سیاسیەی کە ئێستا کوردی تێدایە، بە شێوەیەکی حەقی، ١٨٠ دەرەجە دژخی پێچەوانەی بوونە نەتەوەیە و، ئەگەر وەها بمێنێت، ئەوا ئاوابوونی یەکجاریی نەتەوەی کورد لە مێژوودا هەر مەسەلەی کاتەو هیچی تر، کاتێکی کەمیش نەك زۆر.

کوردی نەتەوەیی، شوێنی کە دەیەوێت ڕووی تێبکات دیارە:

دەرخستنی کوردستان لە نەخشەی چوار ئیستیعمار و، یەکێتی و سەربەخۆیی بە دەوڵەتێکی ئەندامی کۆمەڵی نەتەوەکانی جیهان، کە پێشکەوتن و ڕێزو سەرکەوتنی ئەندامانی خۆی دابین بکات و، دەورێکی بەرێز لە ئاستی جیهاندا ببینێت.

ڕێگای نێوان ئەو دوو نوختەیەی کە لەپێش کوردی نەتەوەییە دیارە:

کە بە تەعریفی نەتەوەدا بچینەوە، دەبینین یەکەم هەنگاوی" نەتەوەبوون" بریتیە لە " هەست" ی نەتەوەبوون، ئەو هەستەی کە - بەنموونە- فەلەستینی و ئوردونی و جووی ئیسرائیل لێك جیادەکاتەوە،کە هیچ کامیان ئامادە نیە بەشێك بێت لە دەوڵەتی ئەوەکەی تر. هەر پرۆژەیەك، بەرنامەیەك، دروشمێك، تەفسیری ئیدیۆلۆجیا و ئاینێك کە بیەوێت هەستی کورد دیسان بە ڕێگایەکی تردا ببات و، قەتاری ئەم سەدەیەشی لەدەست بدات ( کە ڕەنگە ئەوسا ئیتر چیتر سەدەی بۆ نەمێنن)، کۆسپی سەر ئەو ڕێگایەیە و دوژمنی کوردی نەتەوەییە.

" ویست"ی بوونە نەتەوە، دیارە خەباتی دەوێت، خەباتێکی زۆر سەخت و درێژخایەنی ڕێکخراوی لە ئاستی نەهێشتنی ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان ئێستاو نوختەی ئامانجدا. کاری وەها، حەقەن، هی ساڵێك و دوو ساڵ نیە و، دەکرێت هی یەك نەسل و دوو نەسلیش نەبێت. بەڵام ئیتر لەوەدا وەکو ئەو هەمووە خەباتانەیە کە بە زۆر نەسل لەسەری ڕۆیشتوون تا بە ئامانج گەیشتوون. ئێمە سەدەی بیست لە حوجرەی مەلاکانی دێهاتماندا دیباچەی " مەم و زینی خانی"مان دەخوێند، کە هی پێش پتر لە یەك نەسل و دوو نەسلە. مرۆڤ کە بە دیل گیرا، خودی

خەباتەکەی لە پێناو ئازادیدا، جیا لە باسی پێگەیشتنی، نیشانەی ئازادیی دەروونیەتی، نیشانەی ئەوەیە کە دوژمنی نەیتوانیوە رووحی بکاتە دیل .

هەموو پرۆژەیەکی گەورەی مێژوو، گەورەترین دەسەڵاتانی سیاسی ( چەندین ئیمپراتۆری، سۆڤیەت، رژیمی کۆمونیستی چین، چەندین دەوڵەت، رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی جیهان و زۆر لە شۆڕشەکان و ئاینەکانیش ...)، هەموو بە دروست بوونی" یەك شانە"ی بڕوابەخۆ دەستیان پێکردووە و، بە لەسەر رۆیشتنی بیناکردن و پەرەپێ-دان و کات، لەدواییدا بە دەسەڵات گەیشتوون . هەر قەومەو دەستەیەش،هەلومەرجی جیاوازی هەیە، ئەوەی حیزبی لینینی تێدا دامەزرا و، ئەوەی حیزبی نازیی ئەڵمان و، ئەوەی بەعسی و ئەوەی جەبهەی رزگاریی ئەلجەزایر و ئەوەی رێکخراوانی فەلەستینی و ئەوەی رێکخراوانی ئەمریکای لاتین و...، هەموو جیاواز بوون . هەلومەرجی کوردی نەتەوەییش، زۆر جیاوازە . کوردی نەتەوەیی لە دەرسەکانی مێژووی بزووتنەوەکانی تر فێردەبێت، بەڵام حەقەن مەدرەسەی تایبەتی خۆی پەرەپێدەدا و، رێگای خۆی لە کۆمەڵگای خۆی و دەوروبەیدا دەکاتەوە و دێتە سەر شانۆی مێژوو .

ئایا بزووتنەوی نەتەوەبوونی کورد دەست پێدەکات و، رێکخراوی لە ئاستی ئەو بەرپرسیارییە دێتە مەیدان، یا کورد بە چەند کەمایەتییەکی فەرهەنگیی پێکهێنەری چەندین نەتەوەی تر دەتوێتەوە، یا لەوەش خراپتری لێ بەسەر دێت و، دەبێتە داردەستی شەڕی نەتەوەکانی دەوروبەری ؟

دوو رێگا لەبەردەمی کورد هەن، یەکیان ئەوەیە بزووتنەوەی نەتەوەبوونی کورد دەست پێ بکات و، رێکخراوی لە ئاستی ئەو بەرپرسیارییەی بێنە مەیدان، دووەمەکەش ئەوەیە کە لەئاستی ئەوەدا نەبێت، رەورەوەی مێژوویمرۆڤ ئەویش وەکو زۆری پێش ئەو توور بداتە لاوە . رێگایەکی سەخت و دووروودرێژ لەپێش کوردی نەتەوەییە،هەرچەندە پاشکەوتوویی قەومەکەی، کە بازرگانەکانی سیاسەتی وزەیان بە جۆرەها شێوە بە ئاودا داوە، رەنگە لەوەش کە هەیە درێژتری بهێنێتە بەرچاو . چونکە چەند شۆڕشگێڕی حیرفەییکەم، زۆریان پێدەکرێت .

هەموو ئەو چەند نەفەرەی بە" یەك شانە" دەستیان بە گۆڕینی مێژوو کردووە، لەسەرەتاوە دیتوویانە کە زنجیرە چیای بەرزیان لەبەردەم بوون، لەشکرانی هەزار بە هەزارو خەڵکانی یەکجار زۆری ئیدارەی دەوڵەت یا دەوڵەتان ... ئیدی . بەڵام ئەوان زانیویانە کە رووبەڕووبوونەوەی ئەوان لەگەڵ چەند کەسێکی جەرگەی بەرامبەردایەو، ئەو هەمووەی تری بە دەورەوە بریتی بووە لە تابیع، لقوپۆپ، خۆی لەخۆیدا دەسەڵاتێك نەبووە .

یەکەم شانەی کە لینین تێدا بەشداربووە، بە ڕواڵەت هەموو ئیمپراتۆریی پان و بەرینی قەیسەری بەرامبەر بووەو، تەنانەت سیستمی سەرتاسەری مرۆڤایەتی کە ئەو شانەیە دەیویست بیگۆڕێت. یەکەم چەند نەفەری بەعسیی سووریای کە لە قاوەخانەیەکی لوبنان کۆبوونەوە، دەستگای هەموو ئەو دەوڵەتانەیان بەرامبەر بوون کە دوای کەمتر لە بیست ساڵ دەستیان بە سەر دوو لەوانەدا گرت. پارتیەکانی کوردیش، سەردەمێك چەندکەسێکی کەم بوون و، چیای بەرزیان لەبەردەم بوون. چوونە مەیدانی خەباتی سیاسی وەهایە، شانەیەك لە شوێنێکەوە دەست-پێدەکات و دەکرێت دوایی ببێت بە دەوڵەتێك، پریشکێك لەدواییدا ئاگرێکی گەورە بنێتەوە.

ڕێکخراوی‌کوردی‌نەتەوەیی، دەبێت لەسەرەتاوە، یەکجار زۆر نهێنیێ بێت، ئەوە هیچ کە بێگانە پێی‌نەزانن، نابێت دەسەڵاتدارانی کوردو، هیچ کام لە حیزب و ڕێکخراوە کوردەکان بۆنی بکەن. ئەمینا تەفروتووناى دەکەن و ئاداری بەسەر پادارییەوە ناهێڵن و، بۆ ئەوە - ئەگەر پێویستی ببێن- یارمەتی لە ئیستیعماری عارەب و فارس و تورك داوادەکەن. خەڵك هەن لەسەر کەمێك پارە مرۆڤ دەکوژن. ئێستا کە ڕێکخراوی نەتەوەیی کورد بیەوێت دەستی ڕابەرانی دەرەبەگی ئێستای‌کورد لە زۆر ملیۆن دۆلار ببڕێت و، ئینکاری خودایەتیی ئەوانەو تەبەعیەتییان بکات، ئەو ڕابەرانە هەموو شتێکی غەیری لەناودانی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانەیان لەبیردەچێتەوە. کەواتە، بە ئەوپەڕی نهێنی مانەوە لەم دوژمنانەی نەتەوەش (لەم ڕابەرانەی ئێستای کورد، وەکو دوژمنانی بێگانە)، یەکەمین مەرجی کاری هەر ڕێکخراوێکی جیددیی‌نەتەوەییە. ئەو ڕێکخراوە دەکرێت لەسەرەتادا،بۆ خۆپاراستنی، جۆرەها ماسکی هەبن، بەشێوەیەك ئەگەر ئەوانە تووشی بەلا بێن، بەلا بە ڕێکخراوە ئەساسییەکە نەگات (ئەزموونی زۆری وەها لە دنیا هەبوون). تەبیعی، ڕۆژێك دێتە سەر شانۆ و چەپڵەی بۆ لێدەدەن. بەڵام ئەو ڕۆژەی کە خۆی دیاری دەکات، کە ئیتر کار لەکار ترازاوە و، بەرامبەرەکانی نەك هەر ناتوانن لەناوی بەرن، بگرە خودا-خودایان دەبێت کە ئەو لەگەڵیان زبر نەبێت.

ڕێکخراوێکی‌نەتەوەیی، ئەگەر بزانێت چۆن کار بکات، ئەوا بە بیست کەس،هێزێکی زۆر لەوەی پارتی و یەکێتی پتر دەبێت. یەکێتی بریتیە لە دووکەس (تاڵەبانی و ئەوشیروانی داردەستی و وەلی عەهدی و تەواو)، پارتی بریتیە لە دە کەسێکی ماڵە شێخانی بارزان (١٧). "حیزب" لە بەشەکانی تری کوردستانیش، زۆر لەوانە پتر نین، بەسەدان و تەنانەت هەزارانیش دەکرێت تێدا ئەندام بن، بەڵام ئەوانە" ڕازاندنەوە"ن ،کە ڕێکخراوێکی چالاکی نەتەوەیی دەتوانێت لەناوەوە هەڵیانلووشێت(١٨). هەموو، سەرتاسەر، بێ نەخشەن و نەتیجەیان سیفرەو، ڕۆژ بە-ڕۆژ بۆ کۆمەڵگاکەمان ڕوونتر دەبێتەوە کە دەست لەوانە بەربدات و ڕوو لە ڕێبازو نەخشەو کارێکی تر بکات.

# پەراوێز

١ - لافاوەکە لە ئەدەبیاتی سـامیەکاندا بووە بە " لافاوی نووح " . عارەب دەڵێن " طوفان نوح" . عارەب وشەی " طوفان "یان لە" تای‌فۆون" ی یۆنانی وەرگرتووە، کە ئەویش لە " تایی فونگ" ( واتا: باهۆز،گەرداو) ی چینی وەرگیراوە. ناوی نووح (ی کە تەورات بە نۆ پشت دەیگەیەنێتەوە ئادەم و حەوا) بە عیبری بە دوو پیت دەنووسرێت " نح נח"،کە رۆژگارێك بە" نۆوەح" خوێندراوەتەوەو ئێستا بە" نۆوەخ" . دوور نیە وشەی" أناخَ" ی" أناخَ البعير" ی عارەب (واتا: وشترەکەی یخ دا) پێوەندیی بەم دوو پیتەوە هەبێت ." نح נח" لە زمانی‌عیبریدا ریشەی کردارێك و ناوێکی دووپیتی بە مانای حەسانەوەو ئارامی و ئاسایشە .

لافاوەکە لە ئەفسانەی" گیلگامێش "یشدا هەیە ( گیلگامێش پێنجەم پادشای ئوروك لە ١٦٥٢پ..ز. تا ١٦٠٢ پ. ز. کە ئەو ئەفسانەیەی بەدەورەوەیە) . بەڵام ئەوە قسەی لەسەرە، چونکە هیچ لە نووسینی سومەریەکان خۆیان نەماوەتەوە،نووسینی سومەریەکان لەسەر قوڕ بووەو قوڕ تێکەڵ بە قوڕی زەوی بووە . ئاشووریەکانیش هەر لەسەر قوڕیان نووسیوە، بـەڵام لە هێرشی لەشکری ماددا، سا بە ئانقەست یا بێ قەست، ئـاگر دە کتێبخانەی ئاشووری کەوتووەو پارچە نووسراوە قوڕەکان بەو ئاگرە بوون بە خشتی‌سوورو بەوە پارێزراون، ئەینا ئەمانەش لەناودەچوون . بەشێك لە نووسراوانی سومەری(کە ئەفسانەکەی گیلگامێش یەکێکە لەوانە) لەکتێبخانەی ئاشووریدا پارێزراون، بەشێکیشیان هەر سـەرلەنوێ لەلایەن ئاشووریەکان خۆیان نووسراونەوە، ئەوەیە دەگوترێت ئەو بەشەی ئەفسانەی گیلگامێشی کە باسی لافاوەکە دەکات ( لەوحی ١١)، رەنگە لەئەسڵەکەدا نەبووبێت و لێ زیادکردنی ئاشووریە- کان خۆیان بووبێت .

٢- مرۆڤ، بە پێچەوانەی گیاندارانی تر،" خەیاڵ"ـێکی وەهای هەیە کە دەکرێت تـەواوی جنسی مرۆڤ و هەموو حەیوان‌و شتی ئەم جیهانەش لەناوبەرێت . شتێکی‌کە خەیاڵی"مارکس"ی پرۆفیسۆری ئابووریی ئەڵمانی سەدەی نۆزدە نەیتوانی تێی‌بگات . مارکس ئەو خـەیاڵە عیلمییە ( ساینس فیکشن science fiction) ئابوورییەی خۆی بێ خەیاڵی میسالی نەبوو و، چارەنووسی مرۆڤی‌تری لە عونسوری خەیاڵ دەرووتاندەوە و، بە حەیوانێکی عاقڵی وەهای دەدیت کە هەم بەدووی بەرژەوەندی ئابووریی خۆیەوە بوو و هەم دەشـیزانی ئەو بەرژەوەندەی لەچیدایە .

- بڵێین - ئەندامانی حیزبی رابەری پرۆلیتاریا نەدەکرا بچن بۆ چوار فلس گۆڕی دایکو باوکی یەکتر هەڵبدەنەوە، یا دوو پیاویان کێشەیان لەسەر ژنێك لێ پەیدابێت و بە راپۆرتی پڕ لە درۆ یەکتر تووشی زیندان وکوشتن بکەن .

هەر ئەوەندەیان پێویست بوو  پسپۆڕێکی ئابووریی وەکو مارکس بێت  تا بە چەند عەمەلێکی نەشتەرگەریی ئابووریی چینەکانی کۆمەڵگا ، تەرازوویەکی دالەنگاو هاوسەنگ بکات و ، ئیتر وەحشیگەریی یەك ملیۆن ساڵیی مرۆڤی سەرزەوی بە حیزبی رابەری دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا کۆتایی پێبهێنێت و بیکاتە حەیوانێکی تر .

با بۆ کاك کارل مارکس هیواداربین  ئاخوندێکی  زۆر بە عەقیدەی رژیمی ئێران  بۆمبیئاتۆم دروست نەکات و بۆ خۆش‌کردنی رێگای مەهدیی ئاخیروززەمان ( کە بە سواری کەر لە چاڵاوەکەی سامەڕاوە دێتەوە)  ئەم دنیایەی پێ وێران نەکات . بەتایبەتی‌کە ئاخوندەکە تاقە ژنێکی پیرێژنی هەبێت و لیچی بۆ حەفتالۆلیتای بەهەشت تك-تك لیك بڕژێنێت و پەلەی بێت، چونکە رەنگە ئەوسا گۆڕەکەی مارکسیش لە لەندەن تیرێژی ئاتۆمی پێ بگات .

ئەوەندەی من بزانم ،هیچ ئاینێك لە دنیادا نیە وەکو مارکسیزم ئەوەندە لە دووشت دووربێت : " مادديەت و زانستی ئابووری".  " مادديەت" بە مەنتیقی خەیاڵی میسالیەتی دوور لە زانستەکانی پەرەسەندنی مێشکی مرۆڤ و ، " ئابووری"یەکی پێچەوانەی قانوونەکانی زانستی ئابووریی کە  سادەترین خوێندکاری ئابووری تێیاندەگات ( رادەی داواکراوی‌کەرەستەوکارو رادەی هەبوونی ئەوانە لە بازاڕی ئابووریی شارستانیەتدا ،کە هەر بە شکەنجەی پۆلیسی نهێنی هەڵناسووڕێن) .  ئەوە کە مێشکی مرۆڤی کۆمونیست  ئاوا لینگەو قووچ  ئەوانەی  دە ئاینیدا خوێندوونەوە، مەگەرهەر بەڵگەیەکی تر بێت  بۆ ئەو وەحشیگەرییەی کە مرۆڤ لەم یەکەم ملیۆن ساڵەی تەمەنیدا هێشتا تێیدایە .

٣-  هەرچەندە توانای ئابووریی فەلەستین بۆ بوونە نەتەوەیەك لە سنووری ئەم پرۆژەیەی ئێستادا  زۆر پرسیار هەڵدەگرێت . ئەوەندە کشتوکاڵەی  ئەو بەشەی کەناری رۆژئاوای رووباری ئوردون و داهاتی سیاحەتگەری و سامانی ماسیی کەناری غەزە چۆن  ژیانی ئەوەندەملیۆنەی نەتەوەیەکی پێ‌هەڵدەسووڕێت .  تەنانەت ئوردونیش کێشەی‌گرنگی توانای ژیانی ئابووری هەیە . ئەگەرهەر بە سەرژمارییەکی ئابووریی رووت لێ‌بنۆڕین، هەرتکیان ( ئوردون و فەلەستین وێکڕا) ئەوجا ئەگەر بتوانن بەسەربەخۆیی و هەژارانە ماوەی  زۆر بە یەك نەتەوە لە سەر پێی خۆیان بوەستن .

نازانم ئەگەر کەسێك هەبێت بڵێت تەبیعەتی رژیمی ئوردون هۆی ئەو هەڵوێستەی ناسیۆنالیستانی عارەبە .  بەڵام چارەنووسی یەکێتیی پارچەکانی یەك ئومەت  بە رژیمەکانی‌قۆناغێکەوە نابەسترێتەوە، خۆ دەکرا گۆڕینی رژیمی ئوردونیان بکردایەتە مەرجێك  بۆ ئەو یەکێتیە . نا ، ئەو یەکێتیە ئێستا بە هیچ جۆرێك لە ئارادا نیە . هەڵوێستی

ناسیۆنالیستانیعارەب لەسەر یەك نوختە بیناکراوە: "هەست"ی فەلەستینیەکان کە ئوردونی نین و، " ویست"ی ئێستایان کە دەوڵەتی تـایبەتی خۆیان دەوێت . ئەو هـەست و ویسـتە، ئێستا، مەرجی" توانای کران " ـەکەیان داپۆشـیوەو، کێشەکانی ژیانی دوو دەوڵەتی جیاوازی ئوردون و فەلەستین بە میرات خراونەتە ئـەستۆی نـەسلی یا نەسلانی داهاتووی ئوردون و فەلەستین .

٤- من لە ژیانمدا سێ جار داوایان لێکردم بچمە حیزبەکەی دکتۆرقاسملو، جاری دووەم لە دواساڵانی رژیمی شادا لە هۆڵەندابوو، دکتۆر قاسملو خۆی داوای لێکردم کە " بە بیروباوەڕی خۆمەوە" بچمە حیزبەکەیەوە .
گوتم: " شیعرێکی شوکری فەزلی هەیە دەڵێت :

سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لەدڵدا هەیە سـاڕێژی نـەکەی . "

دکتۆر دەستبەجێ گوتی : " ئێ دە ئەوە قسەی لینینی بە شیعر کوتووە" .
من سەیرێکم کرد، ئەوجا گوتی : " بەهەرحاڵ، یا لێنین ئەو شیعرەی ئەوی بە قسەی خۆی کوتووە" .
قسەیەکی لێنینی کە دکتۆر خۆی قـەت نەیتوانی بەشێکی کـەمیشی بە فارسەکانی حیزبی تودە بە قـەبووڵکردن بدات .

٥- وشەی ئیستیعماریش،وەکو" کۆلۆنی"یە ئەوروپاییەکە،لێرەدا بە واتای ئەمڕۆ، مەبەست لەوەیە کە دەوڵەتێکی بێگانە خاکی قەومێکی تری داگیرکردووە .
لە رووی زمانەوانییەوە، وشەی" کۆلۆنی" لە " کۆلێرە colere"ی لاتینی واتا چاندن، " کۆلۆنوس colonus" واتا جووتیار، ئەوەی زەوی دەکێڵێت... ئیدی . کە هێزەکانی رۆما چوونە وڵاتێکی تر، لەوێ شـوێنێکیان - زۆرتر بۆ شەڕکەرانی بە رابردوو و بەتەمەن - ئاوەدان کردووەتەوە، پێیانگوتووە کۆلۆنی . دواتر مانای وشەکە زۆر پەرەی سـەندووە ( ئـاوەدانیی سەر بە میترۆپۆل، سەر بە دایکەشار، سەر بەگـەورەشاری ئـەسڵی، یا ئـاوەدانکردنەوەی وڵاتی کە بەبێ خاوەن دانراوە ... ئیدی) .

من سەرچاوەم دەربارەی دروستبوونی زاراوەی" ئیستیعمار "ی عارەبی بەدەستەوە نیە، بیرم بۆ یەکێك لە دوو پیاوی لوبنانی دەچێت : " ابراهیم الیازجی" ١٨٤٧-١٩٠٦ ، داهێنەری وشەی" مجلّە " (گۆڤار)، کە دیارە هیچ

کاری بە وشەی مجل و ماجل و مَجْله ی عارەبی بە واتای" ئاوی بلۆقی پێست" نـەداوە، ئەوەی لە مگلای عیبری وەرگرتووە ( " مگلا מְגִלָּה " بە عیبری بە تۆمارێك دەڵێن کە هەرکام لە هەردووسـەری بە دارێکەوە - بۆ لەسـەر هەڵکردنی - چسپە، بە عارەبی : " دَرْج"، زۆرترین تەوراتی کەنیشتەکان وەهان... ئیدی)؛ داهێنەری زۆر وشەی تریش بووە : دَرّاجە (دووچەرخە)، حساء ( شۆرباو)، لولب ( بورغو، پێچ - لە " لبلاب" ی فارسی (لاولاو) ) .
دووەمـەکـەش : " یعقوب نقولا صروف " ١٨٥٣-١٩٢٧، داهێنەری وشـەی : غوّاصە ( ژێردەریـایی )، دَبّابە ( تانك)، رشّاشە ( تفەنگی ریز، ئاوپاش و هەر شتێپرژێنێك،" رش" = " پـرژاندن، پرژ" )، کهرب ( لە کاهـربا ی فارسی) . بـەڵام بەهەرحاڵ، دیارە هەر وا بیربۆچوونێك بەڵگەی هیچ نیە و، دەکرێت فری بەسەر ئەوانەوە نـەبێت . کە من بەداخەوە لە هۆڵەندا دەستم بە سەرچاوەی ساغکردنەوەی ئەوەو زۆر وشەی تر ناگات . عارەب لە دووسەدەی رابردوودا بە هـەزاران وشـەیان داهێناون . دوای ئەوانەی ریزی یـەکەمیش، دەستەیەکی ئـەکادیمیی میسر - بە نموونە - هەر لە ئۆکتۆبری ١٩٥٩وە تا شەش مانگی دوای ئەوە یەك سەد هەزار زاراوەی زمانانی تریان وەرگێڕاوە .

٦- لە رژیمی رۆما، دەسـەڵاتی قانوون دانان و داوەری دە ئەستۆی چەندهەیئەتێکدا بوو . Comitia Centuriata ( کۆمیتیا کێنتوریاتا ) یەکێك بوو لەوانە،١٩٣ ئەندامی هەبوو ،کە ئەندامەتیان بەگوێرەی توانای کێشانی ئەرکی سەربازانی دەوڵەت دیارکرابوو، ١٨٨ـیان لەلایەن پێنج چینەوە هەڵدەبژێردران (هەر چینە ژمارەیەکی ئەندامانی بۆ دیارکرابوو ٩٨، ٢٠، ٢٠، ٢٠، ٣٠)، پێنج کورسیش بۆ چینی هەژاران دانرابوون، یەکێك لەوانە بۆ چینی هەرە هەژارو نەداری کە هیچ کەڵکێکی بۆ دەوڵەت لێ نـەدەدیترا جگە لەوە کە " پرۆولێیس proles " ( بە لاتینی واتا: رۆڵە، ئەولاد، بەچکە) یان دەبوون بۆ خزمەتی رۆما، ئەو کورسیەیان بۆ خاتری ئەو ئەولادە دەدانێ . ئیتر زاراوەی " پرۆولێیتاریووس" یان بۆ ئـەوانە داهێنا، وەك بڵێیت " چینی (هەر) بە ئەولاد، بە رۆڵە، رۆڵەدار، بە وەچە ( و هیچی تر!) . پرۆولێیتاریووسproletarius بۆ تـاك، بۆ پتر لە یەك بەگوێرەی رێزمانی لاتینی( بە ئەسڵ زمانی مەڵبەندی لاتینوم کە رۆمای تێدا ئاوەدانکراوەتەوە) :" ووس"us"ـەکە دەبێت بە" ا "a"،proletaria پرۆولێیتاریا ) .

٧- دکتۆر قاسملوش، کە خۆی مامۆستای زانکۆی ئابووریی چیکۆسلۆڤاکیای حیزبی کۆمونیست ببوو، لە دوا ساڵانی کۆمونیستیدا ( قۆناغی کە پیربووم تێگەیشتم دەستی گرتم ) شتێکی لەسەر سۆسیالیزم نووسی، بەسەر- چوونی کاری ئەو ئایەتانەی زاراوەسازیی مارکسیزمی تێدا باسکرد، بەتـایبەتی کە وشەی" پـرۆلیتار" لەدنیادا

ئیدی بەڕاستی قسەیەکی بێ مانایە . دکتۆر قاسملو، دیارە نـەیدەتوانی بە هاسـانی نووسینەکەی بە ئەندامانی مەزهەبە ئـاینییەکەی بە قەبووڵکردن بدات و، گـلەیی لە بـەختی خۆی دەکرد، کە چـونکە کـورد بوو، قسەکانی قەبووڵ نەبوون :

" با رەخنەیەکیش لەخۆمان بگرین، ئەگەر ئەو " کورتە باسە" لە وڵاتێکی ئورووپای رۆژئاوا یان لەوەش زیاتر لە وڵاتێکی سـوسیالیستی نووسراباو لە دەرەوەڕا بۆ ئێمە هاتبا رەنگ بوو باشـتر وەربگیرێ تا ئەوە کە ئێمە بوخومان وەك کورد نووسیومانە.(..) چونکو کورد بەداخەوە بڕوای بەخۆی هێشتا هەر کەمە . (..) تەکیەکردن لەسەر هێزی خومان لەسەر فیکری خومان تـازەیە و چونکە تازەیە وەرگرتن و هەزمکردنی هاسان نیە . "

( شیکردنەوەیەکی « کورتەباس»، وتارێکی دکتور قاسملو(..)، ١٩٨٩/٥/٢، ل ٦) .

من لێرەدا دەڵێم نا، ئەگەر کۆمونیستێکی ناوداری فەرەنساش بینووسیایە، هەر لەلایەن تابیعانی ئاینییەوە هێرشی دەکرایە سەر، چونکە تۆ لێرەدا "بیرت کردووەتەوە"، بیرکردنەوەو ئاین دوو قوتبی دژی یەکتڕن، سا لە کوردستان بێت یان لە فەرەنسا . بەڵگەشم بۆ ئەوە هەیە :

نـووسەری مەزنی فەرەنسا " ئاندرێ ژید" ( ١٨٦٩-١٩٥١، خاوەنی خەڵاتی نۆبیلی ئەدەبیاتی ١٩٤٧) کـۆمو- نیست بوو، ستالین دعوەتی مۆسکۆی کرد. چووە مۆسکۆ و هاتەوە و زۆر شتی باشی دەربارەی سۆڤیەت گوت و، بەڵام هێندێك رەخنەشی هەبوون، کە زۆر بە پارێزەوە باسیکردن،کە " ئەوەی من لە یەکێتی سۆڤیەتم دیت، غەیری ئەوەبوو کە پێش چوونەکەم لە فەرەنسا دەخەیاڵمدا بوو". من کتێبەکەم خوێندووەتەوە، ئەسڵەن وەکو نووسینەکەی دکتۆر قاسملو، ئـەوپەڕی دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕی مارکسیزم تێدا هەیە . کەچی کـۆمونیستانی فـەرەنسا لە سەر ئەوەندە رەخنە شـەرمنانەی لە هێندێك شتی سۆڤیەت، یـەك جنێوی ناو بازاڕ نـەما کە پێی نـەدەن، بە حەرفی : " ئاندرێ ژیدی گەوواد!، گەووادی ئیمپریالیزم، قەحبەی سیای ئەمریکا! ". بێگومان هـەردەبوو چـاوەڕوانیی ئـەوەشی بکردایە . کـفرکردن بە ئـاین لای مرۆڤی ئـاینی قـەبووڵ نیـە، ئـەوەی ئـەو بە چاوی خۆی دیتبووی یا نـەیدیتبوو چ قیمەتێکی هەبوو ؟ چاوی ئەو گرنگتر بوو یا ئایەتی مارکس و لێنین و هەڤاڵ ستالین ؟

دەڵێن شێخ تاجەدین یا شێخ ئەحمەدی بـارزان، ئەویش وەکو ئـاندرێ ژیدو دکتۆرقـاسملو،کە ویستوویە " بـیر بکاتەوە"، سەیریکردووە ئەو هەمووە بەرازە لە بارزان ژیانی لێ تاڵکردوون و، لەلایەکی تریشەوە بارزانی مەگەر جێژناوجێژن گۆشتیان بخواردایە، ئیتر گوتوویە کوڕە دە یاڵڵا " بەراز کە دەکوژن، گۆشتەکەشی بخۆن!" . تەبیعی

ئەوە دژی ئـایەتی سـەریحی قـورئانەو و مسـوڵمان مـافی بیرکردنەوەی تێدا نیە . هـەرچەندە بارزانیەکان رەنگە زۆریـان کـەیف پێ هـاتبێت، بـەڵام شـێخانی تـەریقەتی بـامەڕنی و مامەڕنی ( کە رەقـابەتیان لەگەڵ بـارزانـدا هـەبووە) نـەیانهێشتووە بەگیانیان بکـەوێت، لێیان کردوونەتە قوولە و هـەرایەك ئـەوسەری دیار نـەبووە، ئیتر بارزانیەکان بۆیان نـەچووەتە سەرو - ناچار- لێی‌پاشگەزبوونەتەوە .

من خزمێکم لە حیزبەکەی دکتۆر قاسملو خۆی، زۆر بە ترس و لەرزەوە ئەو باسەی سۆسـیالیزم و وتارەکەی دکتۆر قاسملوی پیشان دام وگوتی : " جارێ ناوێرین پیشانی هەموو ئەندامانی خۆمانی بدەین"! . راستیەکەی، منیش زۆرم پێ ئازایەتی بوو ،کۆمونیستێك دوای ئەوە کە ئەو هەمووە ساڵانەی تەمەنی،ئەو خەرافاتەی خستووەتە سەری ئەو هـەمووە خەڵکە بـەدبەختەوە، ئێستا دەوێرێت پێیان بڵێت " نـا ، لەبیر خۆتانی بەرنەوە، ئەو قسانە ئیدی هیچ نین ". مرۆڤی ئـاینی بێت و لە ئـاینەکەی هـەڵبگەڕێتەوە،کارێکی زۆرگـەورەیە . ئاین خۆی لەخۆیدا بریتیە لە مێشك‌شۆرین . مرۆڤ بتوانێت بەسەر ئەو مێشکە شۆراوەی خۆیدا زاڵ بێت، ئەو بە مێشکی‌خۆی بڵێت چی‌بکات لەجیاتی ئەوە کە مێشکی بەو بڵێت چی بکات . ئەوە کارێکی هاسان نیە .

ئەو قسەیەی ئەو خزمەم کۆتایی رۆمانێکی " ئاناتۆل فرانس"ی وەبیر هێنامەوە :

رۆمانی" تـاییس"، کە من بە مێردمنداڵی وەرگێڕاوە عارەبییەکەیم خوێندووەتەوە . ئەوەندەی وەبیرم دێت، تێدا رەبەنە زۆر ئاینییەکە هەموو ژینی هەوڵی دا تەرکی دنیا بە تاییس( کیژە جوانە سەماکەرەکەی مەیخانەی ئیسکە- ندەریەی میسر) بکات و، بیخاتە ریزی راهـبـەکانەوە . لەدواییدا کیژەکە بەقسەی کـرد ، بـەڵام رەبـەنـەکە خۆی پـەشیمان بۆوە و کەوتە هاواری " درۆم کرد ، هەرچی پێم‌گوتووی قسەی قـۆڕ بوون، بە قوربانت بم لە بیر خۆتیان بەرەوە، وەرە باوەشم ماچێکم دەیە لەو قسە حیزانە باشـترە..."، بەڵام تازە بێ فایدە بوو ، کیژ ببوو بە مەسیحی و، ئـا لـەوکـاتەدا ، کە رەبەن داوێنی تاییسی گرتبوو و لێی‌دەپاڕایەوە بـەزەییەکی بە پشـکۆی ئـارەزووی ئـەڤینداری کلۆڵدا بێتەوە و، تاییس بە ئەستەغفیروڵڵا - ئەستەغفیروڵڵا وەڵامی دەدایەوە، سێبەری باڵی چەکچەکیلەکانی شـەیتان بەهەموو لایەکدا بەسەریاندا کەوتنە سووڕانەوە! .

حیزبی دیموکراتیش لە ترسی چەکچەکیلان نـەیدەوێرا نووسینی رەبـەنی ئـاینیی ئەو هـەمووە سـاڵانەی پیشانی هەموو ئەندامانی بدات .

٨- من چاوەڕوانیم لەو داڕێژەرانەی زاراوەی نوێی عارەبی هەبوو ," البرجوازیە"، لەجیاتی " الطبقة الوسطی"، بە

وشەی " البرجیه"ی زۆر لە ئەسڵ نیزیك وەربگێڕن . چونکە بورجوازی و بورگی هەمان شتن . " بورگ" ی کە بە ناوی هێندێك شارانەوە هەیە : نۆرمبورگ، هامبورگ ... ئیدی، واتا " شاری بەشووره، شاری بە قەڵاو بورج " و، لێرەدا "بورج" ـەکە ئەساسە . مەرکەزی بازاڕو بازرگانی و پەیدابوونی چینی نوێی خاوەن سەرمایەی کە دەسەڵاتی سیاسیی لە دەرەبەگی و کلیسای ئەوروپا سەندووە . ڕەنگە وشەکە یـەکەم جار لە " لوکسمبورگ" ـەوە سەری هەڵێنابێت ( پێش نیزیکەی هەزارساڵێك، لوکسومبورگ > لوتیلابورگ = بورگی بچووك) .

٩- باکونین، چەند بە ڕوونی داهاتووی ڕژیمیدیکتاتۆریی پرۆلیتاریای لەبەرچاو بوو . دیارە ئەو فریای سۆڤیەت نـەکەوت، لێنین (١٨٧٠ - ١٩٢٤) تەمەنی شـەش ساڵێك بوو کە باکونین لە تەمەنی شێستوپێنج ساڵیدا مرد . بەڵام باکونین ئەو پێشبینییەی چارەنووسی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای بە مارکس خۆی گوت . لە کۆنگرەی " نێو- نەتەوایەتیی یەکەم" (١٨٧٢ لە شاریلاهە -هۆڵەندا)، باکونین و مارکس توند بەگژ یەکتردا چوون و، لە نەتیجەدا باکونین لە نێونەتەوایەتیی یەکەم دەرکرا . باکونین بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای دەگوت " دیکتاتۆریی تاقمێك، دیکتاتۆریی ئەوان نەك پرۆلیتاریا"، دەیگوت پرۆلیتاریا دیموکراسی و ڕزگاربوون لە دیکتاتۆریی دەوێت، نەك کردنی بە ژێردەستەی خودایەکی دیکتاتۆری نوێ بەناوی دەوڵـەتی دیکتاتۆریی پـرۆلیتاریا. باکونین دەیویست بیناکردن لەخوارەوە بۆ سەرەوە بێت، لە بناخەوە دەست پێبکات و بەرزبکرێتەوە تا دەگاتە سەربان، نـەك دەوڵـە- تێکی دیکتاتۆری لەسـەرەوە دنیای خەڵکی خـوارەوە دروست بکات . دیتیشمان، ئەوەهیچ کە هیچ کـۆمارێك لە کۆمارانی سۆڤیەت ( بە پێچەوانەی قانوونی ئەساسیی سەرکاغەز) نـەیدەوێرا لە فەرمانی مۆسکۆ دەربچێت، هیچ پرۆلیتارێکی رووسیش نـەیدەوێرا ڕەخنە لە رابـەرایەتیی - گوایا - حیزبەکەی خۆی بگرێت و، تـەنانەت بە زوویی وای لێهات نیزیکترین مرۆڤ لە ستالین نـەیدەوێرا بیروڕای خۆی بە خزمەتی ستالین بگەیەنێت، دەبوو( ئـەگـەر نـەیویستبا بیکوژن ) هەر بیر لەوە بکاتەوە ستالین بیستنی چیی پێ خۆش بوو . ملیۆنان پـرۆلیتاری دڵسـۆزی حیزبەکەیان ترس و لەرزیان بوو لە راپـۆرتی جـاسووسانی دەوڵـەتەکەیان! . ترسی مرۆڤ لە دەوڵەت و ئـاین ( کە لێرەدا - وەك باکونین زۆر چاکی دیتبوو- ببوونە یـەك) لە سـەردەمی حوکمی حیزبی کـۆمونیستدا یـەکجار زۆر لەوەی سـەردەمی قـەیسەری رووس پتر بوو، کەچیهەر هێزی خەرافاتی ئاینی توانی دەوری حەفتاساڵ ئەو ڕژیمە چـەوسـێنەرەی مرۆڤ بهێڵێتەوە . ڕژیمی سـۆڤیەتی، بەڵێ، وەك ڕژیمە بـەندەگەرییەکانی تری مێژوو، بەرهەمی گرنگیشی هەبوون . بـەڵام ئـەگـەر بەرهەمی بەندەگەریی سۆڤیەت بەنیسبەت سەردەمی خۆی، بەوەی بەندەگەریی

سومەر، بابل، ئاشوور، یا فیرعەونەکانی میسر بەنیسبەت سەردەمانی خۆیان بەراورد بکەیت، زۆر بێ قیمەت بوو و لەچاو ئەوانە هیچ نەبوو. تەنانەت ئەوەی ئەمریکا، بە ئەو هەمووە دڕندەییەی، لە حەفتا ساڵی تەمەنی سۆڤیەتدا بۆمرۆڤایەتیی وەدەستهێناوە، یەکجار زۆر لەوەی سۆڤیەتی ئەو ماوەیە پترە. خەللاقیەتی تاک ئەو ماوەیە لە ئەمریکا یەکجار زۆر لەوەی تاکی چەوساوەی سۆڤیەت پتر بوو، ئەوە ئەگەر نەمانەوێت بەرهەمی حەفتا ساڵی سۆڤیەت بەوە بەراورد بکەین کە ئەوروپای رۆژئاوای سەرمایەداری لە نیوسەدەی رابردوودا لە هەموو روو-یەکەوە پێشکەشی مێژووی مرۆڤی کردووە.

ئەوەی کە لێنین کردبووی بە بەردی بناغەی حیزبە کۆمونیستەکان و ناوی نابوو "مەرکەزیەتی دیموکراسی"، توانای خەللاقیەتی ئەندامانی کۆمەڵگای یەکجار زۆر لەوەی حیزبی نازیی ئەڵمان کەمتر رێگا دەدا، دیموکراسیی چی و ئازادیی چی و شتی چی؟ شتێکی کە کەریمی حیسامی دوای ئەو هەمووە تەمەنە کۆمونیستبوونەی تێیگەیشت چیە (کە پیر بووم تێگەیشتم دەستی گرتم لە کەسبوکارو تەحسیلی مەعانی)، کاتێك هەر دوو دکتۆر قاسملو و شەرەفکەندی بەو پرەنسیپە پەڕیان کردووە و بە بیری تایبەتیی شەخسی خۆیان حیزبایەتییان کردووە.
مەرکەزیەتی دیموکراسیی لێنین، ئەوەی دەگرتەوە کە هەر لە کۆنگرەی گشتیدا رابەریی حیزب و بەرنامە و بڕیارە چارەنووسسازەکانی دیاردەکران و، لەنێوان دووکۆنگرەدا دەبوو هەموو فەرمانێکی رابەریی‌حیزب بێ چەندو چۆن بەجێبهێنرایە. یانی چی؟ یانی رابەر دەیتوانی لە نێوان دوو کۆنگرەدا، ئەوانەی کە بە دڵی نەبوون وەلابنێت و هەر ئەوانە بهێڵێتەوە کە لەکۆنگرەدا چەپڵەیان بۆ لێدەدا. جگە لەوە کە نێوانی دووکۆنگرە دەکرێت زۆر دوورو-درێژ بێت، لە مێژووی زۆر حیزباندا دەبینین کە دەیان ساڵی خایاندووە.
دیموکراسی، بەڵێ لە رێکخراوی نهێنیدا نیە و ناکرێت؛ بەڵام لەوشوێنانەدا کە دەسەڵاتی رێکخراو خۆی ئاشکرا دەکات، ئەوسا هیچ بەهانەیەك بۆ نادیموکراسی نامێنێت. بەرپرسانێکی حیزبی دیموکرات یا بۆلشەفی یا هەرچی، لە خەباتی نهێنیدا نەدەکرا دیموکرات بن، بەڵام کە خۆیان لە دێهات و شارستانێك ئاشکرا کردبوو، خەڵك ئیتر دەیانناسین و تەنانەت وێکڕا ئیدارەی ئەو شوێنانەیان دەکرد، ئیتر هیچ بەهانەیەکیان بۆ نادیموکراسی نەبوو، دەبوو رێگا بدرایە خەڵك بوێرن بیروڕای خۆیان دەربڕن، پێشنیار بکەن، رەخنەبگرن ... ئیدی و، ئەوانە بە جیددی وەربگیرانایە و کەڵکیان لێ وەربگیرایە.

قیمەتی هەربیروباوەڕێك بۆ حوکمکردن بە نەتیجەی واقیعی دە پراتیکدا بەندە، چەندە کەلێنی بۆ تێخزانی کاری تێکدەرانەی سایکۆلۆجیەتی تاکەکان تێدا هەیە، چەندە نەزمی دامەزراوەکان رێگای ئەو کون و کەلەبەرانەیان

گرتوون و، چاودێریی یەکتر دەکەن و، لەسەرهەر هەڵەیەك یەکتر لەبەرچاوی گەل دەکێشنە دادگاکانەوە ... ئیدی . رژیمێك کە دەربڕینی بیروڕای ئەندامانی کۆمەڵگا قەدەغە بکات و، هەموو دەسەڵاتەکان و راگەیاندن و پایەکانی ژیانی کۆمەڵگا دە یەك دەستدا کۆبکاتەوە و، ئەو دەستە بتوانێت هەرکەسێکی بە دڵ نەبوو لەناوبەرێت، هەر دەکرێت یەك نەتیجەی هەبێت : " بەندەگەری" . خۆ ئەگەر بە قسەی رووت بێت، ئەوا مەنتیقی " دیموکراسیی راستەوخۆ" ی قەززافی، یەکجار زۆر لەوەی کۆمونیستانی سۆڤیەت بەجێتر بوو، ئەو - بە تیۆری - سنووری لە نێوان حاکم و مەحکووم هەڵگرتبوو، الجماهیر ( جەماوەر ،گەل) خۆی لە رێگای کۆنگرەکانییەوە حوکمی دەکردو، قەززافی هەرتەنیا رابەریی ئەو جەماوەرەی دەکرد ، ئەیناهیچ وەزیفەو دەسەڵاتێکی نەبوو، بەڵام بەکردار دەسەڵاتی لەوەی هەر دیکتاتۆرێکی رۆما موتڵەقتر بوو .

لە رژیمی رۆما ،کاتی شەڕیان لەگەڵ فینیقیەکان ( بە فەرماندەیی" حَنبَعَل"ی کوڕی " حَملقار بَرقا")، وەزیفەیەك بە ناوی" دیکتاتۆرdictator" داهێنرا ( کارای کرداری دیکێرە dicere بەلاتینی واتا" گوتن"( لە فەرەنسیدا بووە بە dire)، کەواتە دیکتاتۆر ئەوەی گوتنی بەدەستە، ئەوەی ئەو دەیڵێت دەکرێت)، بۆ ماوەی شەش مانگ (و دوایی بوو بە ساڵێك) و دەکرا نوێ بکرایەتەوە، دەدرا بە کەسێك،کە لەوماوەیەدا دەسەڵاتی نیزیکەی موتڵەقی هەبێت ( لەوەی ستالین و هیتلەرکەمتر، بەڵام دیسان هەر یەکجار زۆر) . دوایی دیتیان ئەوە چ خەتەرێکی گەورەی دەکرا تێدا بوایە . دیکتاتۆر لە سەردەمی حوکمیدا دەکرا بنی هەموو دەسەڵاتێکی تر بکۆڵێت و، بەوە پەرلەمان بکاتە گاڵتەیەکی گەندەڵی . کاتێك دوا دیکتاتۆر"یولیوس قەیسەر"، دە (١٠) ساڵی دیکتاتۆرییشی بۆ پرۆژەکانی پێ بەس نەبوو،دەیویست تەواوی ژیانی بە دیکتاتۆر بمێنێتەوە، ببێتە خودا ،(ئەوەبوو تەنانەت خۆشەویستترینهەڤاڵی یەکێك بوو لەوانەی کە لەسەر ئەوە لە پەرلەمان بەر خەنجەریان دا وکوشتیان، کە شکسپیر بە عیبارەتی" تەنانەت تۆش بروتوس!" لە زمانی قەیسەرەوە دایڕشتووە)، ناوی لە شاران دەنرا و تەنانەت یەکێك لە مانگەکانی ساڵیشی بە ناوکران کە ئێستاش ماوە ( ئەوسا کە ساڵنامەی رۆما بە نەورۆز دەستی پێدەکرد مانگی پێنجەم بوو و ئێستا بەگوێرەی ساڵنامەی مەسیحی حەوتەمە) . لینین و ستالین دەوری دوو هەزارساڵ دوای دیکتاتۆریی رۆما ،هەمان تاسوحەمامی یولیوس قەیسەریان زیندووکردەوەو، دەسەڵاتی قانوونی رۆمایان بە شتێکی وەهمی، دەستەیەك خزمەتکارانی زەندەقچوو بەناوی پۆلیت بیرۆی حیزبی پرۆلیتاریا گۆڕییەوەو، بە دیکتاتۆرییهەمیشەیی . وای بە حاڵی ئەو پرۆلیتارەی کە غەڵەتی ئەوەی بکردایە کەمترین رەخنەی بە سرتەش بدرکاندایە، بەتایبەتی کە لەو پۆلیت بیرۆیە بوایە!، دەدرایە دەست بێریا تاکو خازووقی تێبڕێت . ناوی خودای پرۆلیتاریا لە شاران دەنران و

تەنانەت کە دەشمردن، دەبوو وەکو فیرعەونەکانی میسر تەحنیت بکرێن و، - لەجیاتی ئەوە کە بیانخەنە هەرەمەوە - دەیانخستنە شـووشەوە و دەبوو خەڵك بچن بە ریز لەخزمەت لاشـەی تـەحنیتکراویاندا کڕنووش بەرن .

نـەزمێکی کە مرۆڤ پێش دەوری دووهـەزارساڵ لە رۆما تـاقیکردەوەو بۆیدەرکەوت کە هەڵە بوو و، بە خـەنجەر کۆتایی بە رەمزی نەزمەکە هێنا( ساڵی ٤٤ پ.ز.) و، ئیتر بەلایدا نەچووەوە، وا هەمان مرۆڤ لەسەدەی بیستەمدا گڕ-گڕ گەرایەوە سەر ئەو خۆکەرکردنە، ئەوە چ کارەساتێکی عەقڵی مرۆڤ بوو .

سەدەی نۆزدە، سەدەی گوڵکردنی بیری سۆسیالیزم بوو . پاریس - بە وشەکانی نووسەرێك( ئیزایا بێرلین ) - " پڕ لە تـرافیکی بیـروبـاوەڕان " بوو، چـەندی وەکو پرودۆن ( ١٨٠٩-١٨٦٥ ) کە لێنین ئـەوەندە هێرشی دەکاتە سەر، هیوای بیری ئانارشیزم ( بێ ئاغایی)ـان نیزیكکردەوە، ئەو هیوایەی کە مرۆڤایەتی لە سەدەی شەشی پێش زاینەوە ( لائوتسی ی چین) خەونی پێوە دەدیت و، پرودۆن دە عیبارەتی وەك " بەڵێ نەزم، بەڵام نەك دەسەڵات بەسەر"، یا دارشتنەوەی فەلسەفەی دیۆگێنێیسی یۆنانی بە عیبارەتی " دارایی (ی تایبەتی) چیە ؟ دزییە"، ساندیکالیزمی سـۆرێل و... چـەندو چـەندی تر، وا مـارکسیست بۆ ئیمپراتۆریی دیکتـاتۆریی عـەسـکەریی نوێیان دەهـاڕیـن و، چاکیش تێدا سەرکەوتن، ئەو هەمووە خەون و خەرمانی بیرەباوەڕەی سەدەی نۆزدەیان بە ئاودا دا و،( بە ناوی نێو- نـەتەوایەتیی سـێیەم) بناغەیەکیان دانا کە تەواوی سەدەی دوای خۆیان پێ لە بزووتنەوەی سۆسیالیزم لەبـاربرد، هەمووی لە ژێر چەکمەی سەربازو شکەنجەکارانی ستالیندا لەناودران و، بەرهەمی نـەتیجەی دەوری حـەفتاساڵی رژێمیان ئا ئەم کۆمەڵگای مافیایەی ئێستـای رووسیای لێکەوتەوە . ئەوی تری ( پاشماوەی نێونەتەوایەتیی دووەم) هەر ئەوەندە" سۆشیال دیموکراسی"یەی رۆژئاوای لێ ماوەتەوە کە تەنانەت " جەلال تاڵەبانی"یشی تێدا ئـەندامە! ( گـاڵتەی بازرگانیی سـەرمایەدارانی رۆژئاواو هیچی تر) . نێونـەتەوایەتیی چـوارەمی" ترۆتسکی"یش ( هەڤاڵی یەکەمی لێنین و دوژمنی ستالین) کە ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس دامەزرا، دوای کوژرانی ترۆتسکی ( ١٩٤٠ ) پەیتا پەیتا دەستەی جیاوازی لێ هەڵدەپریوان و لقوپۆپی نوێی لێ دەبوونەوە . لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ ی فەرەنسادا، دەیانگوت لەسەدا دەی دەنگەکان بەر ترۆتسکیستەکان کەوتووە. لە وڵاتی باسکەکان رابەری ترۆتسکیستەکانی ئەمریکا " کانۆن" لای خەباتکارانێك زۆر خۆشەویست بوو و وێنەی بەسەر دیوارانەوە دەدیترا ... ئیدی، بـەڵام بە نایەکبوونی بیرو رێکخراوانیان وێ ناچێت هیچیان لە ئاسۆی نیزیکدا لێ چاوەڕوانبکرێت . ( کتێبخانەیەکی ئانارشیستان لە ئەمستەردام، لەپەنا مووزەی ماڵی رێمبرانت، ئەدەبیاتی ئەوانیش و"پێ کاکا" شی دەفرۆشت، من من ماوەیەك سەرم لێ دەدا)، هاتنی پێنجەمیش جارێ باسێکی نیە، ئێستا( لەسایەی رژێمی سۆڤیەتەوە) دەستە-

جاتی بازرگانانی سەرمایەداری، ئاغای موتڵەقی شانۆی ژیانن لە جیهاندا. وا فوکویاما بە مرۆڤ دەڵێت واز لە خەونی دنیایەکی باشتر بهێنن، چونکە تازە ئیتر تەواو، ئەمەکۆتاییەکەیەتی! (کۆتایی مێژوو و دوا مرۆڤ-١٩٩٢). ئێستا کە ئارشیفەکانی رژێمی سۆڤیەت بۆ لێکۆڵینەوە دەکرێنەوە، دەبینین ئەو کۆمونیستە فیرعەونانە چۆن شێت بوون، سەد خۆزگە بە وەحشیگەریی سەدەکانی ناوەندی وکۆنتریش . یەکێك لە دۆکومێنتەکان دەقی قسەی مائۆی لە مۆسکۆ تۆمارکردووە، کە مائۆ تێدا ستالینی هان داوە شەڕێکی ئاتۆمی لە جیهاندا ببێت، تاکو سۆسیالیزم سەربکەوێت! چۆن ؟ بەوە کە نیزیکەی هەموو مرۆڤایەتی لەناودەچێت و، هەر چەند کادرێکی پاك و پوختی کۆمو-نیست دەمێننەوە، ئەوانە ئەوسا دەچن - لەو دنیا لەناوچووەی ژەهراویی ئاتۆمدا - لە دەریادا دوورگەیەکی نوێ بۆ بەهەشتی سۆسیالیزم بۆخۆیان بینادەکەن! ( بۆ ئەو چەند کەسە رێکوپێکە سۆسیالیستە و دوور لە مرۆڤایەتیی کەرو سەگبابی کە تێیاننەگەیشت و هەقی خۆی درایە و بە بۆمبی ئاتۆم قەلاچۆ کرا) .

١٠- دکتۆر وانلی هێندێك لە زانیاریی ئەو دکتۆرنامەیەی ساڵی ١٩٦٥ی بەناوی " شۆڕشی کوردستانی عیراق" بڵاوکردەوە، من ئەوەم لە ئینگلیسیەکەیەوە کردە کوردی و، ئازاد مستەفا- وێڕای کتێبێکی ترم- لە چیا چاپی‌کرد (١٩٨٤) و بە دووسەد دانە ناردی لە سلێمانی بڵاوکرایەوە ) .

١١- پرۆفیسۆر ب . برینیتس، مامۆستای" زانکۆی مارتن لوثر" لە شاری" هالە"ی ئەڵمانیا، لە نووسینێکیدا کە لە گۆڤاری زانستیی ئەو زانکۆیە، ژمارە ١٠/٩ ی ساڵی سێزدەیەم، ١٩٦٤دا بڵاوکراوەتەوە . جەلال تاڵەبانی لە نووسینیدا باسی دەکات و دەیکاتە شاهیدی دڵسۆزیی خۆی و ئیبراهیم ئەحمەد بۆ برایەتیی کوردو عارەب لە دژی کوردی نەتەوەیی جوداییخواز .

١٢- من باسی ئەو رووداوانەم لە نووسینێکمدا کردووە: " دوو فەسڵ لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان"، لە کتێبێکمدا بەناوی " لە نووسراوانێکی قاچاغی قۆناغی خۆیان"- چاپی ٢٠٠٨ .

١٣- بەراوردکردنی" لەت نەکردنی یەك پرۆلیتاریا وەکو ترۆزی" و" الأكراد و العرب" بە" دەوڵەتی کوردستان واتا فاشیزم" ی فەلسەفەی" باکوور باشوور رۆهەلات ئاپۆ سەرۆکێ وەلات"، مرۆڤ بە عەقڵی کورد یەکجار

زۆر بەدبین دەكات .

ئەگەر دەنگێکی نەتەوەیی نەیەتە ئاراوە، ئەم قەومەی ئێمە بە ئەم رابەرانەیەوە بە چی دەگات ؟

١٤- هەرچەندە یەکێك لە ماناکانی وشەی" مصر" لە زمانە سامیەکاندا بریتیە لە" ولات" و، لەعارەبیی ئێستادا بەو مانایە هەیە( الأقطار و الأمصار)، بەڵام ناوی ئەو ولاتە بەناوی" مصرایم" ی کوڕی" حام" ی کوڕی" نوح"ـە. لە ئیسرائیلی ئێستاش ناوی ئەوێشیان - وەکو زۆر شوێنی تر- هەر بە شێوەی کۆنی سامیەکان هێشتووەتەوە و پێیدەڵێن" مصرایم" ( بە ستانداردی خوێندنەوەی ئێستا" متسرایم") . کاتێك عیبرانیەکان چوونە میسر، بەشی ئاوەدانیی دەوروبەری رووباری نیل پێیگوتراوە" کیمی" و بە شێوازێکی تر " خیمی"، واتا ولاتی رەش ( پڕ لە رەشایی خەڵك) و، بیابانەکەش پێیگوتراوە" دیشریت" واتا ولاتی سوور کە تا ئەودەریایە بووە کە ئێستاش هەر بەوناوە (دەریای سوور) ماوە،" مصرایم"یش هەر واتا" دوو ولات " ( پیوەندیی جوغرافیاو ئاینی سامیەکان...) .

١٥- قەومی جوو ،بەگشتی، دووهەزار ساڵێك زمانی ئارامی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و، هەزار ساڵێك عارەبی لە باکووری ئەفریقاو لە سپانیاو پۆرتوغال و، هەزارساڵێکیش" ییدیش"یان لە ئەوروپا کردووە بە زمانیخۆیان . "ییدیش" ( شێوەیەکی وشەی" یوودیش jüdisch"ی ئەڵمانی، واتا " جوو" ) شێوازێکی زمانی ئەڵمانییە و هێندێك وشەی عیبری و ئارامی و زمانە سلاڤیەکانی تێخراوە . بێن یهودا، ساڵی ١٨٨٩ لە قودس شتێکی بە ناوی " کۆمیتەی زمان " دامەزراند( و ساڵی ١٩٠٨ بووە سەرنووسەری یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی عیبری کە لەو ساڵەدا دەرچوو، پێش ئەوە حەفتەنامەیەکی بە عیبری هەبوو ) . کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، بوو بە " ئەکادیمیای زمانی عیبری". ئەو ئەکادیمیایە و وەزارەتی خوێندن، لە چەند ساڵێکدا ملیۆنان کەسیان فێری زمانیعیبری کرد، عیبرییەکی نوێی کە کرا بە ستاندارد. ئەکادیمیا شێوەی خوێندنەوەی پیتەکانیشی بڕیار دا، کە ئیتر دەبوو دەنگە سامیەکانی ع ص ث ق ط یان تێدا وەکو ئەڵمانێك! بگوتایە ( ئـ تســ ســ کـ تـ)، چونکە ئەوە بۆ یەکێتی ئیسرائیل پێویست بوو، چونکە جووی ئەوروپایی پیتە سامیەکانیان وەکو عارەب و جووی رۆژهەلات بۆ نەدەگوترا. قەت تاقە یەك جوو نەبووە ئیعتیراز بگرێت، جووە رۆژهەلاتیەکە بە جووەکانی لە ئەوروپاوە هاتوون نالێت ئێوە دەبێت ئەم دەنگانە فێربن، ئەم زمانە "عیڤری"یە نەك " ئیڤری"، بە عەینی سامی دەنووسرێت و دەبێت فێری خوێندنەوەی بن، نا ، ئەویش بۆ خاتری جووە ئەوروپاییەکە، عەینەکە وەکو ئەڵمانێك دەخوێنێتەوە

( ئیڤری) . ئەكادیمیای نەتەوایەتی وەهای بڕیار داوەو تەواو . زمانی عارەبی (ئێستا خوێندنی لە ئیسرائیل وەكو عیبری ئیجبارییە) و ییدیش و زۆر زمانی تر لە ئیسرائیل بەكاردێن و زۆریش خزمەت دەكرێن، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆرێك لەسەر حیسابی وەزیفەی زمانە ستانداردەكەی عیبریی ئەكادیمیای نەتەوایەتییان نیە،كە هەموو زانست-ـێكی دنیای پێ دەخوێنن .

عیبرانیەكان لەكۆنەوە ئەلف- بێی تایبەتی خۆیان لە نووسینی ئارامی وەرگرتووەو، بۆ ئەوە كێشەیەكیان نیە، پیتە سامیەكان هەر وەكو خۆیان دەنووسن بەڵام بەوشێوەیەیان دەخوێننەوە كە باس‌كرا . بەڵام حاڵەتی سۆمال جیاوازە . سـۆمالیەكان قـەومێكی زۆركـۆنن، هەرچەندە عارەب نین بەڵام ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی سیاسی بوونە ئـەندامی جامیعەی دەوڵەتانی عارەب ( من چەند سۆمالییەك دەناسم، هیچ كامیان قـەت هیچ عارەبییەك فێرنـەبووە) . تـا ساڵی ١٩٧٢ چەند جۆرە ئەلف‌ـبێ‌یان بەكاردەهێنان و ئەوە كێشەیەكی گەورەی نـەتەوایەتیی بۆ نابوونەوە، تا ئەو ساڵە ئەلف‌ـبێ‌یەكی نوێیان لە پیتی لاتین بۆخۆیان داهێناو وازیان لەوانەی پێشوو هێنان ؛ من كە جاری یـەكەم ئەم ئەلف‌ـبێ لاتینە نوێیەیانم دیت، زۆرم لا سەیرو نا عەمەلی و دوورودرێژ بوو، كەچی ئەوان دەڵێن گرنگ ئەوەیە ئێمە ئێستا كێشەمان لەو رووەوە نەهێشتووە، ئێمە ئێستا هەموومان یەك ئەلف‌ـبێ‌مان هەیە، هەموو جۆرە ئەلف-بێ یەكانی پێشوومان واز لێ‌هێناون و، بەمە حەساوینەوە .

نموونەیەكی تریش لە هۆڵەندا، " فریز" قـەومێكن لە ستانێكی بـاكووری هـۆڵەندا ( بە ناوی پادشایەكی مێژووی كۆنیان " فریزۆ Friso")، ستانەكەیان پێشتر بە ناوی " فریزلاند " ( و لە ١٩٩٧/١/١ـەوە : فریزلان Fryslân) و شاری" خرۆنینگن" ( بە ناوی كـەسێكی مەزنی مێژوویان" خرونۆ") مەركەزیەتی . زمانی تایبەتی و فەرهەنگ و نەریتی جیاوازی خۆیان هەیە . زمانی خۆیان زۆر خزمەت دەكەن و شانازیی پێوە دەكەن،بەڵام زمانی‌ستانداردی هـۆڵەندا(هـۆڵەندیی شێوازی" هارلێم"، شارێكی ناوەندی رۆژئاوای هۆڵەندا) یان بە ستانداردی خۆیان قەبووڵ كردووەو هـەموو فێری دەبن و بە هی خـۆیانی دەزانن، چـونكە بە هـەست ئیتر یـەكێك لە قـەومەكانی هـۆڵەندان، كەواتە هـەر شێوازێكی كە ئەكادیمیای هۆڵەندا بە سـتانداردی دانابێت، ئەوان بە هی خۆیانی دەزانن .

ئا لەم هۆڵەندا بچووكە، ئـەگەر زمانی ستانداردی خوێندن و راگەیاندن نـەبوایە، بە زەحمەت خەڵكی دوو ستانیت بدیتنایە كە باش لەیەكتر بگەیشتنایە . من جارێك كەسانێكی هۆڵەندیم دیتن لە نیزیكی منەوە لەنێوان خۆیاندا بە دەنگی بەرز قسەیان دەكرد ،هیچ لێیان تێ‌نـەدەگـەیشتم؛ پرسـیاری دۆسـتێكی هۆڵەندیم‌كرد " ئەرێ ئەوانە دەڵێن چی؟ "، گوتی" چووزانم دەڵێن چی، خودا دەزانێت، هەر نازانم مەوزووعی باسەكەیان چیە!، دەكرێت باسی

فەلسەفەی ئەریستۆ بکەن و دەشکرێت باسی پەنیری هۆڵەندی بێت ". کە گوێیان لەو قسانەی من و دۆستەکەم بوو، یەکێکیان بە پێکەنینەوە گوتی" تەبیعی نازانن ئێمە دەڵێین چی، ئێمە خەڵکی ئێرە نین، خەڵکی شوێنێکی دوورین، بیست کیلۆمیتری تەواو لێرە دوورە!".

١٦- مێژووی" رۆزا لوکسومبورگ" خانم ( جووی پۆڵەندی) کە دەخوێنینەوە، دەبینین بۆخاتری وەدەستهێنانی ناسنامەی ئەڵمانی، مێردی بە کوڕی هەڤاڵێکی کردووە؛ چەندە رۆزا خانم بڕوای بە ناسنامەی نەتەوایەتی هەبووە یا نەبووە، لێرەدا مەسەلە نیە، ئێمە دەبێت - بە کۆمونیستەکانیشمانەوە - پەرەسەندنی واقیعی ژیان بخەینە بەرچاومان. لێنین هەستی بە گیانی زێدە رۆمانسیی رۆزا خانم کردووە. بەڵام کە مرۆڤ ئێستا ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە، دەبینێت بیری ئەو دووانە یەکتریان تەواوکردووە. لێنین پێیوابوو رۆزا لەگرنگیی" مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ" ی نەتەوەکان نەدەگەیشت و، لەجیاتی دەوری مەرکەزیی حیزب، زۆر بیری لای بزووتنەوەی جەماوەر بوو. لەدواییشدا، رۆزا گیانی خۆی لە سەر ئەو جەماوەرە بێ نەزم و حیسابە دانا، وەدووی راپەڕینی دووەمی بەرلینی ١٩١٩ کەوت، لەکاتێکدا کە حیزبە کۆمونیستەکەی نەك هەر رێکی نەخستبوو، تەنانەت هەر ئاگاداری هەڵگیرسانیشی نەبوو، بەڵام پێی وابوو کە دەبوو رەگەڵ جەماوەر بکەوێت. ئەوەبوو دەستەڕاستەکان ( فرایکۆرپس، کە پردی نێوان رایخی دووەمی فریدریك و سێیەمی هیتلەر بوون و بەگوێرەی نەخشەی رێکخراو کاریاندەکرد) گرتیان و بە قۆنداغە تفەنگ کوشتیان، دوای ئەوە بەرگوللەیان دا و فڕێیاندایە جۆگەیەکەوە،لاشە-کەی دوای چوارمانگ و نیو ئەوجا دۆزرایەوە. بەڵام لەسەرێکی ترەوە،" حیزب"ی لێنین بووە دیکتاتۆرییەکی چەوسێنەری پرۆلیتاریاو، لەدواییدا شکستی لە بەرامبەر سەرمایەداریدا. ئەگەر لێنین بمابایە و بیدیتایە چۆن پرۆلیتاری ئەورووپای رۆژهەڵات رابەریی راپەڕینەکانی دژی حیزبی کۆمونیستی دەکردو، جەماوەر پشتیدەگرت، دیواریبەرلینی بۆ دەڕووخاندو تەنانەت بەرەو" ناتۆ"ی دەبرد ،لەوانەبوو ئەویش ئەوسا پتر لە دەوری" جەماوەر"ی بیری رۆزا بگەیشتایە.

١٧- هێنانەوەی نموونەیەك لێرەدا بێ جێ نیە :

لە یەکەم سالانی کە بارزانی و تاڵەبانی کوردیان بە دەستی یەکتر بەکوشت دەدان ( ١٩٦٦-١٩٧٠)، من تەبیعی دەمویست ئەو کارەساتی براکوژییە نەمێنێت و، دەمدیت کە ئەوە دە دەستی مندا بوو.

من له بەغدا، بە رۆژ كارمەند بووم و ئێوارانە دە رۆژنامەی" النور"دا كارمدەكرد( لە بەشی حیساباتی ماڵی)،كە رۆژنامەیعارەبیی جاشێتیی تاڵەبانی بوو لە بەغدا . حیلمیعەلی شەریف سەرنووسەر بوو، برایم ئەحمد كە قەت لە ماڵ دەرنەدەچوو، بەڵام ناو بەناو زەبیحی سەری دەدا و، تاڵەبانی خۆی زۆر بە رێكوپێكی دەهات (هەمیشە بە شەو) و، وەكو رەوشتیهەمیشەی، بە دەموچاوی گەش و قسەی خۆش سەری لەهەموو بەشەكان دەداو وادەبوو لەو ژوورەش دادەنیشت كە من و دوو كەسی تری تێدابووین، یەكێكیان عەبدورەزاق فەیلی بوو( كە قسە هەبوو پێوەندیی نهێنیی بە ئیدریسی بارزانییەوە هەبووبێت، ئێستا لە سوێدە) . بەعسییەك(شێخ جەباری برای شێخ سەتار) مدیری ئیدارە بوو، كە دەمانچەیەكی هەڵدەگرت، چایچییەك كۆنە دەمانچەیەكی پێبوو كە بەگاڵتە پێماندەگوت " قاچەبزن"و پێمان وانەبوو یەك فیشەكی لێ دەربچوایە . جگە لەو دوو دەمانچەیە،تاقە یەك كەسی هەڵەبجەیی كە لەوبەینەدا زۆر ببوو بە دۆستم، یەك كلاشینكۆفی پێبوو و تەواو، وادەبوو كلاشینكۆفەكەم ماوەیەك هەروا لێ وەردەگرت، پێنج یا شەش كەسیتری بێچەك و بەستەزمان هەبوون،یەكێك لەوانە كیژێك بوو شێخ جەبارهێنابووی وكردبووی بە مەئمووری تەلیفۆن .

لەبەرامبەردا من هەبووم و، كۆنترۆڵی بەردەرگا بریتی بوو لە ئەندامێكیكاژێك ( سەلاح سەلام)! . كۆنترۆڵكردنی ئەو بارەگایە لە لەحزەیەكدا، هەر بە خۆم و هەڤاڵەكانم، بە بێ یارمەتیی تریش، یەكجار زۆر هاسان بوو . بەڵام بێ لەوەش، بارەگای رۆژنامە لە كۆڵانێكی تەسكی حەیدەرخانەدا بوو، ئۆتومبیلی تێ نەدەچوو، لەبەرئەوە تاڵەبانی ناچار لە مەیدانی سەراوە بە پێ بە كۆڵانی تەسكدا هاتوچۆی رۆژنامەی دەكرد و، قەت لە یەك دانە كەس پتری لەگەڵدا نەبوو . رفاندنی خۆی و ئەو كەسە لەو كۆڵانەدا شتێك بوو لەبابەتی" ئاوخواردنەوە"، نە زەحمەتر . زۆر بە هاسانی دەكرا پتر لە یەك خانوو لەو كۆڵانەدا بەكرێ بگرین و، بە تاقمێك، تاڵەبانی و ئەو كەسەی لەگەڵیدا ببەینە ژوورەوەو - زۆر بە حەرفی - بیخەینە تەلیسێكەوە . دەكرا بە ساڵان لەماڵێكدا رایبگرین و نەهێڵین لەگەڵ بارزانیدا فوتبۆڵ بە كەللەسەری كوردان بكەن . بەوجۆرە تاقە كەسی ئەو تاقمەی كە شەڕی براكوژیی پێدەكرا لەشارادا نەدەما . ئێ خۆ بارزانی نەدەچوو شەڕ لەگەڵ خۆیدا بكات، چەپڵە بەیەك دەست لێنادرێت، شەڕ دوو لای دەوێت . ئێمە كە دەستمان بە بارزانی نەدەگەیشت، خۆ وا دەستمان بە تاڵەبانی دەگەیشت .

من دەوری دە جار ئەم وەزعەم بە دەستخەتی خۆم نووسیوەو داومە بە " عەبدوڵڵا ئاگرین " ( ئێستا دكتۆر) تاكو بیگەیەنێتە سەرۆكایەتیی كاژێك . ئاگرین كە لە" پاراستن"دا بوو، حەقەن، لەسەداسەد ، بە" محەممەدعەزیز"ی كۆنە كاژێكی سكرتێری ئیدریسی بارزانیی گەیاندووە . كەچی وەڵام هەمیشە ئەوەبوو كە" نەكەن، بۆ خاتری خوا

نەکەن، ئێمە نەخشەی زۆر گرنگ و گەورەمان بەدەستەوەن، ئەو کارەی ئێوە هەمووی تێکدەدا، نەکەن" . جارێك کامیل ژیر خۆی بەتایبەتی هاتە لام و گوتی" ئیسرائیل چۆن شەڕی عارەبی بردەوانێ ؟ بە « موفاجەئە» ( بەسەر-دادانی لەپڕ، غافڵگیر)، ئێمە هێزەکانمان بەگوێرەی نەخشەیەك بۆموفاجەئەیەك ئامادە دەکەین!" . دوایی دەرچوو کە نە نەخشە بەدەستەوەبوون و نە سەرکردایەتی،نە هێزەکان و نە هیچ . هەر دەیویست نەهێڵێت کەس هیچ بکات نەوەکو ئەویش تووشی کێشە ببێت و وەزیفەکەی بچێت و قوماری ئێوارەی یانەی فەرمانبەران وهاتوچۆی سێکس-خانەکان (دواتر تەنانەت لێیکەوتینە گومانەوە کە بووبێت بە پیاوی تاهاجەزراویی جێگرێکی سەددام حوسێن و، و، بیرمان لە کوشتنی دەکردەوە) .

ئەوجا من شانسم هەبووە کە بارەگای بارزانی لای تالەبانی ئاشکرای نەکردووم، چونکە جارێك شتێکی وەها رووی‌دا، چەند کەسێك پیلانێك بۆ کوشتنی تالەبانی دادەنێن، پیلانێکی لە سەداسەد سەرکەوتوو و، پێشەکی بارەگای بارزانیی لێ ئاگاداردەکەنەوە . بارەگای بارزانی بە پەلە-پەل" رەفیق چالاك"یان ناردە لای تاڵەبانی کە لە نەخشەکەی ئاگادار بکاتەوە . دیارە، زیرەکیی زۆری پێ‌ناوێت بزانین نەوشیروان مستەفا ئەوانەی بە چ کەیفێکەوە چۆن کوشتوون . بارزانی و تاڵەبانی، یەکتریان وەکو بیبیلەی چاو دەپاراست، هەر کامەیان وجوودی خۆی دە وجوودی ئەوی تردا دەدیتەوە، تا شەڕی نێوانیان درێژەی هەبێت و هەرتك لا لەو رێگایەوە دەستکەوتیان هەبێت . تالەبانی لە رێگای " نەوشیروان" و" شازاد سایب" و چەند کەسێکەوە توانیبووی پێش بە دروستبوونی رێکخراوێکی نەتەوەیی رەقیبی بارزانی بگرێت، کە ئەوە بۆ بارزانی یەکجار زۆر گرنگ بوو، دوژمنی بارزانی لە کوردستان " جاشی ٦٦" بوو، نەك چەند پێشمەرگەیەکی نەتەوەیی کە بیانتوانیبا کاری وەها بکەن کە شەوق و کاریزما لە بارزانی بدزن و، پەرەسەندنی کۆمەڵگای کورد بە شێوەیەکی تر بڕوات و، لە ئیحتیکاری بنەماڵەی بارزانی دەرچێت . تالەبانیش، هەرچی دەستی دەکەوت هەرتەنیا لەسایەی شەڕی بارزانییەوە بوو .

ئەوەی منێك دەمتوانی بیکەم و ئەوانەی تری کە رەفیق چالاك ناوەکانی بۆ تاڵەبانی بردن، هەر نموونەن، من هەر ئەوەندەم ئاگا لێیە کە چەند کورد دەیانتوانی کۆتایی بەم بازرگانیی کورد بەکورد بەکوشتن دانە بهێنن . کێشەکە ئەوەبوو، رێکخراوێك لەدەرەوەی ئەو دوو لایەنە کوردکوژە نەبوو بیانوەستێنێت . بەنیسبەت من، وەهی کاژیکی چەند خوێرییەك بە ناوی سەرکردایەتیی کاژێك، منیشی وەك زۆر دڵسۆزی تری نەتەوەیی دەستەخەرۆ کردبوو و قۆڵی بڕیبووم، بە نیسبەت ئەوانەی تر خیانەتی بارەگای بارزانی بوو و زۆری تر کە هەر پێ نەزانراون .

ئەو بارە، تا ئیدریس مابوو درێژەی هەبوو . کە ئیدریس نەما، بۆ جاری یەکەم مەسعوود بارزانی بڕیاری دا دەست

لەو گاڵتەیە هەڵبگرێت و، بچێتە سەر تاڵەبانی و کۆتایی پێ‌بهێنێت . لەحزەیەکی هەڵبژاردبوو کە لە سەداسەد دەیتوانی وا بکات ( ئازاد مستەفا هەموو وردەکارییەکانی ئەوەی بۆ روون کردمەوە)، بەڵام ئیستیخباراتی عیراق فریای تاڵەبانی‌کەوت،گۆڕی سەرۆك مستەفا بارزانییان بە سەید رەسووڵ هەڵدایەوە و رووی مەسعوود بارزانییان بەلایەکی تردا شکاندەوە .

دەبینیت پێنج کەسی شانەیەکی نهێنی دەیانتوانی کارێك بکەن کە گیانی هەزاران کوردو ساڵانێکی نەزیفی خوێنی نەتەوە بە کردارێکی شەوێك کۆتایی پێ بهێنن . ئەو شەوە، چەند هەزار چەك و چەکدارو ملیۆنان دۆلاری تاڵەبانی دەبوون بە " سیفر " لە بەرامبەر شانەیەکی " سێ یا چوار کەس"دا، کە دیارە ٣ و ٤ لە سیفر پترە! .

ئەگەر کەسانێکی شۆڕشگێڕی حیرفەیی هەبن، دە- پازدە ساڵێك زۆر بێ‌دەنگ و بەنهێنی ریشەی رێکخراویان توند دە خاکی نەتەوەیاندا بینا بکەن و، بەتایبەتی تۆڕی کاری ئیستیخباراتیان بچێتە ناخی راست و چەپەوە، دوای ئەوە بڕیاری‌گەورە بدەن،یەکجار زۆریان پێ‌دەکرێت (دیارە کاتێك رێبازی بزووتنەوەی کورد دەگۆڕێت، هەر لایەنێکی ئەو رێبازە دەست لە هاوکاریی ئیستیعماری‌عارەب و تورك و فارس هەڵبگرێت و" نەتەوە بوون" ی کورد بکاتە دروشمی، ئەوسا چالاکیی ئیستیخباراتی هاوسەنگەران هەرتەنیا ئیستیعمار دەگرێتەوە، نەك یەکتر) .

تەنانەت نوختە هەرە زەعفەکانی کورد، بەڤوونە دابەش‌کرانی بەسەر چەند دەوڵەتدا، دەکرێت بە ئەوپەڕی قازانجی کاری بگەڕێتەوە، چونکە رێکخراوی نەتەوەیی ئەو سنوورانە ناناسێت، ئەندامانی لە سلێمانی و هەولێرو شام و تاران و ئەستەمبووڵ و چەندین و چەندین شوێنی تر دەبن . دیسان، لێرەشدا هێنانەوەی دوو نموونە بێ‌جێ نیە :

من کە دەچوومە شام، لە ماڵی جەوادی مەلا ( ئێستا دکتۆر؟) دەمامەوەو ئەوەمان بەکەس نەدەگوت وکەس بیری بۆ نەدەچوو . ئەوە بۆ ئێمە دەکرا زۆر کەڵکی هەبوایە و، ئێمە ئەوسا وێکڕا بیرمان بۆ زۆر رێگای خەبات دەچوو . ئێوارانەش وادەبوو بەسەردان دەچوومە لای لە شوێنی کارەکەی، لەکوێ ؟ لە یانەی ئەفسەران!

نموونەکەی تر: دۆستێکم، کوردێکی خەڵکی شارێکی باکوور، لە بەغدا دەیخوێند، ژوورەکەی لە شوێنێك بوو کە هیچ جێگای گومان نەبوو و، من لەوێ سەرم دەدا، هاوسێی بارەگای سەرکردایەتیی قەومیی حیزبی بەعس بوو، هەر دیوارێکیان لەنێواندا بوو، کە بە یەك تونێل لەژێر دیوارەکەوە دەمانتوانی لێیان وەژوور بکەوین . چەندین نموونەی تریش هەن، هەر لە ژیانی یەك تاقە کەسدا کە خۆمم .

١٨- زۆر کەس هەن، هەلومەرجێك فڕێیان دەداتە کۆشی رێکخراوێکەوە و، پێویستیان بە دەستێك هەیە لەوێیان

دەربهێنێت . من لە ریزەکانی جاشەکانی ٦٦دا ، دەستێك بووم، ئـەگەر سەر بە رێکخراوێك و نـەك دەستخەرۆی وەهی کاژێك بوومایە، یەکجار زۆر کارم پێ دەکران،

ئەمەش نموونەیەکی تر :

یـەکێك لەو کەسانەی هەر لە ناو ئەو جاشـانەدا ، من بە کـاژیکەمەوە بەسـتنەوە ، فـەرهاد عەبدولقادر بوو( خاوەنی چاپخانەی ئازاد لە سوێد) . یـەکەمین هەڤاڵی ئەوسای بوو بە فـەرماندەی کەلاری جاشەکانی ٦٦ . فەرهاد خۆی گوتی من و هەڤاڵەکەم دەتوانین دەست بە سەرکەلاردا بگرین . من ئـەوەم بۆ وەهەکە نووسی،" کامیل ژیر" لە سلێمانییەوە بەتایبەتی بۆ ئەوە هاتە لام لە بەغداو کۆمەڵێك پرسیاری هەبوون و ، قەناعەتی هێنا کە دەکرا . گوتی دەبێت لێی بکۆڵینەوە، ... ئەوە ئێستاش لێی دەکۆڵنەوە .

من بۆچی ئەمانە لێرەدا دەنووسم ؟

ئێمە هـەموو مرۆڤی سەر هەمان یـەك زەوین، بـەڵام هی هەمان یـەك دنیا نین، هی زۆر دنیایانی یـەکجار زۆر جیاوازین . من کە ئێستا لە نـووسینەکانمدا ، زۆر شتی رابردووی خۆم ئاشـکرا دەکـەم، بە پێوانەی دنیای خۆم، چاری نـاچاریمە و سـەد خۆزیا نەمدەکرد . ئەگەر من دە رێکخراوێکی مەبەستی خۆمدا بوومایە، قـەت، بە هیچ جۆرێك لە جۆران،کەمترین شتم لێ ئاشکرا نەدەکردو ، لەگەڵ خۆمدا دەنێژران . نەسل بەدووی نەسل لە زۆر وڵاتان لە خزمەتی بیرێکدا ، بەرهەمی کاریان بە میرات دەستاودەست پێ‌کراوە نەك هیچ ناوێك و کەسێك . بەڵام من بۆ بەختی کەچم دە ئەو رێکخراوەدا نیم و ، تەمەنم، لەمەشدا وەکو زۆر شتی تر، رووبەڕووی ئەو پرسیارەم دەکاتەوە : ئەم ئەزموونەی هەمە بە نەبوو دابنێم، یا تا نەمردووم تۆماری بکەم ؟ ماوەیەکی باش بیرم لێ‌کردەوەو ، لەدواییدا بڕیارم دا کە بـڕیارە تـاڵەکە هـەڵبژێرم، تـۆماری بکەم . بۆچی ؟ بۆ ئەوەی ئـەگەر رۆژێك کـوردێك لە شـوێنێك " هـاودنـیـا"ی خۆم بوو و ئەم تۆمارەی دیت، بـەڵکو ئەزموونی من کەڵکێکی بۆ هەبێت . کەسانی هاودنیای من دەزانم ئێستا زۆر نین، بـەڵام ئـەگـەر لە چل ملیۆن کورد ، بیست کەس کەڵکی لێ ببینن، ئەوە سەرکەوتنی زۆری کارەکەم دەگەیەنێت . ئـەگەر تەنیا بۆ یـەك کوردیش بەکەڵك بێت، ئەوا مانای ئەوەیە کارەکەم بەجێ‌بووە .